دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان

50

# دەربارەی
# وەزیفەی گشتی

وەڵام و روونکردنەوەی پەنجا پرس و بابەتی تایبەت بە وەزیفەی گشتییە
لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان و بنەما یاساییەکان و بڕیارە دادوەرکاندا

کتێبی پێنجەم


مافپەروەر
عەبدولقادر ساڵح عەبدول
دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی


٢٠٢١

دەربارەی وەزیفەی گشتی

5

مافپەروەر عەبدولقادر ساڵح عەبدول



مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

# دەربارەی
# وەزیفەی گشتی

وەڵام و روونکردنەوەیە بۆ پەنجا پرس و بابەتی تایبەت بە وەزیفەی گشتی لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان و بنەما یاساییەکان و بڕیارە دادوەرییەکاندا

**( کتێبی پێنجەم)**


**مافپەروەر**

**عەبدولقادر سالح عەبدول**

**دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی**



**سلێمانی ٢٠٢١**

## بەناوی خوای جوانکاری بوونەوەر

====================

- ناوی کتێب : دەربارەی وەزیفەی گشتی

- نووسەر: عەبدولقادر سالح عەبدول

- چاپ: چاپی یەکەم

- چاپخانە: چاپخانەی یاد

- تیراژ: ٥٠٠ دانە

- ساڵ: ٢٠٢١

- ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ١٩٠١) ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە .

مافی لە چاپدانەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێشەکی

سوپاس بۆ پەروەردگاری میهری مەزن کە تەمەن و توانای پێ بەخشینەوە بۆ ئامادەکردن و چاپکردنی کتێبی پێنجەم (**دەربارەی وەزیفەی گشتی**)، وەک پێشتریش روونمانکردۆتەوە کە ئەم زنجیرە پەرتووکە خستنەڕووی ئەو بابەت و پرسانەیە کە رۆژانە رووبەرووی فەرمانبەرانی کارگێڕیی و یاسایی نێو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە یان دەبێتە پرسیار و سەرنج بە لایانەوە ، ئێمەش هەڵمانداوە لە گۆشەنیگایەکی یاسایی و قەزاییەوە شرۆڤە و لێکدانەوەیان بۆ بکەین و راو سەرنجی خۆمانیان لەسەر نیشان بدەین بەشێوەیەکی سادە و کورت وپوخت بە زمانی شیرینی کوردی.

لەکتێبی ئەمجارەدا، بەهەمانشێوەی بەرگەکانی پێشوو لە زۆربەی بوارە جۆراوجۆرەکانی کارگێڕیی و یاسایی پرس و بابەتی جۆراو جۆرمان خستۆتەروو بۆ ئەوەی لە روانگەی ئەو پرس و بابەتانەوە وشیارییەکی یاسایی بڵاو بکەینەوە و بەرچاو رونییەک بدەین بە فەرمانبەرانی ئازیز، ئەمە سەرەرای ئەوەی چەند بەشێکمان تەرخانکردووە بۆ روونکردنەوەی بابەتەکانی تایبەت بە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ کە بەم دواییانە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و یەکێکە لە یاسا گرنگەکانی تایبەت بە رەفتارکردن بە موڵک و ماڵی دەوڵەتەوە .

لەکۆتاییدا، بەپێویستی دەزانم کە سوپاس و پێزانینی خۆم دووپات بکەمەوە بۆ تەواوی ئەو کەس و لایەنانەی هاوکارمان بوون لە بەچاپگەیاندنی ئەم پەرتووکە و دابینکردنی تێچوونی خەرجیەکەی، کە

تەنانەت رازیش نەبوون ناویان بهێنرێت، هیوای هەمیشە سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

هەروەها بە پێویستی دەزانم دووپاتی ئەوە بکەمەوە ئەم بەرهەمانە زادەی هەوڵ و تێکوشان و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی یاسایین و شیاوی رەخنەلێگرتن و هەڵەسەنگاندنن لە هەموو رویەکەوە، بۆیە سوپاسم ئاراستەی تەواوی ئەو خۆشەویستانە دەکەم بە سەرنج و رەخنەکانیان هاوکارمان دەبن لە پێناو گرنگی دانی زیاتر بەم بوارە و بڵاوکردنەوەی زیاتری وشیاریی یاسایی بۆ تەواوی فەرمانبەران لە نێو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

لەگەڵ رێزدا

**مافپەروەر**

**عەبدولقادر سالح عەبدول**

**دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی**

**فەرمانبەر لە دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان/سلێمانی**

**١٦/ئەیلولی ٢٠٢١**

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بڕیاری سزادانی فەرمانبەر | ١ |
| سەپاندنی دوو سزای بەرزەفتکاریی بەسەر فەرمانبەردا و لە پای یەک سەرپێچی | ٤ |
| تانەدان لە بڕیاری دەستپێکێشانەوە و هەواڵەکردن بۆ دادگا | ٦ |
| دواخستنی پێدانی پێشخستنی تایبەت بە سوپاس و پێزانین | ١٠ |
| وەرنەگرتنی دادخوازی (التظلم) لەلایەن فەرمانگەکانەوە | ١٣ |
| هەڵوەشاندنەوەی سزا بەپێی ماددەی (٢١) و ماددەی (١٣)ی یاسای بەرزەفتکردن | ١٦ |
| جارێکی دیکە دەربارەی سزای ئاگادارکردنەوە (التنبیه) | ١٨ |
| تانەدان لەبڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان | ٢٠ |
| سەبارەت بە گرێبەستی فەرمانبەرانی گرێبەست | ٢٣ |
| چۆنیەتی گەرانەوەی نیومووچەی راگیراوی فەرمانبەری دەستپێکێشراوە | ٢٦ |
| مافی خانەنشینی و نەبوونی رەگەزنامە | ٢٩ |
| شکستی فەرمانبەری مۆڵەت پێدراو لە بەدەستهێنانی بڕوانامەکەی | ٣١ |
| شکستی فەرمانبەری راژەی زانکۆی لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا لە حاڵەتی خۆتەرخانکردنی بەشەکی (التفرغ الجزئی) | ٣٤ |
| بەخشینی فەرمانبەر لە پۆستە وەزیفییەکەی | ٣٦ |
| ئایا دەکرێت بڕوانامە بۆ فەرمانبەر ئەژمار بکرێت بێ گۆڕینی ناونیشانەکەی؟ | ٣٨ |
| خانەنشنکردنی فەرمانبەری گرێبەست | ٤٢ |
| دەربارەی پێشخستن (القدم) | ٤٥ |
| گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر بە هۆی تۆمارکردنی داوای یاساییەوە | ٤٧ |
| جێبەجێ نەکردنی بڕیاری دادگا لەلایەن فەرمانگەکانەوە | ٥٠ |
| سزادانی فەرمانبەری پلە تایبەت بە وەکالەت | ٥٣ |
| دەسەڵاتی کارگێڕیی و دەستوردانی لە کاروبارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە | ٥٦ |
| لێوەرگرتنەوەی بڕی مووچە و دەرماڵەی وەرگیراو بە هۆی پێشکەشکردنی بڕوانامەی ساختەوە | ٥٨ |
| فەرمانبەری گرێبەست و ئەژمارکردنی مۆڵەتی کۆکراوە | ٦١ |
| گەشتکردنی فەرمانبەر بۆ دەرەوەی وڵات | ٦٣ |
| تاوانی گەندەڵی بە ئەنقەست و عەزلکردنی فەرمانبەر | ٦٦ |

| | |
|---|---|
| جیاوازی نێوان لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێریی و لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەئەستۆکردن (التضمین) | ٦٨ |
| لیژنەکانی لێکۆڵینەوە و سوێنددانی کەسانی شارەزا (الخبیر) | ٧٢ |
| دەستبەسەراگرتنی ماڵی نەگوازراوەی قەرزار لەلایەن فەرمانگەکانەوە | ٧٥ |
| ئایا سوپاس و پێزانینی زارەکی ئاسەواری یاسایی دەخاتەوە ؟ | ٧٧ |
| دووبارە بوونەوەی فەسڵی وجوبی و عەزلکردنی فەرمانبەر | ٧٩ |
| دەربارەی مۆڵەتی نەخۆشی | ٨١ |
| پەیوەندی نێوان لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی و لێکۆڵینەوەی سزایی | ٨٤ |
| ئیشکالیەتی بەرکاربوونی یاسا وەزیفییەکان و ماددەی (٣٧)ی یاسای راژەی شارستانی بە نموونە | ٨٧ |
| لە کارترازانی ئەو فەرمانبەرەی راژەی دەگوازرێتەوە | ٩٢ |
| بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانی فەرمانبەر | ٩٥ |
| دەربارەی مووچەی خانەنشینی و چۆنیەتی دابەشکردن بەسەر جێنشیناندا(الخلف) | ٩٨ |
| ئایا فەرمانبەری کەفالەتکراو دەتوانێت ببێتە کەفیلی کەسێکی دیکە؟ | ١٠٣ |
| سروشتی یاسایی دەستپێکێشانەوە (الطبیعة القانونیة لسحب ید) | ١٠٦ |
| ئەژمارکردنی ماوەی سەروو (٦٠) رۆژی دەستپێکشانەوەی فەرمانبەر | ١٠٩ |
| مردنی فەرمانبەری دەستپێکێشراوە (مسحوب الید) و مافی خانەنشینی | ١١٤ |
| ئەژمارکردنی خزمەت لە ماوەی مۆڵەتی بێ مووچە | ١١٧ |
| دەسەلاتی تایبەتمەند بە فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت و مەرجەکانی | ١٢٠ |
| دەربارەی لیژنەی خەملاندنی فرۆشتن و بەکرێدان | ١٢٣ |
| دەربارەی لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان | ١٢٨ |
| ئاسەوارەکانی پاشگەزبوونەوە (النکول)لە فرۆشتن و بەکرێداندا | ١٣٠ |
| چۆنیەتی وەرگرتنی کرێی ماڵی نەگوازراوە کە بە زیادکردنی ئاشکرا بەکرێ دراوە | ١٣٢ |
| دەربارەی فەسڵکردنی فەرمانبەر بەپێی حوکمی دادگا | ١٣٥ |
| چۆڵکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بە فەرمانبەری خانەنشینکراو یان راژە گوازراوە | ١٣٨ |
| مەرجەعی تانەدان لە خانەنشینکردنی فەرمانبەری عەزلکراو یان فەسڵکراو یان کۆتایی هێنراو بە راژە | ١٤١ |
| سووککردنی سزا | ١٤٥ |
| سەرچاوەکان | ١٤٧ |

## (١)

## پێكهێنانی لیژنەی لێكۆڵینەوە و بڕیاری سزادانی فەرمانبەر

**بەگوێرەی ئەحكامی ماددەی (١) لە یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، ئەوانەی دەسەڵاتی بەرزەفتكارییان هەیە بریتین لە وەزیر و سەرۆكی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت لەگەڵ سەرۆكی فەرمانگە كە ئەمانە دەگرێتەوە (بریكاری وەزارەت و ئەوانەی پلەی بریكاری وەزارەتیان هەیە و پێكهاتەیەكەی كارگێڕیی بەڕێوە دەبەن وەك سەرۆكی زانكۆ یان پارێزگا ، هەروەها بەڕێوەبەری گشتی و ئەو فەرمانبەرەی كە وەزیری دەسەلاتی سەپاندنی سزاكانی هاتوو لە یاساكەی پێدەدات). لەسەر ئەم بنەمایەش هەر یەك لەوانەی ناویان هات جگە لە فەرمانبەری دەسەڵات پێدراو لەلایەن وەزیرەوە. ئەوا هەموو ئەوانەی دیكەیان راستەوخۆ دەسەلاتە بەرزەفتكارییەكە لە یاساكەوە وەردەگرن[١]. بەڵام فەرمانبەرە دەسەڵاتپێدراوەكە دەسەلاتەكەی تەنها لە وەزیرەوە وەردەگرێت. بە**

---

(١) مەگەربێتوو لەیاسایەكی تایبەتدا ئەو دەسەلاتەیان لێ وەرگیرابێتەوە بۆ نمونە لەماددەی (٢٢)ی یاسای دەستەی دەسپاكی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ دەسەلاتی سزادانی كارگێریی فەرمانبەرانی دەستەكە تەنها كورتكراوەتەوە لەسەرۆكی دەستەكە، لەسەر ئەم بنەمایەش جگە لە سەرۆكی دەستە هیچ لایەكی دیكەی ناو دەستەكە دەسەلاتی سزادانی فەرمانبەرانی دەستەكەیان نییە لە كاتێكدا جێگری سەرۆكی دەستەكە پلەی بریكاری وەزارەتەكە و ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەكە پلەكەیان بەڕێوەبەری گشتییە. یان بەگوێرەی ماددەی (١٩/ حەوتەم) لە یاسای پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، دەسەلاتی وەرگرتنی رێككاری كارگێریی و یاسایی دەرهەق بە فەرمانبەرانی كارگێڕییە خۆجێیەكان لەسەر ئاستی پارێزگا دەسەلاتی دیاریكراوی پارێزگارە و رێگەپێدراو نیە ئەم دەسەلاتە جگە لە پارێزگار بەڕێوەبەر گشتییەكانی ناو پارێزگا كە جێگری پارێزگارن یان قایمقامەكان پیادەی بكەن كە قایمقامەكانیش پلەكەیان بەڕێوەبەری گشتییە .

مانایەکی دیکە تەنها وەزیر مافی پێدانی ئەم دەسەڵاتەی هەیە و سەرۆکی فەرمانگە مافی ئەم دەسەڵات پێدانەی نییە.

هەندێک جار ئەوە بەدیکراوە کە لایەنێک لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنێ بەلام دواتر کۆنووسەکە ئاراستەی سەروو خۆی دەکات بۆ ئەوەی کۆنووسەکە پەسەند بکات و بریار لەپێشنیارەکانی لیژنەکە بدات بەتایبەت گەرپێشنیاری سزادانی تێدابوو، ئەمەش بەو پاساوەی کە ئەو لایەنەی لیژنەکەی پێکهێناوە تەنها دەسەلاتی پێکهێنانی لیژنەی هەیە و دەسەلاتی سەپاندنی سزاکەی نییە، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا دەکرێت ئەم دوو دەسەلاتە لە یەکتر داببرِین ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەرێگەی چەند خاڵێکەوە سەرنجەکانی خۆمان تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** بە گەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەکانی (١) و (١٠/ یەکەم) و (١١)ی یاسای بەرزەفتەکردن ، دەردەکەوێت کە هەموو ئەوانەی لە یاساکەدا ناویان هاتووە، لە یەک کاتدا دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و سەپاندنی سزای بەرزەفتکارییان هەیە بەگوێرەی ئەو دەسەلاتەی لە یاساکەدا دەقی لەسەرهاتووە، تەنانەت فەرمانبەری دەسەڵات پێدراویش لەلایەن وەزیرەوە بە هەمانشێوە دەسەلاتی پێکهێنانی لیژنە و سەپاندنی سزای بەرزەفتکاریی هەیە.

**دووەم:** بەدەر لەوەی لە خاڵی یەکەمدا هات، لە دوو حاڵەتدا دەکرێت ئەم دوو دەسەلاتە لەیەکتر داببرِێن کە لەخوارەوە ئاماژە پێدەدەین:

١- گەرهاتوو لیژنەی لێکۆڵینەوەکە لەلایەن سەرۆکی فەرمانگەوە پێکهاتبوو ، بەڵام لیژنەکە پێشنیاری سزایەکیان بۆ فەرمانبەرەکە کردبوو کە زیاتر بوو لە سزای سەرزەنشتکردن (التوبیخ) ، یان لە ماوەی پێنج ساڵدا فەرمانبەرەکە دوو جار سزا درابوو بە سزای سەرزەنشت و لە جاری سێهەمدا کاتێک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردووە دەرکەوتووە کارێکی کردووە کە شایستەی ئەوەیە جارێکی دیکە سزای سەرزەنشتکردنی بەسەردا بسەپێنرێت ، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە سزای فەسڵکردنی بەسەردا بسەپێنرێت بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٧/ هەشتەم/أ)

**كە ئەم سزايەش بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (١١/دووەم) لە دەسەلاتی سەرۆكی فەرمانگە نییە و دەبێت بخرێتە بەردەستی وەزیر بەمەبەستی سەپاندنی بەسەر فەرمانبەرەكەدا ئەمەش بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (١١/سێیەم ) ، كەواتە لەم بارەدا لیژنەكە سەرۆكی فەرمانگە پێكیهێناوە بەلام وەزیر سزاكە دەسەپێنێت .**

**٢- بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (١٢) لە یاساكە ، گەرهاتوو ئەو فەرمانبەرەی لێكۆڵینەوەی لەگەڵ دەكرا، وەزیفەی بەرێوەبەری گشتی بەرەو سەری بەرێوە دەبرد و لیژنەی لێكۆڵینەوەكەش كە لەلایەن وەزیرەوە پێكهاتبوو پێشنیاری سزایەكیان بۆ كردبوو كە سەرزەنشتكردن (التوبيخ)بوو یان زیاتر بوو، ئەوا لەم كاتەدا وەزیری تایبەتمەند سزاكە پێشنیار دەكات بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لەم كاتەدا بریاردان لە سزاكە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێت لە كاتێكدا لیژنە لەلایەن وەزیرەوە پێكهاتووە .**

**لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە دەردەكەوێت كە دەسەلاتی تایبەتمەند بە سەپاندنی سزای بەرزەفتەكاریی هەمان دەسەلاتی تایبەتمەندە بە پێكهێنانی لیژنەی لێكۆڵینەوە جگە لە هەردوو بەدەركردنی هاتوو لە ماددەی (١١/ سێیەم ) و (١٢/ دووەم) یاساكە ، لەلایەن خۆشیەوە دادگای باڵا كارگێریی لە بڕیارێكیدا كە لەرێكەوتی ٢٠٢١/٢/١٧ دەری كردووە دووپاتی ئەوەی كردۆتەوە كە دەسەلاتی تایبەتمەند بەسەپاندنی سزای بەرزەفتەكاری هەمان ئەو دەسەلاتەیە كە فەرمانی پێكهێنانی لیژنەی لێكۆڵینەوەكەی دەركردووە . و مەرجە لەلایەن ئەو لایەنەوە فەرمانبەرەكە هەواڵەی لیژنەی لێكۆڵینەوە بكرێت و سزا بدرێت و ئەم رێككارانەش لە نیزامی گشتین و رێگەپێدراو نییە سەرپێچی بكرێن[٢] .**

(٢) بریارێكی بڵاونەكراوەیە كە لە پەیجی المكتب الاستشاری فی القانون الاداری لە تۆری كۆمەڵایەتی فەیسبوک دانراوە.

## (٢)

## سەپاندنی دوو سزای بەرزەفتکاریی بەسەر فەرمانبەردا و لە پای یەک سەرپێچی

هەندێکجار دەکرێت روودبات کە دوو سزای بەرزەفتکاریی بەسەر فەرمانبەردا بسەپێنرێت و تەنانەت هۆکاری سزادانەکەش بگەڕێتەوە بۆ یەک کردەوەی فەرمانبەرەکە . ئەمەش رووبەرروومان دەکاتەوە لەگەڵ ئەحکامی ماددەی (٢٠)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ کە رێگەی نەداوە لەسەر یەک کردەوە دووجار فەرمانبەر سزا بدرێت بەسزای بەرزەفتکاریی . بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە لە خوارەوە چەند سەرنجێک تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** کاتێک فەرمانبەر سەرپێچییەکی بەرزەفتکاری دەکات، ئەوا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/ یەکەم و دووەم) لە یاسای بەرزەفتەکردن لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکدەهێنرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت بە گوێرەی ئەوەی لە دەقی بڕگەی دووەمی ماددەی (١٠) داهاتووە و گەر بۆ لیژنەکە دەرکەوت کە فەرمانبەرەکە سەرپێچیەکەی ئەنجامداوە ئەوا لیژنەکە پێشنیاری یەکێک لەو سزایانە دەکات لە ماددەی (٨)ی یاساکەدا دەقی لەسەرهاتووە تا بەسەریدا بسەپێنرێت .

**دووەم:** جگە لەوەی لە خاڵی لای سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بە گوێرەی بڕگەی سێیەمی ماددەی(١٠)ی هەمان یاسا، گەرهاتوو ئەو سەرپێچییەی فەرمانبەرەکە ئەنجامیدابوو تاوانی دەخستەوە لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە یان بەسیفەتە وەزیفییەکەی ئەنجامی دابوو، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە لەسەر لیژنەی لێکۆڵینەوەکە پێشنیاری هەواڵەکردنی فەرمانبەرەکە بکات بۆ دادگای تایبەتمەند، بۆ ئەوەی بەپێی تاوانە سزاییەکەیشی رێکاریی یاسایی دەرهەق بگیرێتە بەر.

**سێیەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە تاوانبار کراو و سزادرا بە سزای لێسەندنەوەی ئازادی (سالبة للحرية) ئەوا لەم کاتەدا دەسەڵاتە کارگێڕییەکە لەبەردەم دوو بژاردەدایە، گەرهاتوو ئەو تاوانەی کە فەرمانبەرەکە

ئەنجامی دابوو یەکێک بوو لە تاوانەکانی ئابڕووبەرو مانەوەی فەرمانبەرەکە لە وەزیفە زیانی بەبەرژەوەندی دەگەیاند گشتی یاخود یەکێک بوو لە تاوانەکانی گەندەڵی بە ئەنقەست بەپێی یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ، ئەوا لەم کاتەدا دەسەڵاتە کارگێرییەکە دەتوانێت سزای عەزلکردن بەسەر فەرمانبەرکەدا بسەپێنرێت سەرەرای ئەوەی پێشتر لەبەرەنجامی سەرپێچییە بەرزەفتکارییەکەیشیەوە سزای بەرزەفتکاری دراوە. بەڵام گەرهاتوو لە تاوانەکانی ئابڕووبەر نەبوو ئەوا لەم کاتەدا دەتوانێت سزای فەسڵکردن بسەپێنێت بەسەر فەرمانبەرەکەدا پاڵپشت بەئەحکامی ماددەی(٨/حەوتەم/ب) لەیاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران .

**چوارەم:** ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراقی لە بڕیارێکیدا بە ژمارە(٢٠٢٠/٦٤ لە ٢٠٢٠/١٠/١١) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە عەزلکردنی فەرمانبەر وەک سزایەکی پاشکۆیی لەبەرەنجامی حوکمدانی بە تاوانی بەرتیلخۆریی و هەروەها پێشتریش سەپاندنی سزایەکی دیکەی بەرزەفتەکاری بەسەر فەرمانبەرەکەدا لەسەر هەمان کردەوە  مانای سەپاندنی دوو سزای بەرزەفتکاریی ناگەیەنێت کە لەسەر یەک کردەوە بەسەر فەرمانبەرەکەدا سەپێنرابێت. لەبەر ئەوەی سروشتی هەردوو سزاکە جیاوازە و وەسفی بەرزەفتکاریی  بۆ ئەو کارەی فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە جیاوازە لە  وەسفە سزاییەکە. لەسەر ئەو بنەمایەش ئەنجومەنی ناوبراو دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئەو دوو سزایە ملکەچ نابێت بۆ حوکمی ماددەی (٢٠)ی یاسای بەرزەفتەکردن کە رێگەی گرتووە لەوەی فەرمانبەر لە پای یەک کار دوو سزای بەرزەفتکاریی بەسەردا بسپەێنرێت .

(٣)

## تانەدان لە بڕیاری دەستپێکێشانەوە و هەواڵەکردن بۆ دادگا

**یەکەم: دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر**

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٧/ یەکەم) ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ڕێگەپێدراوە کە وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە دەستپێکێشانەوە (سحب يد) بکەن بۆ فەرمانبەر بۆ ماوەی (٦٠) ڕۆژ گەرهاتوو هەریەک لەو دوو لایەنە بۆی دەرکەوت مانەوەی فەرمانبەرەکە لە وەزیفە زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت، یاخود کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوتی لێکۆڵینەوە لەو کارەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە . هەروەها بە گوێرەی بڕگەی (دووەم)ی هەمان ماددە، ڕێگە پێدراوە لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیش لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە گەر بە پێویستی زانی پێشنیاری دەستپێکێشانەوەی ئەو فەرمانبەرە بکات کە هەواڵەی لیژنەی لێکۆڵینەوە کراوە .

**دووەم: هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگا**

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/سێیەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت، لیژنەی لێکۆڵینەوە گەر بۆی دەرکەوت ئەو کارەی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە ئەنجامی داوە تاوان دەخاتەوە لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە یان بە سیفەتە وەزیفیەکەی ئەنجامی دابوو، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت پێشنیاری هەواڵەکردنی فەرمانبەرەکە بکەن بۆ دادگای تایبەتمەند .

لەسەر بنەمای هەردوو خاڵی لای سەرەوە . ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا تاچەند ڕێگەپێدراوە تانە لە بڕیاری دەستپێکێشانەوە بدرێت لەو دوو حاڵەتەی لای سەرەوە باسکرا؟ بە هەمان شێوە سەبارەت بە بڕیاری هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند، لە خوارەوە هەوڵدەدەین بە چەند خاڵێک ڕوونکردنەوە لەم بارەیەوە بدەین:

**یەکەم:** تانەدان لەبڕیاری دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر. لەروانگەی قەزاییەوە بەپێی ئاراستەی نوێی قەزای کارگێریی لە عێراق ڕێگەپێدراوە و دەکرێت فەرمانبەر تانە لە بریاری دەستپێکێشانەوەکەی بدات. هەرچەند لەسەرەتاوە قەزای کارگێڕیی پێداگری لە سەر ئەوە دەکردەوە کە بڕیاری دەستپێکێشانەوە بەجێهێڵراوە بۆ وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە و ئەنجومەنی بەرزەفتکاری گشتی چاودێری مەشروعیەتی ئەم جۆرە بریارانە ناکات[٣]. بەڵام دواتر بە گوێرەی ئەو داوایانەی کە لەبەردەم قەزای کارگێڕیی تۆمارکراوە. ئەم قەزایە لەسەر مەشروعیەتی بریاری دەستپێکێشانەوە وەستاتەوە و بریاری خۆی لە بارەیەوە داوە .

**دووەم:** لەروانگەی فیقهیەوە . بۆچوونە فیقهییەکان پاڵپشت بە ماددەی (١٠٠)ی دەستوری عێراق. جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕێگەپێدراوە تانە لەبریاری دەستپێکێشانەوە بدرێت .

**سێیەم:** دەربارەی راوەستانی جێبەجێکردنی (وقف تنفیذ) بڕیاری دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر. ئەوا ڕێگە پێدراو نیە داوای راوەستانی جێبەجێکردنی ئەم جۆرە بڕیارانە بکرێت. لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی بریاری دەستپێکێشانەوە نابێتە هۆی خستنەوەی کۆمەڵە دەرنجامێک کە نەتوانرێت درک بکرێت یان ئاسەوارەکانی لە داهاتودا رابماڵرێت[٤].

**چوارەم:** لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە خرایە روو. بەبروای ئێمە تانەدان لە بڕیاری دەستپێکێشانەوە ئەگەر وەک بنەمای گشتی ڕێگەپێدراو بێت. ئەوا لەروانگەی کردارییەوە جەدوای نابێت. چونکە یاسادانەر ماوەی

---

[٣] بڕیاری ژمارە (٣٦٧/ ٧٧ لە ١٩٧٧/١٢/٣١ ، بلاوکراوەتەوە لە : د. غازي فيصل مهدي، شرح قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل، بغداد، ٢٠٠٦، ص٧٥.

[٤] د. غازی فیصل مهدی، بابەتێکی بڵاوکراوە بە ناوی (سحب يد الموظف)کە لە واڵی شەخسی خۆی بڵاوی کردۆتەوە

دەستپێکێشانەوەکەی دەستنیشانکردووە بە (٦٠) رۆژ و لەو کاتەشدا کە تانە لە بڕیارەکە دەدرێت، بە هۆی سروشتی رێککارەکانی تۆمارکردنی داوا و وادەی دادبینییەکان و پێداچوونەوەی حوکمەکان، رەنگە کاتەکانی یەکلاکردنەوەی داواکە چەند هێندە زیاتر بخایەنێت لە ماوەی دەستپێکێشانەوەکە، لەم کاتەشدا کاتێک کەماوەی دەستپێکێشانەوەکە کۆتایی هات، ئەوا چیدی بابەتی داواکە نامێنێ و جەدوای نامێنێ لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەستپێکێشانەوەکە.

**پێنجەم:** دەربارەی بڕیاری هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند، ئەوا لەلایەن خۆیەوە قەزای کارگێڕیی ئەم جۆرە بڕیارانەی بەبڕیارێکی کۆتایی دانەناوە کە شیاوی تانەلێدان بێت، لەم بارەیەشەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای عێراق لە بڕیارێکیدا بە ژمارە (٢١٢/ بەرزەفتکاریی / پێداچوونەوە لە ٢٠٠٩/٧/٢٢) [٥] جەختی لەوە کردۆتەوە کە بڕیاری هەواڵەکردن بۆ دادگا ملکەچ نییە بۆ پەڵپگرتن لەبەردەم ئەنجومەنی بەرزەفتکاری گشتی چونکە لە بڕیارە کۆتایی و یەکلاکەرەوەکان نیە و هیچ زیانێک لەسەر فەرمانبەرەکە ناخاتەوە ، لەبەر ئەوەی فەرمانبەرەکە مافی هەیە تانە لە بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە بدات گەرهاتوو بڕیارێکی لە دژ دەرکرد .

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە باسکرا و بەبڕوای ئێمە ، گەر رێگە پێدراو بێت تانە لەبڕیاری دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر بدرێت لە حاڵەتی دەستپێکێشانەوەی جەوازی بە پێی ماددەی (١٧)ی یاسای بەرزەفتەکردن، ئەوا لەروانگەی کردارییەوە رەنگە داواکە جەدوای ئەوتۆ نەدات بە دەستەوە ئەمەش بە هۆی کورتی ماوەی دەستپێکێشانەوەکە بەراورد بەو ماوە زەمەنییەی کە رێککارەکانی تۆمارکردنی داوا و دادبینیکردن و یەکلابونەوەی داواکە دەیخوازێت، بەڵام سەبارەت بە تانە دان لە بڕیاری هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند، ئەوا ئەمەشیان لە پێداویستییەکانی کاری لیژنەی لێکۆڵینەوە و

---

[٥] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠٠٩، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٠، ص٢٣٩٥

خودی ئەو دۆسیەیە کە فەرمانبەرەکە بە هۆیەوە  لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت و هەر بریارێک لەم بارەیەوە دەرهەقی فەرمانبەرەکە دەربچێت لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە شیاوی تانە لێدان دەبێت، بۆیە بەبروای ئێمە فەرمانبەرەکە لە پێگەیەکی ئەوتۆدا نیە تانە لەم جۆرە بریارانە بدات بە هۆی ئەوەی کە پێگە یاساییەکەی زیانی بەر نەکەوتووە لەبەرەنجامی ئەم هەواڵەکردنەوە .

## (٤)

# دواخستنی پێدانی پێشخستنی تایبەت بە سوپاس و پێزانین

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢١) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، کاتێک سوپاس ئاراستەی فەرمانبەر کرا، ئەوا بەحوکمی یاسا، سوپاسەکە ئاسەواری خۆی دەخاتەوە ، ئیتر چ بە پێدانی پێشخستن بێت یان بە هەڵوەشاندنەوەی سزا یاخود بە کەمکردنەوەی مانگەکانی دواخستنی پلەبەرزکردنەوە، ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێین، بریتییە لەو حاڵەتەی گەرهاتوو فەرمانبەر سوپاسی ئاراستەکراو و شایستەی پێشخستن دەبوو، بەڵام بە هەر هۆیەک بێت لە هۆیەکان، فەرمانگەکەی پێشخستنەکەی پێنەدا و چەند ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی، ، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە چارەنووسی ئەو سوپاسە چی لێدێت و چۆن بۆی ئەژمار دەکرێتەوە ؟ لەم بەشەدا لەرێگەی چەند سەرنجێکەوە هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم بابەتە بدەینەوە:

**یەکەم:** خستنەوەی ئاسەواری سوپاس و پێزانین، بە حوکمی یاسا دەبێت، بەو مانایەی گەرهاتوو سوپاسەکە بەو جۆرەی لە یاساکەدا هاتوو ئاراستەی فەرمانبەرکرا، ئەوا لەم کاتەدا، ئاسەوارەکە دەکەوێتەوە با دەسەلاتە کارگێڕییەکەش بە بڕیارێکی ئاشکراکار (کاشف) ئاسەوارەکەی جێبەجێ نەکردبێت، یان هەر لە بنەرەتدا کاری بە ئاسەواری سوپاسەکە نەکردبێت، بەمجۆرەش مافەکە بە حوکمی یاسا بۆ فەرمانبەرەکە جێگیردەبێت و بە تێپەڕبوونی کات مافەکە نافەوتێت.

**دووەم:** گەرهاتوو لەبەرەنجامی هەڵەی فەرمانگەکەوە ، ئاسەواری سوپاسەکە بۆ فەرمانبەرەکە جێبەجێ نەکرابوو وەک ئەوەی پێشخستنەکەی پێنەدرابوو، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە هەڵەی فەرمانگەکەی ناگرێتە ئەستۆ کە لە کاتی خۆیدا و لە ساڵی خۆیدا، پێشخستنەکەی پێنەداوە، چونکە ئەم هەڵەی فەرمانگەکە دادگەریی نییە بەرامبەر فەرمانبەرەکە و پێزانین نییە بەرامبەر

ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە لە کارە وەزیفییەکەیدا، هەروەک لەلایەن خۆیەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە بڕیاری ژمارە (٤٢٧/بەرزەفتەکردن/ پێداچوونەوە/٢٠١٢) جەختی لەسەر ئەم بابەتە کردۆتەوە[٦].

**سێیەم:** گەرهاتوو لەو ساڵەی کە سوپاسەکە ئاراستەی فەرمانبەرەکە کرابوو، پێشخستنەکە نەدرابوو بە فەرمانبەرەکە و لە هەمانکاتدا چەند ساڵێک تێپەڕی بوو، کە بێگومان لەگەڵ تێپەربوونی ساڵەکانیشدا، بڕی سەرمووچەی فەرمانبەرەکەش گۆرانی بەسەردا دێت، ئەوا ئەژمارنەکردنی ئاسەواری سوپاسەکە لەو ساڵەی کە تیایدا ئاراستەی فەرمانبەر کراوە رێگر نییە لەوەی فەرمانگەکە پێشخستنەکە بدات و سەرمووچەکە راستبکاتەوە لەوساڵەی کە تیایدا سوپاسەکە ئاراستەی فەرمانبەرەکە کراوە، چونکە سوپاس و پێزانین ئاسەوارەکانی خۆی لەو ساڵەدا دەخاتەوە کە تیایدا ئاراستەکراوە، هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٣/٣٠) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە[٧] .

**چوارەم:** گەرهاتوو فەرمانگەی فەرمانبەرەکە مکوڕبوو لەسەر ئەژمارنەکردنی ئاسەواری سوپاسەکە ، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە مافی هەیە پەنا بباتە بەر دادگای تایبەتمەند بۆ پابەندکردنی فەرمانگەکەی بە ئەژمارکردنی ئاسەواری سوپاسەکە و پێدانی پێشخستنەکە، ئەم جۆرە داوایە ماوەی تانەلێدانی نیە و لەگەل بەردەوام بوونی فەرمانگەکە لەسەر ئەژمارنەکردنی ئاسەواری سوپاسەکە، ئەوا ماوەی تانەلێدانی داواکەش نوێ دەبێتەوە و لە هەمانکاتدا چارەنووسی

---

[٦] "عدم احتساب القدم للموظف الممنوح كتاب شكر و تقدير وقت استحقاقه يعد خطأ اداريا لاينبغي ان يتحمله الموظف و لايعد انصافا و تقديرا لجهوده المبذولة في خدمة العمل الاداري".
قرار منشور فی موقع وزارة العدل العراقية:https://moj.gov.iq/view.343 /

[٧] "**يرتب الشكر أثره بالقدم في سنة العلاوة التي صدر فيها**". قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٤، ص٨٠

داواکە هەمیشە لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەکە تەواودەبێت، چونکە خۆگرتنەوەی (امتناع)ی فەرمانگەی فەرمانبەرەکە لە پێدانی پێشخستنەکە، بریارێکی نەرێنی(سلبی) یە و لە چوارچێوەی دەسەلاتی کۆتوبەندکراوی ئیدارەدایە و تەنانەت فەرمانبەرەکە مافی قەرەبووکردنەوەیشی بۆ دروست دەبێت لە پای ئەم خۆگرتنەوەیەی فەرمانگەکەی .

## (٥)

## وەرنەگرتنی دادخوازی (التظلم) لەلایەن فەرمانگەکانەوە

ڕەنگە هەندێکجار فەرمانبەر ڕووبەرووی ئەو گرفتە ببێتەوە کە وەزارەت یاخود ئەو فەرمانگەیەی کە بڕیارێکی دەرهەق دەرکردووە ئیتر چ بڕیاری سزادان بێت یان بریاری لەئەستۆکردن، ئامادە نەبێت دادخوازییەکەی لێ وەربگرێت یاخود بەڵگەیەکی پێبدات کە بیسەلمێنێ دادخوازی پێشکەشکردووە، بێگومان ئەمەش فەرمانبەرەکە دەخاتە دۆخێکی دژوارەوە، چونکە ئەرکی سەلماندنی پێشکەشکردنی دادخوازی دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانبەرەکە لەبەردەم قەزای کارگێڕیدا. هەربۆیە لەلایەن خۆیەوە دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان بە نوسراوی ژمارە (٤١) لە ٢٠٢٧/٢/١٠ کە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کردووە تا گشتاندنی پێ بکرێت بۆ سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت وریایی داوە بە وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لە وەرنەگرتنی دادخوازی و جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئەم وەرنەگرتنی دادخوازییە تاوان دەخاتەوە بەگوێرەی یاسای سزادانی عێراقی، لە درێژەی نوسراوەکەیدا دەستەی ناوبراو دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە خۆگرتنەوەی (امتناع)ی فەرمانبەری بەرپرس لە وەرگرتنی دادخوازی (التظلم) بریتییە لە وەستاندن (وقف) و پەکخستنی (تعطیل) حوکمی یاسا، لەبەر ئەوەی یاسادانەر لە یاسای تایبەتمەندا دەقی لەسەر دادخوازی هێناوە وەک مافێکی فەرمانبەری گشتی و کەسی پەیوەندیدار و هەروەک مەرجێکی شکلیشیە بۆ تۆمارکردنی داوا لەبەردەم دادگای تایبەتمەند کە ئەم وەستان و پەکخستنەش لە حاڵەتی سەلمێنرانیدا ئەوا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/٣٢٩) لە یاسا ی سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ تاوان دەخاتەوە و بە هۆیەوە فەرمانبەر یاخود راسپێراو بە راژەی گشتی سزادەدرێت بە بەندکردن (حبس) و غەرامەکردن، هەروەک بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/حەوتەم) لە یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ ئەم وەستان و

پەکخستنەی لە ماددەی (٣٢٩)ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە بە تاوانی گەندەڵی دادەنرێت ..... لەبەشێکی دیکەی نوسراوەکەیدا دەستەی دەسپاکی هەرێمی کورستان جەختی لەوە کردۆتەوە کە وەرنەگرتنی دادخوازی لەلایەن فەرمانبەری بەرپرسەوە یاخود پێنەدانی بەڵگەیەک بەوەی دادخوازی پێشکەشکردووە.بە هەمانشێوە بەرپرسیاری بەرزەفتکاریی دەخاتەوە و سەرپێچی ئەحکامی بڕگەکانی (یەکەم و پێنجەم و دوازدەیەم)ی ماددەی (٤)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتییە ئەمە سەرەرای ئەوەی کە سەرپێچی ماددەی (١٠/پێنجەم)ی رێنمایی رەفتاری پیشەیی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستانە و لەم جۆرە حاڵەتەشدا فەرمانبەری بەرپرس رێککاری یاسایی دەرهەق دەگیرێتە بەر بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی .

لەسەر بنەمای ئەوەی خرایە روو و بە گوێرەی نوسراوی ئاماژە پێکراوی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان، وەرنەگرتنی دادخوازی لەلایەن وەزارەت یان ئەو فەرمانگەیەی کە سزای فەرمانبەرەکەی داوە . بەرپرسیارێتی سزایی و بەرپرسیارێتی بەرزەفتکاری دەخاتەوە بۆ فەرمانبەری بەرپرس و پێویستە بە وریایی مامەڵە لەگەل ئەم بابەتەدا بکەن و مافی تەواوی فەرمانبەر بدەن لە پێشکەشکردنی دادخوازی و پێدانی بەلگە بەوەی دادخوازی پێشکەشکردووە .

بەلام گەرهاتوو وەزارەت یان فەرمانگە پەیوەندیدارەکە هەر سووربوو لەسەر وەرنەگرتنی دادخوزاییەکە و یان پێ نەدانی بەڵگەی پێشکەشکردنی دادخوازییەکە بە فەرمانبەرەکە، ئەوا فەرمانبەرەکە دەتوانێت لەرێگەی دادنوسەوە دادخوازیەکە بگەیەنێتە فەرمانگەکەی، وەرگرتنی پسولەی ئاگادارکردنەوەکەی دادنوس لەلایەن فەرمانبەری فەرمانگەکەوە دەبێتە بەڵگەی پێشکەشکردنی دادخوازییەکە، لەم بارەیەشەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای

**هەرێم لە بڕیارێکی پێداچوونەوەدا[٨] ئاماژەی بەوەداوە کە هیچ رێگرییەک نییە لەوەی دادخوازی لەرێگەی دادنووسەوە لە ژێر ناونیشانی دادخوازی ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت لەبری ئەوەی لە ژێرناوی هۆشداری پێداندا بێت. لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارەدا، فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی لە میانەی نووسراوێکیدا بە ژمارە (٣٧٧ لە ٢٠٢١/١/٢٥) ئاماژەی بەوەداوە کە داواکاری تایبەت بە بابەتی دادخوازی کارگێڕیی (التظلم الإداري) لەرێگەی فەرمانگەی دادنووسیەوە دەکرێت بە شێوەی (دادخوازی) بێت نەک هۆشداری (الانذار) و رسوماتەکەی هاوشێوەی روسوماتی هۆشداری دەبێت... بۆیە پێویستە هەر هاوڵاتییەک کە سەردانی هەر فەرمانگەیەکی دادنووسی کردبۆ ئەنجامدانی ئەم مامەڵەیە ئەوا پێویستە مامەڵەکەی بۆ ئەنجام بدرێت بەڵام بە شێوەی (دادخوازی) نەک بە شێوەی هۆشداری.**

---

[٨] قرار رقم (١٥٢/ الهيئة العامة / ادارية/٢٠١٩ فی ٢٠١٩/١٢/٥ ) قرار غير منشور .. **جاء فی حيثيات القرار :... وضمانا لحق الأفرار في التقاضي و مخاصمة الحكومة عند امتناع عن استلام التظلمات المقدمة لها، فلايوجد مانع قانوني من تقديم التظلمات عن طريق الكاتب العدل تحت مسمى التظلم وليس الإنذار**... بڕیارێکی بڵاونەکراوە..دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێم لەم بڕیارەیدا، تایبەتمەندییەکی بۆ تایبەتمەندییەکانی دادنوس زیادکردووە کە یاسای دادنوسان دەقی لەبارەوە نەهێناوە و لەم روانگەیەشەوە بڕیارەکە سەرنجی یاسایی هەڵدەگرێت و رێککارەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە .

## هەڵوەشاندنەوەی سزا بەپێی ماددەی (٢١) و ماددەی (١٣)ی یاسای بەرزەفتکردن

لەفەرمانی وەزاریی یەکێک لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بڕیار دراوە بەهەڵوەشاندنەوەی سزای سەرنجڕاکێشانی یەکێک لە فەرمانبەرانی وەزارەتەکە پاڵپشت بە ئەحکامی هەریەک لە ماددەکانی (٢١) و (١٣)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی١٩٩١ی هەمووارکراو .

بەسەرنجدان لەم فەرمانە وەزارییە، بۆمان دەردەکەوێت کە وەزارەتەکە لەرووی سەنەدی یاسای فەرمانەکەیەوە پشتی بە دوو مادەی یاسای بەرزەفتەکردن بەستووە کە پێکەوە کۆکردنەوەیان دژ یەک دەوەستێتەوە لەگەل ئەو ئاسەوار و مەرجانەی کە هەریەک لەو دوو ماددەیە لە خۆی دەگرن، لە خوارەوە لە سەر هەدوو ماددەکە دەوەستین و روونکردنەوە دەدەین:

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی سزای بەرزەفتەکاری فەرمانبەرەکە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢١) لە یاسای بەرزفتەکردن، کاتێک دەبێت کە فەرمانبەرەکە سزای سەرنجراکێشانەکەی ئاراستە کرابێت و ئاسەواری سزاکەی لەسەر جێبەجێ نەکرابێت، بەو مانایەی کە پلەبەرزکردنەوەی بەسەردا نەهاتبێت، بەڵکو لە پاش سزادانەکە، سوپاس و پێزانینی ئاراستەکرابێت و دواتر وادەی پلەبەرزکردنەوەی هاتبێتە پێشەوە، لەم کاتەشدا، هەڵوەشاندنەوەی سزاکە بە حوکمی یاسا دەبێت و دەسەلاتە کارگێڕییەکە پاڵپشت بە سوپاسەکە دەبێت سزاکە هەڵوەشێنێتەوە با سزاکەش لەلایەن وەزیرەوە ئاراستەی فەرمانبەرەکە کرابێت، و سوپاسەکەش لەلایەن ئەو فەرمانبەرەوە ئاراستەی کرابێت کە وەزیر دەسەڵاتی پێداوە، بەڵام لێرەدا هەڵوەشاندنەوەکە بە حوکمی یاسا دەبێت و پێویستی بە وەرگرتنی رەزامەندی وەزیر نییە بۆ هەڵوەشاندنەوەکە هەروەک لەلایەن خۆیەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە عێراق لە بریاری ژمارە (٢٠١٥/٦٨ لە ٢٠١٥/٧/٦) دووپاتیکردۆتەوە و تەنانەت بریاری

هەڵوەشاندنەوەکە بەبڕیارێکی ئاشکراکار (کاشف) دادەنرێت و گەر دەسەلاتە کارگێڕییەکەش بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکەش دەرنەکات ئەوا سزاکە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت .

**دووەم:** هەڵوەشاندنەوەی سزا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٣)ی یاسای بەرزەفتەکردن، بە پێی چەند مەرجێکە کە یاساکە دەقی لەسەر هێناوە وەک تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دەرچوونی بڕیاری سزادانەکەدا و هەروەها دەبێت لەو ماوەیەدا فەرمانبەرەکە بە شێوەیەکی جیاواز و زۆر باش کارەکانی وەزیفەکەی ئەنجام دابێت و هەروەها نابێت لەو ماوەیەدا سزا درابێت، هەروەک دەرکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەکە لەلایەن وەزیرەوە بڕیارێکی دروستکارە (منشأ)و ملکەچە بۆ دەسەلاتی مەزندەکردن (تقدیری) و دەکرێت بڕیاری سزادانەکەش هەڵنەوەشێنێتەوە با هەموو مەرجەکانیش بە دیهاتبن.

**سێیەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر پاش سزادانەکەی سوپاسی ئاراستە کرابوو، ئەوا لەم کاتەدا بە حوکمی یاسا شتێک نامێنێتەوە بە ناوی سزاوە تا وەزیری تایبەتمەند بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٣)ی یاساکە هەڵیوەشێنێتەوە هەروەک لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵا کارگێریی ژمارە (٥٢٣/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە/٢٠١٣ لە ٢٠١٤/٨/٢٨) جەختی لەسەرکردۆتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا سزاکە بە حوکمی یاسا و بەپێی سوپاس و پێزانینەکە هەڵوەشاوەتەوە، ئیتر جائیز نییە وەزارەتی تایبەتمەند بگەڕێتەوە بۆ ماددەی (١٣) و دووبارە بڕیار بدات بە هەڵوەشاندنەوەکەی سزاکە، چونکە لێرەدا دژ یەکی لە نێوان هەردوو ماددەکەدا دروست دەبێت .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە خرایە ڕوو، ڕێگەپێدراو نییە لە یەک فەرماندا، وەزیر بڕیار بدات بە هەڵوەشاندنەوەی سزای سەرنجراکێشان پاڵپشت بە ماددەی (٢١) و ماددەی (١٣)ی یاسای بەرزەفتەکردن و کۆکردنەوەی ئەو دووماددەیە وەک سەنەدی یاسای بڕیارەکە، تێنەگەیشتنە لە دەقی هەردوو ماددەکە و ئاسەوارە یاساییەکانی و پێویستە لەم جۆرە حاڵەتانەدا وەزارەتەکان بە وردی دیراسەی بڕیارەکانیان بکەن و ئەو کات بڕیار دەربکەن .

## (٧)

## جارێکی دیکە دەربارەی بەناو سزای ئاگادارکردنەوە (تنبیە)

لەلاپەرە (٤٧)ی بەرگی یەکەمی دەربارەی وەزیفەی گشتی باسمان لەوە کردبوو کە سزایەک نییە لەرووی یاساییەوە بەناوی ئاگادارکردنەوە (تنبیە) و لەرووی یاساییەوە ئەم جۆرە بە ناو سزادانە پێچەوانەی حوکمەکانی ماددەی (٧) و (٨)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراوە لەرووی مامەڵەکردن لەسەرپێچییە بەرزەفتکارییەکان وخودی سزاکانی هاتوو لە یاساکە و ئاسەوارەکانیشیان ، لەم روانگەیەشەوە دروست نییە لە حاڵەتی سەرپێچی فەرمانبەردا دەسەڵاتی کارگێڕیی پەنای بۆ ببات.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت هەڵوێستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە لە حاڵەتێکدا دەسەڵاتی کارگێڕیی ئاگادارکردنەوەی لەم چەشنەی ئاراستەی فەرمانبەرێک کرد،چ کاریگەرییەک دروست دەکات لەسەر فەرمانبەرەکە، بە تایبەت گەرهاتوو پێشتر فەرمانبەرەکە سزای بەرزەفتەکاری درابوو، دواتر فەرمانبەرەکە بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٣)ی یاساکە داوای کردبوو کە سزاکەی لەلایەن وەزیرەوە هەڵوەشێتەوە ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە خوارەوە بە دوو خاڵ و لەبەر رۆشنایی بڕیارێکی راوێژکاری ئەنجومەنی شورای دەوڵەت بە ژمارە (١٤/١٩٨٤ لە ٨/٥/١٩٨٤) [٩]:

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٣) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی وەزیری تایبەتمەند دەتوانێت هەریەک لەسزاکانی (سەرنجراکێشان و هۆشیارکردنەوە و مووچەبڕین و سەرزەنشتکردن)

---

[٩] د. عبدالرسول الجصانی، فتاوی مجلس شوری الدولة ١٩٨٠ – ١٩٨٤ ، منشورات مركز البحوث القانونية، بغداد، ١٩٨٧، ص١٢٢.

هاتوو له ماددەی (٨)ی یاساکە هەڵوەشێنێتەوە کەسەپێنراوە بەسەر فەرمانبەردا گەرهاتوو:

- ماوەی ساڵێک تێپەری بوو بەسەر سەپاندنی سزاکە.
- فەرمانبەرەکە لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی زۆرباش ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام دابوو.
- لەو ماوەیەدا هیچ سزایەکی بەرزەفتەکاریی نەسەپێنرابوو بەسەریدا.

**دووەم:** کرۆکی بابەتەکە لەوەدایە گەرهاتوو لە ماوەی ساڵەکەدا ، فەرمانبەرەکە ئاگادارکردنەوە (تنبیە) ی ئاراستە کرابوو، کە لە بنەڕەتدا سزا نییە، ئایا ئەم ئاگادارکردنەوەیە دەبێتە هۆی لە دەستدانی یەکێک لە مەرجەکانی هەڵوەشاندنەوەی سزاکە و دواجار ببێتە هۆی هەڵنەوەشاندنەوەی سزاکەی ؟ لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شوای دەوڵەت لە بڕیاری ئاماژە پێکراوی لای سەرەوەدا دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئاگادارکردنەوەی (تنبیە) ی فەرمانبەر ناگاتە ئاستی سزای بەرزەفتەکاری دەق لەسەرهاتوو لە یاسای بەرزەفتەکردن و تەنها بریتییە لە رێککارێکی کارگێڕیی کە لە رێگەیەوە سەرۆکی فەرمانگەکە سەرنجی فەرمانبەرەکە رادەکێشێت بۆ ئەوەی ئەرکەکانی سەرشانی بەشێوەیەکی رێک و پێک ئەنجام بدات و دەسەڵاتە کارگیرییەکە هەر کات بیەوێت دەتوانێت ئەم ئاگادارکردنەوەیە بکشێنێتەوە یان هەڵیوەشێنێتەوە گەرهاتوو پاساوێکی بۆهاتە پێشەوە ، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەنجومەنی ناوبراو دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئاراستەکردنی ئاگادارکردنەوە (تنبیە) بۆ فەرمانبەر بە رێگری یاسایی دانانرێت لە هەڵنەوەشاندنەوەی سزای بەرزەفتەکاریی لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوە و بە گوێرەی ئەحکامی یاساکە گەر هاتوو خزمەتی فەرمانبەرەکە جێگەی رەزامەندی بەرێوەبەرەکەی بوو هەروەها وەزیری تایبەتمەندیش رەزامەندی لەسەر دەربڕی بوو.

(٨)

## تانەدان لەبڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان

یاسادانەر لەماددەی (١) لەیاسای وەرگرتنی قەرزە حکومییەکان ژمارە(٥٦)ی ساڵی١٩٧٧ چەند جۆرێک قەرزی دەستنیشان کردووە کە دەکرێت دەسەڵاتی کارگێڕیی بە پێی حکومەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان و بێ پەنا بردنە بەر دادگا بۆ دەرکردنی بڕیاری دادوەریی لەو بارەیەوە و هەروەها پەنا بردنە بەر فەرمانگەی جێبەجێکردن تا بە بریاری جێبەجێکاریی داد (منفذ العدل) وەریان بگرێتەوە . هەروەک لە ماددەی (٢) ی یاساکەشدا ئەو لایەنانەی دەستنیشانکردووە کە پیادەی دەسەڵاتەکانی جێبەکاری داد دەکەن، بەم جۆرەش یاسادانەر وەک بەدەکردرنی لەسەر رێسای گشتی . ئەم دەسەلاتەی داوە بەوانەی ناویان لە مادەی(٢) یاساکەدا هاتووە و بریتین لە (وەزیر و بریکاری وەزارەت و سەرۆکی دامەزراوەکان و بەرێوەبەر گشتییەکان و ئەمینداری پایتەخت و پارێزگارەکان سەرۆکی شارەوانی مەڵبەندی پارێزگاکان و هەر فەرمانبەرێکی دیکە کە وەزیر دەسەلاتی پێدەدات لەگەڵ بەرێوەبەری ناحیەکان کە تەنها دەسەلاتی ئاراستەکردنی هۆشداری هەبێت) بۆ ئەوەی بڕیاری وەرگرتنەوەی قەرزەکان بدەن و دەستبگرن بەسەر ماڵ و سامانی گوازراوەی کەسی قەرزاردا، ئیتر چ قەرزارەکە فەرمانبەرێک بێت یان راسپێراو بە راژەی گشتی یاخود کۆمپانیایەک بێت .

بێگومان لە کاتی پیادەکردنی یاساکە لەلایەن ئەوانەی ناویان هات، ئەو لایەنانە بڕیارەکانی خۆیان پاڵپشت بە یاساکە دەردەکەن کە لەم کاتەدا پیادەی دەسەڵاتی جێبەجێبەکاری داد دەکەن دەربارەی ماڵە گوازراوەکانی کەسی قەرزار، لەم کاتەشدا، ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا بڕیارەکانی ئەم لایەنانە ، وەک هەر بڕیارێکی کارگێڕیی شیاوی تانەلێدانن لەبەردەم قەزای کارگێریی (دادگای کارگێریی یان دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم) بە گوێرەی

حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨، یان ڕێگەیەکی تایبەتی تانەلێدانیان هەیە؟

بەگەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (١٤) لە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان، دووپاتی ئەوە کراوەتەوە کە لەو حاڵەتانەی لەم یاسایەدا دەقی لە بارەوە نەهاتبێت، ئەوا حوکمەکانی یاسای جێبەجێکردن ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ و حوکمەکانی یاسای دادبینییە شارستانییەکان ژمارە (٨٣) ساڵی ١٩٦٩ پیادە دەکرێت، هەروەها بە دەلالەتی ماددەی (٩) لە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان، دەسەڵاتپێدراو بە گوێرەی یاساکە، پیادەی دەسەلاتەکانی جێبەجێکاری داد دەکات سەبارەت بە ماڵی گوازراوەی کەسی قەرزار، ئەوا لەم کاتەدا تانەدان لە بریارەکانی دەسەلاتپێدراو بە دەسەلاتی جێبەجێکاری داد لەوانەی کەلە پێشەوە ناومان هێنان، بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١١٨)ی یاسای جێبەجێکردن دەبێت، کە پێویستە لەسەرەتادا دادخوازی (التظلم) لە بریارە بکرێت و دواتر بڕیارەکە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی تایبەتمەند، هەروەک لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێریی بڕیارێکی دادگای قەزای فەرمانبەرانی هەڵوەشاندۆتەوە (نقض) کە بڕیاری داوە بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کە بڕیاری دابوو بە دەستبەسەراگرتنی مووچەی کەفیلێک، لەم بارەیەشەوە دادگای قەزای فەرمانبەران بڕیاری دەستبەسەراگرتنەکەی هەڵوەشاندنۆتەوە، کاتێکیش ئەم بریارەی دادگای قەزای فەرمانبەران لەبەردەم دادگای باڵای کارگێڕیی پێداچوونەوەی پێدا دەکرێت، دادگای باڵای کارگێڕیی بڕیارەکەی دادگای قەزای فەرمانبەران بەنایاسایی دادەنێت وهەڵیدەوەشێنێتەوە بەو پاساوەی کە بڕیارەکانی دەرچوو لەوانەی بە پێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان دەسەڵاتی جێبەجێکاری دادیان پێدراوە، پێویستە بەگوێرەی یاسای جێبەجێکردن تانەی لێبدرێت و سەرەتا لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای تێگەیاندن بەبڕیارەکە، دادخوازی لێ دەکرێت و دواتر بریاری دەسەڵاتپێدراوی جێبەجێکاری داد بەرەتکردنەوەی دادخوازییەکە شیاوی تانە لێدانی

پێداچوونەوەیە (الطعن التمییزی)دەبێت لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە لە ماوەی (٧) حەوت رۆژدا، هەروەک دادگای باڵای کارگێڕیی لە بڕیاری ژمارە (١٢٠٨/ قەزای فەرمانبەران- پێداچوونەوە /٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/٩/٣٠)[١٠] جەختی لەسەرکرۆدتەوە .

---

[١٠] بڕیارێکی بڵاونەکراوە .

(٩)

## سەبارەت بە گرێبەستی فەرمانبەرانی گرێبەست

دامەزراندن بەگرێبەست. بەدەرکردنە لەسەر ئەسڵی بابەتی دامەزراندن بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی و پێویستە ئەم جۆرە دامەزراندنانە لەبەرتەسککترین سنووردا ئەنجام بدرێت. هەروەک دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن فراوان بوون لەم بەردەکردنە نەکات (لایجوز التوسع فی الاستثناء). لەبەر ئەوەی یاسایەکی سەربەخۆ حوکمەکانی ئەم بابەتەی رێکنەخستووە. جگە لەوەی لە یاسای بوجەدا دەقی لە بارەوە هاتووە بێ چوونە ناو وردەکارییەکانیەوە بێگومان یاسای بوجەش یاسایەکە تەنها بۆ ئەو ساڵە کاری پێدەکرێت کە بۆی دەرکراوە و وەک یاسایەکی بەردەوام و جێگیر مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت. لە هەمانکاتدا فەرمانبەری گرێبەست ملکەچ نییە بۆ حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ تا لەبەر رۆشنایی ئەم یاسایەدا مافەکانی رێکبخرێت. هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بریاری ژمارە (٥٥٢/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە/ ٢٠١٤ لە ٢٠١٦/٣/٣) جەختی لەسەرکردۆتەوە .

بە لام بەسەرنجدان لە بواری کرداری ئەم بابەتە ، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە لە دامەزراندن چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی هەرێم وەک ئەسڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بە جۆرێک کە فەرمانبەر هەیە زیاتر لە(٨) ساڵە گرێبەستە کە ئەمەش لەگەڵ حیکمەتی خودی گرێبەستدا گونجاو نیە و ئەگەر ئەو فەرمانبەرە گرێبەستە لە پێداویستی میلاکی فەرمانگەکەیە. ئەوا دەبێت لەم کاتەدا ، بە گوێرەی یاسا دابمەزرێت و ئەگەر پێویستیش نیە. ئەوا دەبێت گرێبەستەکەی کۆتایی پێ بهێنرێت.

بە هەرحاڵ ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت تیشکی بخەینە سەر شێوازی دارشتنی ئەو گرێبەستەیە کە پەیوەندی نێوان فەرمانبەر و وەزارەتەکەی یان

فەرمانگەکەی ڕێکدەخات لەرووی ماف و ئەرکەکانیەوە کە چەندین ڕێنمایی دارایی ئەو ماف و ئەرکانەی دیاری کردوە.

بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٩، وەزارەتی دارایی هەرێم سەرەرای دەستنیشانکردنی ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەری گرێبەست، کلێشەیەکی گرێبەستەکەیشی هێناوە کە دەبێت وەزارەتەکانی پێوەی پابەند بن و بە پێی ئەو کلێشەیە گریبەستەکان ڕێک بخەن.

ئەوەی ئیشکالیەتی یاسایی بابەتی گرێبەستەکانە، ئەوەیە کە ڕێگەپێدراو نییە ئەو سزایانەیان بەسەردا پیادە بکرێت کە لە ماددەی (٨)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دەقیان لەسەرهاتووە وکاریگەری دادەنێین لەسەر دواخستنی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرە سزادراوەکە، لە کاتێکدا فەرمانبەری گرێبەست پلەبەرزکردنەوەی نییە و بەم جۆرەش حوکمەکانی ماددەی (٨)یان بەسەردا جێبەجێ نابێت، بەڵکو تەنها حوکمی ئەو ماددانەیان بەسەردا پیادە دەکرێت کە لەگەڵ پێگەی یاساییان دەگونجێت وەک ئەو ئەرک و قەدەغەکراوانەی کە لە یاساکەدا دەقیان لەسەر هاتووە، یان حوکمەکانی ماددەی (١٦)ی یاساکە هەر کات فەرمانبەرەکە راگیرا لەلایەن لایەنێکی تایبەتمەندەوە. هەروەک لەلایەن خۆشیەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێم لەبڕیاری ژمارە (٢٠١٤/٥ لە ٢٠١٤/٤/٧) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە:" یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١   ئەو یاسایە جێبەجێدەکرێت بەسەر فەرمانبەرانی گرێبەستدا و حوکمەکانی لەروانگەی بەرپرسیارێتی بەرزەفتکارییەوە بەسەریاندا پیادە دەکرێت ئەوەندەی لەگەڵ سروشتی گرێبەستەکانیاندا دەگونجێت"[11].

---

[11] ئەو بڕیارەی دەستە لە پەرتووکی (الدور الإستشاری لمجلس شوری اقلیم کوردستان – العراق لمدة بین عام ٢٠٠٨ – ٢٠١٨) بڵاوکراوەتەوە کە لە دانراوی (د. عوسمان یاسین علی)، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەو، هەولێر، ٢٠١٨، لاپەرەی ٤٢.

لەسەر ئەو بنەمایەش بەبڕوای ئێمە دەبێت بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سەرپێچییانەی کە فەرمانبەری گرێبەست ئەنجامی دەدات، ئەوا دەبێت لە نێو بڕگەکانی گرێبەستەدا ئەو جۆرە حوکمانە دەستنیشان بکرێت کە دەشێت فەرمانگەکە بەرامبەر فەرمانبەری گرێبەست پیادەی بکات لە حاڵەتی سەرپێچکردنی لە ئەرکەکانی وەزیفەکەی نەک بەگوێرەی ماددەی (٨)ی یاسای بەرزەفتەکردن سزای بەرزەفتکاری بدات . بەو مانایەی کە پێویستە حوکمە سزاییەکان لە نێو دەقی گرێبەستەکەدا هاتبن بۆ ئەوەی مامەڵەی پێبکرێت لەگەڵ ئەو فەرمانبەرە گرێبەستەی کە سەرپێچی کردووە.

(١٠)

## چۆنیەتی گەڕانەوەی نیوەمووچەی ڕاگیراوی فەرمانبەری دەستپێکێشراوە

کاتێک کە فەرمانبەرێک دەستپێکێشانەوەی(سحب يد) بۆ دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە ئیتر بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٦) یاخود ماددەی (١٧)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩١بێت، ئەوا بۆماوەی دەستپێکێشانەوەکەی بەپێی ماددەی (١٨)ی یاساکە نیو مووچەی بۆ خەردەکرێت و مەبەستیش لەم نیو موچەیە بریتییە لە نیو مووچەی بنەڕەتی و نیوەی دەرماڵە جێگرەکان لەگەڵ نیوەی دەرماڵە ناجێگیرەکانیش تامانگی یەکەمی دەستپێکێشانەوەکە گەرهاتوو دەست پێکێشانەوەکە زیاتربوو لە مانگێک، ئەمەش بەگوێرەی خاڵی (٦) لەرێنمایی دارایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، دواتر لەپاش یەکلابونەوەی دۆسیەکەی ئیتر چ دۆسیەی بەرزەفتکاریی بێت یان سزایی، بریار لە چارەنووسی ئەو نیو مووچە راگیراوەی دیکەی فەرمانبەرەکە دەدرێت کە وردەکارییەکەی لە ماددەی (١٩)ی یاساکەدا هاتووە و دەتوانین پۆلێنی بکەین بەسەر (٣) دۆخدا و لە خوارەوە روونی دەکەینەوە :

**دۆخی یەکەم: نیو مووچەی راگیراوەکەی بۆ ناگەڕێتەوە**

گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لەبەرەنجامی یەکلابونەوەی دۆسیەکەیەوە فەسڵکرا یان عەزل کرا، ئیتر فەسڵ و عەزلکردنەکەی پشتی بەستبێت بەم یاسایە یان هەر یاسایەکی دیکە، ئەوا لەم کاتەدا نیوموچە راگیراوەکەی بۆ ناگەڕێنرێتەوە، هەروەها بەبڕوای ئێمە گەرهاتوو غەرامەش کرا بە هەمان شێوە نیو مووچە راگیراوەکەی بۆ ناگەرێتەوە چونکە دواجار حوکمدان بە غەرامەکردنیش بە مانای بێتاوان بون(براءة) یان ئازادبوون (الافراج) نایەت و ئیدانەکردنە و جۆرێکە لەسزادان .

**دۆخی دووەم: هەموو نیومووچە راگیراوەکەی بۆ ناگەڕێتەوە**

گەرهاتوو فەرمانبەرەکە سزا درا بە سزای کەمکردنەوەی مووچە (انقاص الراتب) یان دابەزاندنی پلە (تنزیل الدرجة) ئەوا لەم کاتەدا جێبەجێکردنی سزاکە لە رێکەوتی دەستپێکێشانەوەکەیەوە جێبەجێ دەکرێت، بەو مانایەی سزاکە بەئاسەواری گەراوەیی(أثر رجعی) دەبێ ولەم کاتەشدا فەرمانبەرەکە بەشێک لە نیوموچە راگیراوەکەی لە دەستدەدات بەهۆی جێبەجێکردنی سزاکەوە لەسەری . بۆ نمونە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پێش (٣) مانگ لە رێکەوتی دەرچوونی سزاکە دەستپێکێشانەوەی بۆکرابوو، ئەوا لەم کاتەدا سزاکە بەئاسەواری گەراوەیی لەسەر ئەو سێ مانگە جێبەجێ دەکرێت و بەم هۆیەشەوە فەرمانبەرەکە برێک لە مووچە راگیراوەکەی لە دەست دەدات و پاشماوەکەی وەردەگرێتەوە .

**دۆخی سێیەم : هەموو مووچە راگیراوەکەی بۆ دەگەرێتەوە**

گەرهاتووفەرمانبەرەکە سزادرا بەسزای(سەرنجراکێشان یان بەئاگاهێنانەوە یان مووچە برین یان سەرزەنشتکردن) گەرهاتوو دۆسیەکەی بەرزەفتەکاریی بوو یان گەرهاتوو دۆسیەکەی سزایی بوو لە بەرەنجامی لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردنەوە لەپای ئەو دۆسیەیەی کە لەسەری هەواڵەی دادگا کرابوو بێتاوان دەرچوو(براءة)یاخود بەربوو (الإفراج عنه) ، ئەوا لەم کاتەدا  ئەو نیوەی موچە راگیراوەی لای دائیرەی فەرمانبەرە گلدراوەتەوە بۆی سەرف دەکرێتەوە. بەڵام گەر هاتوو سزا درا بەحوکمێکی سزایی بەڵام جێبەجێکردنی سزاکەی وەستێنرا (وقف التنفیذ)، ئەوا پاش کۆتایی هاتنی ماوەی وەستانی جێبەجێکردنەکە، نیوموچە راگیراوەکەی بۆ خەرجدەکرێت، خۆگەر هاتوو لەو ماوەی ئەزموونیەدا فەرمانبەرەکە هەواڵەی خانەنشینی کرا، ئەوا پاش کۆتایی هاتنی ماوەی ئەزموونیەکەی و هەڵنەوەشاندنەوەی راگرتنی جێبەجێکردنەکە، نیوموچە راگیراوەکەی بۆ خەرجدەکرێتەوە، گەرهاتوو فەرمانبەر لەسەر تۆمەتێك دەستگیرکراو دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا  و لە چاوەڕوانی تەواوبوونی لێکۆڵینەوەی سزاییدا بوو لەوکاتەشدا بەر یاسای لێبوردنی گشتی کەوت، ئەوا

نیو موچە ڕاگیراوەکەی بۆ خەرج دەکرێت گەرهاتوو دادگا بڕیاریدا بەوەی بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت، واتە دەرچوونی فەرمانەکەی دادگا بەوەی کە یاسای لێبوردنی گشتی فەرمانبەرەکە دەگرێتەوە پێشمەرجە بۆ ئەوەی نیو موچە ڕاگیراوەکەی بۆ خەرجبکرێت .

هەروەها گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پێش دەرچوونی بڕیاری کۆتایی لە لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردن وەفاتیکرد، ئەوا لەم کاتەدا نیومووچە ڕاگیراوەکەی خەرجدەکرێت بۆ ئەوانەی شایستەی مافی خانەنشینی دەبن (الخلف التقاعدی)، خۆگەرهاتوو ئەمانەی نەبوو ئەوا نیومووچە ڕاگیراوەکەی دەدرێتەوە بە میراتبەرەکانی (الورثة).

## (١١)

# مافی خانەنشینی و نەبوونی ڕەگەزنامە

لە زنجیرەی (٣٧)ی پەرتووکی دەربارەی وەزیفەی گشتی کتێبی چوارەم، ئاماژەمان بەوەدا کە جیاوازی ئاین ، نابێتە هۆی بێبەشکردنی شایستەبووان بە مووچەی خانەنشینی ، لەم بەشەدا، تاوتوێی ئەوە دەکەین گەڕهاتوو شایستەبووی مافی خانەنشینی ڕەگەزنامەی عێراقی نەبوو ئایا شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت وەک ئەوەی کە فەرمانبەرێک هاوسەرگیری لەگەڵ خانمێکی بیانی کردبێت و بەڵام پێش ئەوەی خانمە بیانییەکە ڕەگەزنامەی عێراقی بەدەست بهێنێت، هاوسەرەکەی وەفات دەکات، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا ئەم خاتوونە بیانییە شایستەی مووچەی خانەنشینی هاوسەرە عێراقییە کۆچکردووەکەی دەبێت؟

لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی بەرکار لە هەرێم، هیچ دەقێکی یاسایی ڕاشکاو لەم بارەیەوە نەهاتووە، بۆیە دەبێت لەم کاتەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بڕیارە دادوەرییەکان بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا لەم حاڵەتەدا، چارەنووسی ئەو خاتوونە بیانییە چی دەبێت گەرهاتوو هاوسەرە عێراقییەکەی وەفاتی کرد و خۆیشی بە پێی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی هێشتا ڕەگەزنامەکەی بەدەستنەهێنابوو؟ لەم بارەیەوە دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٧٤٤٩/ دەستەی شارستانی /٢٠١٨ ت/٧٤٩٢ لە ٢٠١٨/١٢/٢٧) [١٢] دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئەو فەرمانبەرە ڕەگەز عەرەبییەی لە عێراق کاری کردووە ، شایستەی مووچەی خانەنشینی ئەو وەزیفەیە نابێت کە لە عێراق ئەنجامی داوە مەگەربێتوو لە پاش بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، لەم بارەیەشەوە لە وردەکاری بڕیارەکەیدا، دادگای ناوبراو ئاماژەی بەوە

---

(١٢) القاضي قاسم فخري الربيعي، مبادئ محكمة التمييز الإتحادية القسم المدني، ط١، مطبعة الكتاب، منشورات المكتبة القانونية ، بغداد، ٢٠٢١، ص١٣٤.

داوە کە ئەو فەرمانبەرە بە رەگەز عەرەبە پێشتر بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) ژمارە ٣٧٥ ی ساڵی ١٩٩٢ گرتوویەتییەوە کە لەماددەی (١)ی بڕیارەکەدا دەق لەسەر ئەوە هاتووە :" ئەو هاوڵاتییە عەرەبییەی لە عێراق کاردەکات لە پاش بەدەستهێنانی رەگەزنامەی عێراقی شایستەی هەموو ئەو مافانە دەبێت کە لەبەرەنجامی راژەکەیەوە لە عێراق پێشکەشی کردووە، لەوانەش بڕی هەموو ئەو مووچە یان کرێ یان دەرماڵانەی کە پێش بەدەستهێنانی رەگەزنامەی عێراقی وەریگرتووە ، هەروەها ئەو راژەیەشی کە لە وڵاتەکەی پێشکەشی کردووە دەخرێتە سەر خزمەتەکەی لە عێراق و راگیراوەکانی خانەنشینی ئەو ماوە خزمەتەیشی لێ وەرناگیرێت." بەڵام لەبەر ئەوەی کە پێداچووکار رەگەزنامەی عێراقی وەرنەگرتووە ئەوا داواکارییەکەی بۆ پێدانی مووچەی خانەنشینی هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نییە .

لەسەر ئەو بنەمایەش بۆمان دەردەکەوێت کە قەزای عێراق، سەرەرای ئەوەی ئەو هاوڵاتییەی شایستەی مافی خانەنشینی نەکردووە لە پای ئەو راژەیەی کە خودی خۆی پێشکەشی کردووە بە هۆی ئەوەی رەگەزنامەی عێراقی بەدەستنەهێناوە، ئەوا بەبڕوای ئێمە ، بە هەمان شێوە ئەو خانمە بیانییە کە هێشتا رەگەزنامەی عێراقی بەدەست نەهێناوە شایستەی مووچەی خانەنشینی هاوسەرە عێراقییە کۆچکردووەکەی نابێت کە فەرمانبەر بووە و وەفاتی کردووە .

(١٢)

## شكستی فەرمانبەری مۆڵەت پێدراو لە بەدەستهێنانی بڕوانامەكەی

ڕەنگە هەندێكجار ئەوە رووبدات كە فەرمانبەر كاتێک مۆڵەتی خوێندن بەپێی ئەحكامی ماددەی (٥٠) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ وەردەگرێت، لەو ماوەی یاساكە دەستنیشانی كردووە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەكە، نەتوانێت خوێندنەكەی تەواو بكات و بەو بڕوانامە نوێیەی بەدەستیهێناوە دەستبەكاربببێتەوە لە وەزیفەكەی ، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، كە ئایا چۆن مامەڵە لەگەل فەرمانبەر دەكرێت لەم جۆرە حاڵەتەدا؟

بێگومان بەپێی ئەحكامی ماددەی (٥٠)ی یاسای راژەی شارستانی ، یاسادانەر بۆ بەدەستهێنانی هەر بڕوانامەیەک لەوانەی كە ماددەكە دەقی لەسەر هێناوە ، ئیتر چ بڕوانامەی دبلۆمی هونەری بێت یان بەكارلۆریۆس، یان بڕوانامەی پسپۆریی زانكۆیی بێت وەک ماستەر و دكتۆرا، ئەوا ماوەی دیاریكراوی بۆ داناوە و لە هەندێک جێگەشدا، بە تایبەت لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی پسپۆریی زانكۆی ، یاسادانەر دەقی لە سەر درێژكردنەوە هێناوە بەو مەرجانەی كە لەم بارەیەوە هێناویەتی ، لەسەر ئەو بنەمایەش پێویستە ئەو فەرمانبەرەی كە مۆڵەتی خوێندن وەردەگرێت، لەو ماوەیەی بۆی دەستنیشانكراوە بە پێی دەقی ماددەكە ، ئەو بڕوانامەیە بەدەستبهێنێ كە گرێبەستی لەسەركردووە لەگەل وەزارەتەكەی، بەپێچەوانەوە ئەوا فەرمانبەرەكە بە شكست خواردوو(فاشل) دادەنرێت و لەم بەرەنجامەشەوە كۆمەڵێک ئاسەوار دەكەوێتەوە .

وەک ئاماژەمان پێدا، پابەند نەبوونی فەرمانبەر بەو ماوە مۆڵەتەی پێی دراوە لەسەر بنەمای ماوەی دەستنیشانكراو لە ماددەكەدا، ئەوا حوكمەكانی شكستخواردوی بەسەردا پیادەكرێت بەمەرجێک فەرمانبەرەكە هیچ پاساوێكی بەجێ (عذر مشروع) و قەناعەت پێهێنەری نەبوو بۆ ئەوەی كە نەیتوانیوە لەماوەی مۆڵەتەكەی بڕوانامەكە بەدەستبهێنێت.

لەم بارەیەشەوە دادگای باڵای کارگێڕیی لە عێراق لە بڕیارێکیدا بە ژمارە (٥٩١/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە / ٢٠١٧ لە ٢٠١٧/٥/٢٥) [١٣] دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ڕێگەپێدراو نییە بە هۆی بەدەستنەهێنانی بڕوانامە لەلایەن فەرمانبەر لەو ماوەی یاسادانەر دایناوە و مۆڵەتەکەی لەسەردراوە ، ماوەکە درێژ بکرێتەوە، چونکە یاسادانەر بەدیاریکراوی ماوەکانی دەستنیشان کردووە و گەرهاتوو رەچاوی ئەو ماوانە نەکرێت، ئەوا هیچ حیکمەتێک نامێنێتەوە بۆ ئەو دەستنیشانکردنی ماوەیە لەلایەن یاسادانەرە، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو فەرمانبەرەی کە لە ماوەی یاسایی و مۆڵەت پێدراودا ناتوانێت ئەو بڕوانامەیە بەدەست بهێنێ کە گرێبەستی لەسەرکردووە، ئەوا لەم کاتەدا ، تەواوی ئەو مووچە و خەرجیانەی لێ وەردەگیرێتەوە کە لە ماوەی مۆڵەتەکەیدا بۆی خەرجکراوە کە بەم هۆیەشەوە ماوەی مۆڵەتەکەی بە خزمەتی وەزیفی بۆ ئەژمار ناکرێت.

بەڵام دەربارەی ئەژمارکردنی بڕوانامەی بەدەستهاتوو لەلایەن فەرمانبەرەوە کە لە دەرەوەی ماوەی یاسایی بەدەستیهێناوە، دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بڕیارێکی تەمییزیدا بە ژمارە (٧١/ دەستەی گشتی /بەرزەفتکاریی/٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/٨/٢٤) [١٤] ئاماژەی بەوە کردووە کە بەدەستهێنانی بڕوانامەکە لەم جۆرە حاڵەتانەدا، هیچ پابەندییەکی یاسایی و دارایی و کارگێریی بۆ سەر ئەو دائیرەیە دروستناکات کە فەرمانبەرەکە دەوامی تیا دەکات ، بەو مانایەی کە فەرمانگەی فەرمانبەرەکە لەرووی یاساییەوە پابەند نیە بە ئەژمارکردنی بڕوانامەکە، بەڵام بەبڕوای ئێمە ئەژمارکردنەکە دەکەوێتە سەر

---

[١٣] "على الموظف المجاز دراسيا اعادة المبالغ المصروفة اليه اثناء فترة الاجازة اذا انتهت دراسته بالفشل" . قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٨، ص٤٢٦ .

[١٤] بڕیارێکی بڵاونەکراوە تیایدا هاتووە:" **والحالة هذه لا تترتب على الجهة الإدارية التي يعمل لديها الموظف أية التزامات قانونية و مالية و ادارية بخصوص تلك الشهادة.** "

سەردەسەڵاتی مەزندەکردنی ئیدارە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی و خواستی میرفەقە گشتییەکە بڕیاری لێ دەدات، بە تایبەت کە لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای پێداویستی بەو پسپۆرییە ڕەزامەندی مۆڵەتەکەی داوەتەوە فەرمانبەرەکە کە بروانامە بەدەستهاتووەکەش بێگومان پەیوەندی ڕاستەوخۆی دەبێت بە پسپۆری فەرمانبەرەکەوە. بەڵام ڕێگەپێدراو نیە بەپاساوی ئەوەی کە فەرمانبەر لە دواجاردا بڕوانامەکەی بەدەستهێناوە، ئیتر ڕێککاری دەرهەق نەگیرێتە بەر و مووچە و خەرجی ماوەی مۆڵەتەکەی لێ وەرنەگیرێتەوە .

(١٣)

# شكستی فەرمانبەری راژەی زانكۆی لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا لە حاڵەتی خۆتەرخانكردنی بەشەكی (التفرغ الجزئی)

بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (٧/ دوانزەیەم) لە یاسای راژەی زانكۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، فەرمانبەری راژەی زانكۆیی كە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە، دەتوانێت درێژە بە تەواوكردنی خوێندنەكەی بدات بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دكتۆرا لە ناو عێراق لەگەل بەردەوام بوونی لە ئەركە وەزیفییەكەی و بە خۆتەرخانكەری بەشەكی دادەنرێت و كاژێرەكانی كاركردنی رۆژانەی بۆ كەم دەكرێتەوە بە جۆرێك یارمەتی بدات لە بەردەوامبونی خوێندنەكەی بە هەموو ماف و ئیمتیازەكانی لە ماوەی خوێندنەكەیدا لەوانەش دەرماڵەی خۆتەرخانكردنی زانكۆیی ، لەسەر ئەو بنەمایەش، گەرهاتوو ئەم جۆرە فەرمانبەرە لە ماوەی خۆتەرخانكردنە بەشەكییەكەیدا، شكستی هێنا لە بەدەستهێنانی بڕوانامەكەی، ئەوا حوكمەكانی ماددەی (٥٠)ی یاسای راژەی شارستانی بەسەردا پیادە ناكرێت بەمەبەستی لێوەرگرتنەوەی مووچە و خەرجییەكانی ماوەی خوێندنەكەی و لەگەڵ ئەژمارنەكردنی ماوەی مۆلەتەكەی وەك راژەی وەزیفی. لەم بارەیەشەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٨/١٧ لە ٢٠١٨/٢/١١) جەخت لەم بابەتە دەكاتەوە و ئاماژەی بەوە كردووە كە لەبەر ئەوەی فەرمانبەری خۆتەرخانكەری بەشەكی بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (٥٠) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ مۆڵەتی خوێندنی پێ نادرێت و هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە فەرمانبەرانە بەردەوامن لە ئەنجامدانی ئەركە وەزیفییەكانی سەرشانیان و لە كارنەترازاون لە وەزیفەكەیان و تەنها كاژێرەكانی دەوامكردنیان بۆ كەمكراوەتەوە . لە هەمان كاتدا فەرمانبەری راژەی زانكۆیی خۆتەرخانكەری بەشەكی پارێزگاری لە هەموو ماف و ئیمتیازاتەكانی دەكات بە مووچە و دەرماڵەكان لە ماوەی خوێندنەكەیدا، ئەوا لەسەر ئەم بنەمایەش ، گەرهاتوو شكستی هێنا لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی

**دکتۆراکەی لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا، ئەو مووچە و دەرماڵانەی لێ وەرناگیرێتەوە کە لە ماوەی خۆتەرخانکردنی بەشەکیدا وەری گرتووە[(١٥)].**

(١٥) " **لاتسترد الرواتب والمخصصات التي تقاضاها المتفرغ جزئيا ممن تتوافر فيه شروط عضو الهيئة التدريسية للحصول على شهادة الدكتورا عند فشله في الحصول على الشهادة المطلوبة.** "
قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٨، ط١، مطبعة الوقف الحديثة، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٨، ص٥٩ .

(١٤)

## بەخشینی فەرمانبەر لە پۆستە وەزیفییەکەی

ڕەنگە هەندێکجار ئەوە رووبدات کە ئەو فەرمانبەرەی پۆستێکی لە ئەستۆدایە و دەیبات بەڕێوە. بە هۆی کەمتەرخەمی و سەرپێچیی بەرزەفتکارییەوە هەواڵەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکرێت و ڕێککارێکی یاسایی دەرهەق بگیرێتە بەر. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا دەکرێت لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لە میانەی پێشنیارەکانیاندا، پێشنیار بکەن بە بەخشینی ئەو فەرمانبەرە لەو پۆستەی بەڕێوەی دەبات یان نا؟ ئایا ئەم بابەتە ناچێتە چوارچێوەی جۆرێک لە سزادانی فەرمانبەرەکەوە شانبەشانی ئەو سزا بەرزەفتکارییەی بەپێی یاساکە بۆی پێشنیار دەکرێت ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم بابەتە. لە روانگەی چەند سەرنجێکەوە ، روونکردنەوە دەدەین:

**یەکەم:** دەسەڵاتی کارگێڕیی، دەسەڵاتی مەزندەکردنی هەیە لە تەکلیفکردن یان بەخشینی فەرمانبەر لەو پۆستەی خراوەتەوە ئەستۆی، بەو مەرجەی کاریگەری نەبێت لەسەر دابەزاندنی پلەی وەزیفی فەرمانبەرەکە. بێگومان ئەمەش لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی گشتی و باش بەڕێوەچوونی میرفەقە گشتییەکەدا بڕیاری لێ دەدرێت، بەمجۆرەش کاتێک کە فەرمانبەر تەکلیفی لێ دەکرێت بە بەبڕێوەبردنی پۆستێک، ئەوا ئەمە نابێتە مافێکی بەدەستهاتوو (حق مكتسب)، کە دەسەلاتە کارگێرییەکە نەتوانێت دەستی بۆ ببات. لە هەمانکاتدا، دەسەڵاتە کارگێڕییەکە گەربۆی دەرکەوت کە فەرمانبەرەکە لە بەڕێوەبردنی پۆستەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە ئەوا مافی خۆیەتی کە لەبەڕێوەبردنی پۆستەکە بیبەخشێت.

**دووەم:** گەرهاتوو لیژنەی لێکۆڵینەوەی پێکهاتوو لەسەر فەرمانبەری سەرپێچیکار بۆی دەرکەوت کە فەرمانبەرەکە لاوازە لەبەڕێوەبردنی پۆستەکەی دەست نادات بۆ ئەوەی ئەو پۆستە بەڕێوە ببات و پێشێلکاری کارگێڕیی بەرچاوی ئەنجامداوە و مانەوەی لەو پۆستە زیان بە میرفەقە گشتییەکە دەگەیەنێت و کاروبارەکانی

پەک دەخات ، ئەوا لەم کاتەدا، ڕێگەپێدراوە کە پێشنیار بکەن بە بەبەخشینی فەرمانبەرەکە لەو پۆستەی خراوەتە ئەستۆی و ئەم پێشنیارەش بە سزادان نایەتە ژماردن دەرهەقی فەرمانبەرەکە سەرپێچیکارەکە .

**سێیەم:** سزادانی فەرمانبەری سەرپێچیکار بەسزای بەرزەفتکاریی بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فەرمانبەرەکە دەستنادات بۆ ئەوەی لە پۆستەکەی بمێنێتەوە و بەم جۆرەش مافی دەسەلاتە کارگێڕییەکەیەو تەنانەت ئەرکی سەرشانیەتی کە ئەو فەرمانبەرە لە پۆستەکەی ببەخشێت بەمەبەستی زامنکردنی باش بەڕێوەچوونی میرفەقی گشتی و هەروەها بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەرە نەبێتە سەرمەشقکارێکی خراپ بۆ فەرمانبەرانی ژێر دەستی، تەنانەت با بەهۆی بەخشینی لەو پۆستەش هەندێک دەرماڵە و ئیمتیازاتی کەم ببێتەوە، چونکە ئەم جۆرە پۆستانە ، مافی ئەوەی پێنادات بە هەمیشەیی تیایدا بمێنێتەوە و دەستبەرداری نەبێت[١٦] .

لەسەر بنەمای لای سەرەوە خرایەروو، گەرهاتوو لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆی دەرکەوت کە فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە دەستنادات بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستەی خراوەتە ئەستۆی و هەروەها مانەوەی لە بەڕێوەبردنی پۆستەکە زیان بە ڕەوتی کاروبارە کارگێڕییەکان دەگەینێت و پەکیان دەخات، ئەوا لەم کاتەدا پاڵپشت بەبەلگەکانی بەردەستی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەتوانن پێشنیاری بەخشینی بکەن لەو پۆستەی کە خراوەتەوە ئەستۆی، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە لەسەر ئەو سەرپێچییەی بە هۆیەوە هەواڵەی لیژنەی لێکۆڵینەوە کراوە پێشنیاری سزادانی بۆ بکرێت، بەڵام گرنگە هۆکاردارکردنی (تسبیب) پێشنیاری بەخشینەکە بابەتی بێت و پاڵپشت بێت بە بەڵگەی بابەتی تەواو.

---

[١٦] د. غازي فيصل مهدي، فتاوى و قرارات مجلس شورى اقليم كوردستان في الميزان، ط١، مكتبة القضاء والقانون، بغداد، ٢٠١٩ ص١٠٠ .

## (١٥)

## ئایا دەکرێت بڕوانامە بۆ فەرمانبەر ئەژمار بکرێت بێ گۆڕینی ناونیشانەکەی؟

هەندێکجار ئەوە حاڵەتەمان بەرچاو کەوتووە کە فەرمانبەر لە دەرەوەی دەوامی ئاسایی خۆی، لەخوێندنی ئێواران خوێندویەتی و بڕوانامەیەکی بەدەستهێناوە لە پسپۆرییەکدا کە جیاوازە لە پسپۆری وەزیفەکەی خۆی و لە هەمانکاتدا دائیرەکەیشی پێویستی بەناونیشانی فەرمانبەرەکە نەبووە تا بەو هۆیەشەوە لەبەر رۆشنایی بڕوانامە نوێیەکەی ناونیشانەکەی بۆ بگۆڕێت، لەم کاتەشدا فەرمانبەرەکە داواکاریی ئەوە ئاراستەی دائیرەکەی دەکات کە لانی کەم دەرماڵەی بڕوانامەکەم بۆ ئەژمار بکەن بەمەبەستی زیادکردنی مووچەکە با ناونیشانەکەم وەک خۆی بمێنێتەوە، لەم بارەیەشەوە ئەنجومەنی شورای هەرێم لە چەند بڕیارێکی راوێژکاری و دادوەریدا[١٧]، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە فەرمانگەی فەرمانبەر دەسەڵاتی مەزندەکردنی (السلطة التقديرية) هەیە لە گۆڕینی ناونیشانی فەرمانبەر، بێ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر مافی فەرمانبەرەکە لە هەموارکردنەوەی مووچەکەی بەپێی بڕوانامە نوێییەکەی . بۆ تاوتوێکردن و وەڵامی ئەم پرسە لە خوارەوە بە چەند سەرنجێک، روونکردنەوە تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥٠) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو، یاسادانەر رێگەی بەدەستهێنان و ئەژمارکردنی بڕوانامەی فەرمانبەری لە کاتی وەزیفەدا دەستنیشانکردووە و بەدەر لەم رێگەیە، هیچ دەقێکی دیکەی نەهێناوە کە بوار برەخسێنێت بۆ ئەوەی فەرمانبەر

---

[١٧] وەک بڕیارە راوێژکارییەکانی ژمارە (٢٠١٢/١٣ لە ٢٠١٢/٦/٥) و (٢٠١٢/٢٠ لە ٢٠١٢/٦/٥) و (٢٠١٢/٣٥ لە ٢٠١٢/٩/١٠) و بڕیاری دادوەریی ژمارە (٤٣/ دەستەی گشتی / بەرزەفتکاریی/٢٠١٢ لە ٢٠١٢/٦/١٢) . سەرچاوە : المبادئ القانونية في قرارات و فتاوى مجلس شورى اقليم كوردستان لعام ٢٠١٢، ط١، مطبعة حاج هاشم ، أربيل، ٢٠١٣.

بڕوانامە بەدەست بهێنێ.بێگومان یاسادانەر لە ماددەی ئاماژە پێکراودا، پێداویستی فەرمانگەی فەرمانبەرەکەی بە بڕوانامە نوێیەکە وەک هەنگاوی یەکەم دەستنیشان کردووە و پێویستە هەموو رێککارەکان لەسەر ئەم بنەمایە بێت، چونکە بەدەستهێنانی بڕوانامە دەبێت لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای پێداویستی فەرمانگەکە بێت بەو پسپۆرییە نەک لەسەر بنەمای حەز و خولیای فەرمانبەرەکە بێت و هەر کات ویستی بخوێنێ و بڕوانامە بەدەست بهێنێ بێ رەچاوکردنی پێداویستی فەرمانگەکەی بە بڕوانامە نوێیەکەی .

**دووەم:** بەدەستهێنانی بڕوانامەی نوێ بەو جۆرەی کە یاسادانەر لە ماددەی (٥٠)ی یاسای راژەی شارستانی دەقی لە بارەیەوە هێناوە ، تەواوی مافەکان دەخاتەوە بۆ فەرمانبەرەکە لەرووی گۆڕینی ناونیشان و هەموارکردنەوەی مووچە و پێدانی پێشخستن گەرهاتوو بڕوانامە بەدەستهاتووەکە لە بڕوانامەکانی پسپۆری زانکۆیی بوو (شهادة الاختصاص الجامعية)، ئەمەش سەنەدی یاسایی دەسەلاتی کارگێڕییە بۆ مامەڵەکردن لەگەل ئەو فەرمانبەرەی بڕوانامەکەی بەدەستهێناوە لەگەڵ ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە بە هۆی بەدەستهێنانی بڕوانامەکەوە دەبەخشرێت بە فەرمانبەرەکە.

**سێیەم:** ئەژمارکردنی بڕوانامەی بەدەستهاتووی فەرمانبەر بێ گۆڕینی ناونیشانە وەزیفییەکەی ، پاڵپشتی یاسایی نییە، ئیتر چ ئەژمارکردنی بڕوانامەکە بێت بۆ خەرجکردنی دەرماڵەی بڕوانامە نوێییەکە، یان ئەژمارکردنی بڕوانامە نوێیەکە بۆ هەموارکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرەکە بێت، چونکە ئەژمارنەکردنی بڕوانامەکە لەم جۆرە حاڵەتانەدا لەبەر ئەوەبوو کە بڕوانامە نوێیەکە پەیوەندی بە پسپۆری وەزیفی فەرمانبەرەکەوە نەبووە، ئەمە سەرەرای ئەوەی پێچەوانەی حوکمەکانی ماددەی (٥٠)ی یاسای راژەی شارستانی بەدەستیهێناوە کە مەرجی پێدانی مۆڵەتی خوێندنی بە فەرمانبەرانی هەر لەسەرەتاوە گرێداوە بەوەی پێویستە ئەو بڕوانامە نوێیەی فەرمانبەرەکە لەرێگەی مۆلەتی خوێندنەوە دەیەوێت بەدەستی بهێنێ پەیوەندی بە پسپۆری فەرمانبەرەکەوە هەبێت، هەروەها ئەم جۆرە ئەژمارکردنەکە پێچەوانەی وەسفی وەزیفی فەرمانبەرانە کە

ناونیشانە وەزیفییەکانی بەپێی بڕوانامەکان پۆلێن کردووە.هەروەک لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵا کارگێڕیی لە چەندین بڕیاریدا ئەمەی دووپاتکردۆتەوە[١٨] .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، ئەژمارکردنی بڕوانامەی بەدەستهاتووی فەرمانبەر لەدەرەوەی مۆڵەتی خوێندن کە پەیوەندی بە پسپۆری فەرمانبەرەکەوە نییە بۆ مەبەستەکانی خەرجکردنی دەرماڵەی بڕوانامە نوێیەکە یان هەموارکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرەکە لەسەر بنەمای دەرماڵە نوێیەکە بێ گۆڕینی ناونیشانەکەی هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نییە و ناکۆکە لەگەل حوکمەکانی ماددەی (٥٠)ی یاسای ڕاژەی شارستانی، چونکە یاسا ئاسەواری بڕوانامەی خوێندن دەخاتەوە بە دامەزراندن بێت یان پلەبەرزکردنەوە یاخود دەرماڵە کاتێک گرێی دەدات بەو کارەی کە فەرمانبەرەکە پیادەی دەکات.هەروەک دادگای باڵای کارگێڕیی لە بڕیاری ژمارە (٣٥/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە/ ٢٠١٣ لە ٢٠١٣/٩/٢٦) جەختی لەسەر کردۆتەوە [١٩].

بەڵام گەرهاتوو ئەو بڕوانامەی کە فەرمانبەرەکە بەدەستیهێنابوو پەیوەندی بەپسپۆرییەکەیەوە هەبوو، وەک ئەوەی فەرمانبەرەکە پێشتر دەرچووی پەیمانگا بووبێت و وەک نوسەری ژمێریار دامەزرابێت و بە ساڵانی خزمەت گەیشتبێتە ناونیشانی (ی. بەڕێوەبەری ژمێریاری) کە دەکەوێتە پلەی چوار و داواتر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ژمێریاریدا بەدەستهێنابێت، ئەوا لەم کاتەدا

---

[١٨] " **لايعتد بالشهادة الدراسية التى لاعلاقة لها بالوظيفة ولايرتب عليها أثر**". قرار رقم (٧٨٦/ قضاء الموظفين- تمييز/٢٠١٤ في ٢٠١٦/٤/٣ ).. " **ان منح الموظف مخصصات الشهادة التي حصل عليها أثناء الخدمة يستلزم أن تكون للشهادة علاقة باعمال وظيفته**" .. قرار رقم (٥٢٠/ قضاء الموظفين- تمييز/٢٠١٤ في ٢٠١٦/٣/٣) القرارات منشورة في: قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٦، ط١، مطبعة العمال المركزية، منشورات مجلس الدولة، ٢٠١٧ .

[١٩] " **لايستحق الموظف مخصصات الشهادة التي حصل عليها أثناء الخدمة الا اذا كانت لها علاقة بالعمل الذي يمارسه الموظف**" قرار منشور في : قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٥، ط١، منشورات مجلس الدولة، ٢٠١٦ ، ص٣٠١ .

**ڕێگەپێدراوە کە دەرماڵەی بروانامەکەی بۆخەرجبکرێت لەگەڵ پاراستنی ناونیشانە بنەڕەتییەکەی خۆی کە بریتییە لە (ی. بەڕێوەبەری ژمێریاری) چونکە گەر بێتوو ناونیشانەکەی بە گوێرەی بروانامەکەی بۆ ئەژمار بکرێت ئەوا ناونیشانەکەی لە (ی. بەڕێوبەری ژمێریار) ەوە دەبێت بە (ی. ژمێریار) کە ئەم ناونیشانەش دەکەوێتە پلە حەوتەوە . هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراقی لەبڕیاری ژمارە (٢٠١٩/١٢٠ لە ٢٠١٩/١٢/٢٤) [٢٠] جەختی لەسەر کردۆتەوە. بەڵام بەپێی وردەکاریی هاتوو لە بریاری ئاماژەپێکراوی ئەنجومەنی دەوڵەتدا، وەزارەتی دارایی عێراق جیاواز لەو بۆچوونە، دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە ئامادەنەبوو بگەڕێتەوە بۆ ناونیشانی(ی. ژمێریار) لە پلەی حەوتدا، و پاشان بە گوێرەی یاسا پایەبەرزکردنەوەی خێرا (تسريع الترقية) کاری بۆ بکرێت بەپێی یاسای ژمارە (١٠٣)ی ساڵی ٢٠١٢. ئەوا شایستەی دەرماڵەی بروانامەکەی نابێت و بۆی ئەژمار ناکرێت.**

---

(٢٠) **"يجوز منح المستوضح عنهم مخصصات شهادة البكالوريوس التي حصلوا عليها أثناء الخدمة مع احتفاظهم بعناوينهم الوظيفية وفقا للقانون دون تطبيق أحكام التسريع المنصوص عليها في الفقرة (د) من البند (ثالثا) من المادة (٤) من قانون رواتب موظفي الدولة والقطاع العام رقم (٢٢) لسنة ٢٠٠٨ ."** قرار منشور في : قرارات مجلس الدولة و فتاواه لعام ٢٠١٩، ط١، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠٢١، ص٢٩٨ .

## (١٦)
# خانەنشینكردنی فەرمانبەری گرێبەست

سەبارەت بە ریشەی یاسایی فەرمانبەری گرێبەست، تا ئێستا وەک پێویست یەكلا نەبووەتەوە و لەم بارەیەشەوە بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت، ئەوەی ئێستا لە عێراق و هەرێم هەیە پێی دەگوترێت فەرمانبەرانی گرێبەست لە كاتێكدا فەرمانبەری كاتی هەبوو كە بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٦٠٣)ی ساڵی (١٩٨٧)[٢١]ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) رێكخرابوو، لە پاش دەرچوونی یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسادانەر لە ماددەی (٣١/پێنجەم/ب)ی یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ و ماددەی (١٨/یەكەم/و) لەیاسای ژمارە(٩)ی ساڵی٢٠١٤ ناوی فەرمانبەری گرێبەستی هێناوە، بەڵام دواجار و بە گوێرەی یاسای ژمارە(٢٦) ی ساڵی ٢٠١٩ ی یاسای هەمواری یەكەمی یاسای خانەنشینی ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٤ و لەماددەی (٢١)ی هەمواركراودا لەتەنیشتی دەستەواژەی فەرمانبەرانی گرێبەست لە نێودووكەوانەكەدا دەستەواژەی (فەرمانبەری كاتی) هاتووە، كە بەبڕوای ئێمە لێرەدا یاسادانەر ئەو گومانەی لابردووە كە جیاوازی دەكەن لە نێوان پێگەی یاسایی هەردوو جۆرە فەرمانبەرەكەدا (كاتی) و (گرێبەست)  كە هەندێک بۆچوونیان وایە ئەم بابەتە جیاوازە و هەریەكەیان حوكمێكی جیاوازیان هەیە.

دەربارەی مەبەستەكانی راژەی فەرمانبەری گرێبەست، ئەوا لە هەرێمی كوردستان، بەگوێرەی ئەحكامی ماددەی (٣١/پێنجەم/ب) لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ كە لە هەرێم بەركارە ، خزمەتی فەرمانبەری گرێبەست بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار دەكرێت  وەک ئەوەی ماددە و بڕگەی ئاماژەپێكراو دەقی هێناوە كە مووچەی خانەنشینی ئەژمار دەكرێت بۆ

---

[٢١] ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە (٣١٦٤) لە ١٩٨٧/٧/٢٤ لە لاپەرەی ٥٤٣ بڵاوكراوەتەوە.

**ئەو فەرمانبەرەی به شێوەی گرێبەست لە فەرمانگە حکومییەکان کاردەکات لەسەر بنەمای ئەو مووچەیەی کە شایستەیەتی بەپێی ئەو بڕوانامەیەی بەدەستی هێناوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاساکە. هەروەها بەپێی ئەحکامی ماددەی (نۆزدەیەم/ پێنجەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای بوجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣ ماوەی کارکردنی فەرمانبەری گرێبەستی بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار کردووە. لەسەر ئەم بنەمایەش یاسادانەر بە دەقێکی کۆتوبەندکار مەبەستی ڕاژەی گرێبەستی دیاریکردوە، بەڵام بە گەرانەوە بۆ خاڵی (٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٣ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم مەبەستی ڕاژەی فەرمانبەری گرێبەست بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە ئەژمارکراوە[٢٢]. کە ئەمەش بەبڕوای ئێمە ناکۆکە لەگەل حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ی یاسای بوجەی گشتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی دەسەلاتی هەموارکردنەوەی ئەو ماددەیەی نیە کە لەم بارەیەوە یاساکە دەقی لەسەرهێناوە.**

**بەڵام ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە بریتییە لە لێ وەرگرتنی ڕاگیراوەکانی خانەنشینی (التوقيفات التقاعدية) لە فەرمانبەرانی گرێبەست ئیتر بۆ مەبەستی خانەنشینی بێت یان مەبەستەکانی سەرمووچە و پلە بەرزکردنەوە ، کە بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ماددەی (١٩/پێنجەم) لە یاسای بوجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٣، وەزارەتی دارایی دەبوا ڕێنمایی**

---

[٢٢] لەم ڕێنماییەی وەزارەتی دارایی هەرێمدا پشت بەستراوە بە نوسراوێکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ بە ژمارە (٥١٨٦١ لە ٢٠١٣/٧/١٥) کە ئەم نوسراوەی وەزارەتی دارایی عێراق لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (١٩/پێنجەم) لە یاسای بوجەی گشتی وڵات ژمارە(٢)ی سالی ٢٠١١ و هەروەها بەندی (شەشەم) لە ماددەی (١٢) لە یاسای ژمارە (٧)ی سالی ٢٠١٣ بوجەی گشتی عێراق ڕاژەی فەرمانبەرانی گرێبەستی ئەژمارکردووە بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی ئەژمارکردووە.

پێویستی بۆ ئەم بابەتە دەربکردایە و شێواز و بڕی پشکی خانەنشینی لە فەرمانبەرانی گرێبەست دەستنیشان بکردایە بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە کاری لەسەر بکرێت، تا وەك زەمانەتێك  خزمەتی فەرمانبەری گرێبەستی پێ بپارێزێت و دواتر مافی خانەنشینیان بۆ مسۆگەر بێت بە گوێرەی حوكمی ماددەی (٣١/ پێنجەم) لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (٢٧)ی سالی ٢٠٠٦ ئەمەش وەک مافێک کە یاساکە پێی بەخشیون.

## (١٧)
## دەربارەی پێشخستن (القدم)

پێشخستن بریتییە لە کورتکردنەوەی ماوە بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی کەیاسادانەر لەرێکخستنی یاسایی پێشخستنەکەدا دەستنیشانیکردووە، وەک هاتنە پێشی رێکەوتی سەرمووچەی فەرمانبەر بە هۆی ئاراستەکرانی سوپاس و پێزانینەوە، کە لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە گەرهاتوو سوپاسێکی ئاراستە کرا ئەوا یەک مانگ پێشخستنی پێدەدرێت بۆ مەبەستی شایستەبوون بە سەرمووچەکەی، دەربارەی حوکمە گشتییەکانی پێشخستن ، لە خوارەوە بە چەند خاڵێک سەرنج و روونکردنەوەی خۆمان تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** پێویستە پێشخستن بە یاسا یان بڕیارێکی تەشریعی هاتبێت و رێکخرابێت، نەک بە بریاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەو مانایەی کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن گەرهاتوو پاڵپشتێکی یاسایی نەبوو ، ئەوا ناتوانێت بڕیار بدات بە پێدانی پێشخستن بە فەرمانبەر.

**دووەم:** پێویستە مەبەستەکانی پێشخستنەکە (أغراض القدم) لە دەقی یاسا یان بڕیارە تەشریعییەکەدا هاتبێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرچاووی روون بێت کە پێشخستنەکە بۆ چ مەبەستێک ئەژمار دەکات، ئایا تەنها بۆ مەبەستی سەرمووچەیە یان بۆ مەبەستی پلەبەرزکردنەوەیە یان بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و پایە بەرزکردنەوەیە (الترقية).

**سێیەم:** هۆکارەکانی پێشخستن دەکرێت بە هۆی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینەوە بێت یان بە هۆی بەدەستهێنانی بڕوانامەی پسپۆڕیی زانکۆیی یان تەواوکردنی خولەکان یان هەر جۆرە هۆکارێکی دیکە کە یاسادانەر دەقی لەسەرهێنابێت، وەک ئەوەی یاسادانەر لە ماددەی (بیست و یەکەم/ یەکەم) ی یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ یاخود ماددەی (پازدەیەم/سێیەم) ی یاسای دیوانی چاودێری هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەقی لە بارەوە هێناوە.

**چوارەم:** پێشخستن بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار ناکرێت، بەو مانایەی کاتێک فەرمانبەرێک لە ژیانی وەزیفیدا پێشخستنی پێدراوە ، ئیتر ماوەکەی هەرچەند بێت، ئەوا ناکرێت دواتر داوای ئەوە بکات کە پێویستە ماوەکانی پێشخستنەکەی وەک خزمەتی خانەنشینی بۆ ئەژمار بکرێت و بخرێتە سەر کۆی خزمەتەکەی، چونکە ئەو خزمەتەی کە بۆ خانەنشینی ئەژمار دەکرێت دەبێت لە دەرەوەی تەمەنی ماوەی خزمەتی وەزیفی بێت و دواتر بخرێتە سەر خزمەتەکە و نابێت بەرکەوتەی لەگەل ماوەی خزمەتی وەزیفیدا بۆ دروست بووبێت، وەک خزمەتی سەربازی پێش دامەزراندن یان خزمەتی پارێزەرایەتی ، کە ئەم جۆرە خزمەتانە هەندێکیان لە خۆیاندا رۆڵی پێشخستنیش دەبین کاتێک خزمەتەکە بۆ مەبەستی دەستنیشانکردنی مووچەی ئەژمار دەکرێت، بەڵام هەندێکی دیکەیان تەنها بۆ خزمەتی خانەنشینی ئەژمار دەکرێن وەک بڕیاری ژمارە (٢١٨)ی ساڵی ٢٠٠٢ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) دەقی لەبارەوە هێناوە سەبارەت بە راژەی سەربازی کە تەنها بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت.

## (١٨)
## گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر بە هۆی تۆمارکردنی داوای یاساییەوە

هەندێکجار لێرەو لەوێ بیستوومان کە بە هۆی ئەوەی فەرمانبەرێک داوایەک لەسەر فەرمانگەکەی یان وەزارەتەکەی تۆمارکردووە، دواتر بڕیار دراوە بە گواستنەوەی راژەکەی، لێرەدا دەپرسین ئەم جۆرە گواستنەوەیە تا چەند دروستە و لەگەڵ دەقی یاسا بەرکارەکاندا دەگونجێت؟ لێرەدا و بۆ وەڵامی ئەم بابەتە بە چەند خاڵێک سەرنجی خۆمان تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** بە پێی ماددەی (١٠٠)ی[٢٣] دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ وهەروەها ماددەی (پەنجاو نۆیەم/٣) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو و هەروەها ماددەی (١٥) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، تانە دان لەو بڕیارانەی کە لە وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە دەرهەق بە فەرمانبەر دەردەچن و کاریگەری دروست دەکات لەسەر پێگەی یاساییەکەی، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە مافی هەیە بە پێی ئەو رێوشوێنانەی کە یاسا ئاماژە پێکراوەکان دەقیان لە بارەوە هێناوە ، پەنا بباتە بەر دادگای تایبەتمەند بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی دەرهەقی دەرکراوە، بەو مانایەی کە فەرمانبەر لەم حاڵەتەدا پیادەی مافێکی یاسایی خۆی دەکات کە یاسادانەر پێی داوە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناتوانێت ئەو مافەی لێ زەوت بکات یان سزای بدات بە هۆی ئەوەی پیادەی ئەو مافەی کردووە .

**دووەم:** ئەم جۆرە داوایانە، پەیوەندییان بە خودی ئەو کەسانەوە نییە کە بڕیارەکەیان دەرکردووە، بەڵکو داواکە دژکاریی (مخاصمة) بڕیارە کارگێڕییە تانەلێدراوەکە دەکات و تەنانەت گەرهاتوو ئەو کەسەی بریارەکەی دەرکردووە لە پۆست و پایەکەیشی نەمێنێ ئەوا داواکە هەر بەردەوام دەبێت مادەم بڕیارە کارگێڕییە تانەلێدراوەکە بەردەوامە و نەکێشراوەتەوە یان هەڵنەوەشابێتەوە.

---

[٢٣] المادة(١٠٠) : يحظر النص في القوانين على تحصين أي عمل أو قرار إداري من الطعن.

ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم جۆرە داوایانە داوای بابەتین (موضوعی) و هیچ پەیوەستن بە خودی ئەو کەسەی بریارەکەی دەرکردووە .
**سێیەم:** بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٦٠ای ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠، غیاب بوونی فەرمانبەر بە هۆی ئامادەبوونی لەم جۆرە داوایانە، بە مۆڵەتی ئاسایی دادەنرێت بەپێی شایستەبوونی و فەرمانگەکەی ناتوانێت بەهۆی نەهاتنەوەی بۆدەوامکردن لەرۆژی دادبینیکردنەکەی، بە غیاب ئەژماری بکات و رێککاری یاسایی دەرهەق بگرێتە بەر.
**چوارەم:** گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر پێویستە لەسەر بنەمای بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی بێت و دەسەلاتە کارگێرپییەکە بە وردی هۆکارەکانی گواستنەوەی راژەکەی تۆمار کردبێت، خۆ گەرهاتوو بڕیاری گواستنەوەکە هیچ هۆکارێکی یاسایی تێدا نەهاتبوو، ئەوا لەم کاتەدا کۆی پرۆسەی گواستنەوەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و گومان لەسەر مەشروعیەتی بڕیاری گواستنەوەکە دروست دەبێت بە تایبەت گەرهاتوو لەو ئان و ساتەدا فەرمانبەرەکە داوای تۆکار کردبوو، کە لەم کاتەدا بڕیاری گواستنەوەی راژەکە شیاوی هەڵوەشاندنەوە دەبێت گەرهاتوو بە پێی یاسای تایبەتمەند تانەی لێدرا، هەروەک لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێرپیی لە بڕیاری ژمارە (١١٧٢/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە/٢٠١٤ لە ٢٠١٥/١/١٥) بڕیاری گواستنەوەی راژەی ژمارەیەک فەرمانبەری هەڵوەشاندۆتەوە ، کە لە بریارەکەدا هیچ پاساوێکی یاسایی نەهاتبووە بۆ گواستنەوەکە و لەو کاتەشدا فەرمانبەرەکان داوایان تۆمارکردووە لەسەر وەزارەتەکەیان[٢٤] . لەسەر بنەمای لای سەرەوە ، فەرمانبەر مافی خۆیەتی داوا تۆمار بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە کارگێرپییانەی کە لەلایەن فەرمانگەکەی یان وەزارەتەکەیەوە دەرهەقی دەکراوە و پێی زەرەرمەند بووە،

---

[٢٤] ان اقامة الموظف دعوى بحق دائرته لا يصلح سببا لنقله" قرار منشور في : قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٥، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٦، ص ٣٣٢.

گرتنه بەری هەرێککارێکیش لەلایەن دائیرەکەیەوە بە هۆی تۆمارکردنی داواکەیەوە ، رێککاریی نایاساییین و بە هەمان شێوە قابیلی هەڵوەشاندنەوەن لەبەردەم دادگای تایبەتمەندا.

## (١٩)
## جێبەجێ نەکردنی بڕیاری دادگا لەلایەن فەرمانگەکانەوە

هەندێکجار داوایەک لەسەر وەزارەتێک یان فەرمانگەیەکی حکومەت تۆمار دەکرێت، ئیتر سروشتی داواکە سزایی بێت یاخود شارستانی یان کارگێریی و لەپاش یەکلابوونەوەی داواکە ، دادگا بڕیاری لە دژی وەزارەت یان فەرمانگەکە دەردەکات، کاتێکیش کە بڕیاری دادگا دەهێنرێتەوە بۆ ئەو وەزارەتە یان فەرمانگەکەی کە پێویستە بڕیارەکە جێبەجێ بکات، لەم کاتەدا هەندێکجار خۆگرتنەوە (امتناع) یان جێبەجێنەکردنی بڕیارەکەی دادگا لەلایەن ئەو لایەنەوە روودەدات کە بڕیارەکەی دادگای لە دژ دەرچووە، وەک بڕیاری دادگا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سزایەکی بەرزەفتکاریی یان بڕیاری گواستنەوەی راژەی فەرمانبەرێک و بڕیارەکەی دادگاش پلەی کۆتایی وەرگرتبێت، بەڵام وەزارەتی تایبەتمەند یان فەرمانگەی تایبەتمەند کە بڕیارەکەی دادگای لە دژ دەرچووە ئامادە نییە هەستێت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە و هەڵوەشاندنەوەی سزا بەرزەفتکاریەکە یان هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری گواستنەوەی راژەکە، لێرەدا دەپرسین، ئەم هەڵوێستەی وەزارەت یان فەرمانگەی تایبەتمەند لەرووی یاساییەوە چۆنە و لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە پێویستە چی بکات ؟

بۆ روونکردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەم بابەتە لە خوارەوە بە چەند خاڵێک روونکردنەوە دەدەین:

**یەکەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣٢٩/ دووەم) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو هەر فەرمانبەرێک یان راسپێراو بە راژەی گشتی خۆی گرتەوە (امتناع) لە جێبەجێکردنی حوکمێک یان فەرمانێکی دەرچوو لە دادگا یان دەرچوو لە هەر دەسەڵاتێکی گشتی تایبەتمەند ئەوا سزادەدرێت بە بەندکردن و غەرامەکردن یاخود بە یەکێکیان، لەسەر ئەم بنەمایەش، راسپێراو بە راژەی گشتی یان فەرمانبەر وەک بەرپرسیارێتییەکی

شەخسی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و رێککاری یاسایی دەرهەق دەگیرێتە بەر سزا دەدرێت گەرهاتوو بڕیارێکی دادگا جێبەجێنەکات.

**دووەم:** یاسادانەر بە تەنها دەستەواژەی فەرمانبەری لە نێو بڕگە و ماددەی ئاماژەپێکراودا نەهێناوە، بەڵکو لە تەنیشتی زاراوەی فەرمانبەریشدا زاراوەی راسپێراو بە راژەی گشتی هێناوە و بە گەرانەوەش بۆ پێناسەی راسپێراو بە راژەی گشتی کە لە ماددەی (نۆزدەیەم/٢)ی یاسای سزاداندا هاتووە هەریەک لەسەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و ئەندامانی پەرلەمان و ... دەگرێتەوە . کە ئەمانەش ملکەچن بۆ حوکمەکانی هاتوو لە ماددەی (٣٢٩/دووەم) لە یاسای سزادانی عێراقی ، ئەمەش بۆ ئەو حاڵەتەی کە وەزیر خۆی بگرێتەوە لە جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا.

**سێیەم:** بەپێی ئەحکامی ماددەی (١/ حەوتەم) لە یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ تاوانی هاتوو لە ماددەی (٣٢٩) لە یاسای سزادانی عێراقی بە یەکێک لە تاوانەکانی گەندەڵی ئەژمار کراوە و بە پێی ئەحکامی ماددەی (١٣/پێنجەم/٢)ی هەمان یاساشدا، گەرهاتوو فەرمانبەر یان راسپێراو بە راژەی گشتی کە حوکمەکانی یاساکە دەیانگرێتەوە تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەستیان ئەنجامدا و حوکمەکەیان پلەی کۆتایی وەرگرت ئەوا راستەوخۆ بە عەزلکراو لە وەزیفە دادەنرێن لەگەڵ وەرگرتنی حوکمەکە بە پلەی کۆتایی و بەم هۆیەشەوە کەسەکە ئەهلیەتی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی لەدەست دەدات و دووبارە جارێکی دیکە ناتوانێت وەزیفەی گشتی ببینێتەوە  ئەمەش بەپێی ماددەی (١٣/پێنجەم/١) ی هەمان یاسا.

**چوارەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٤/ دوانزەیەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ، خۆگرتنەوەی فەرمانبەر لە جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا، بەسەرپێچی بەرزەفتکاریی دادەنرێت و بەم هۆیەشەوە و بە دەلالەتی ماددەی (٧)ی هەمان یاسا و بە پێی ئەو رێککارانەی لە ماددەی (١٠)ی یاساکەدا هاتووە، فەرمانبەری سەرپێچیکاری سزای بەرزەفتکاری دەسپێنرێت بەسەریدا .

**پێنجەم:** دەربارەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەرچوو لە دادگای قەزای کارگێریی و تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە تانەلێدراوەکانی دەسەڵاتی کارگێڕیی، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە ئەو وەزارەتە یان فەرمانگەیەی بڕیارەکەی لەرێگەی دادگاوە هەڵوەشێنراوەتەوە فەرمانبەرەکە بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی پێش دەرچوونی بڕیارە هەڵوەشاوەکەی بۆ نمونە گەرهاتوو فەرمانبەر فەرمانبەرەکە بە بڕیارێکی کارگێری راژەکەی گوازرابوویەوە وەک جۆرێک لە سزادان و لە هەمانکاتیشدا پێش گواستنەوەی راژەکەی بەرپرسیارێتی بەش یان هۆبەیەکی لە ئەستۆ بووە، ئەوا دەبێت لە پاش دەرچوونی بریارەکەی دادگا، فەرمانبەرەکە بگەرێتەوە هەمان ئەو پێگە و شوێنەی کە پێش بریاری گواستنەوەی راژەکەی تیایدا بووە ، نەک بە تەنها هەڵوەشاندنەوەی بریاری گواستنەوەی راژەکە، واتە لەم حالەتەدا دائیرەکە بەشێک لەبڕیارەکەی دادگای جێبەجێنەکردووە،چونکە ئاسەواری بڕیاری حوکمی هەڵوەشاندنەوەی بریاری تانەلێدراو لەلایەن دادگاوە بە ئاسەوارێکی گەراوەیی (أثر رجعی) دەبێت و دەبێت هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکە بە جۆرێک بێت کە فەرمانبەرەکە بگەرێتەوە بۆ دۆخی پێش دەرچوونی ئەو بریارەی کە تانەی لێداوە و دادگا هەڵیوەشاندۆتەوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، رێگە پێدراونیە ، دەسەلاتی کارگێڕیی لە هەر ئاستێکدا و بە هەر پاساوێک بێت بڕیار یان حوکمی دەرچوو لە دادگا جێبەجێ نەکات، چونکە ئەم جێبەجێنەکردنە ئاسەواری یاسایی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە لەرووی سزایی و بەرزەفتکارییەوە .

(٢٠)

## سزادانی فەرمانبەری پلە تایبەتی بە وەکالەت

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٢) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیفەی بەرێوەبەری گشتی بەرەو سەر بەرێوەدەبات، ئەوا لە کاتی سەرپێچیکردنی بەرزەفتکاریدا، لە لایەن وەزیری تایبەتمەندەوە رێککاریی یاسای دەرهەق دەگیرێتە بەر و سزا دەدرێت بە یەکێک لە سزاکانی (سەرنجراکێشان، یان بەئاگاهێنانەوە یان مووچە بڕین) بەپێی قورسی و سووکی سەرپێچییەکە، بەڵام گەرهاتوو شایستەی سزایەکی لەوە قورستتر دەبوو، ئەوا لەم کاتەدا، لەلایەن وەیزری تایبەتمەندەوە سزاکە پێشنیار دەکرێت و دەخرێتە بەردەست ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیار لێدانی، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات ، گەرهاتوو ئەو فەرمانبەرەی وەزیفەی بەرێوەبەری گشتی بەرەو سەرەوەی بەرێوەدەبرد بە وەکالەت وەزیفەکەی بەرێوەدەبرد، ئایا هەمان رێککاری هاتوو لە ماددەی (١٢)ی دەرهەق پیادە دەکرێت یاخود وەک فەرمانبەری ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە . لە رێگەی چەند خاڵێکەوە . سەرنج و روونکردنەوەی خۆمان تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** بەرێوەبردنی پۆست بە وەکالەت، سروشتێکی کاتی (مؤقت)ی هەیە و دەبێت لە بەرتەسکترین بواردا پیادە بکرێت و رێگەپێدراو نیە فراوان بوونی تیا بکرێت، چونکە ئەم جۆرە بەرێوەبردنە، بەرێوەبردنێکی مۆلەق و ناسەقامگیرە و رەنگە کاریگەری لەسەر رەوتی کاروبارەکان هەبێت بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ، بۆیە پێویستە پۆستە ئیدارییەکان بە تایبەت پۆستی بەرێوەبەری گشتی بەرەو سەر، بەشێوەی رەسەن (أصل) بەرێوەببرێت نەک بە شێوەی بریکار (وەکالة).

**دووەم:** ئەو فەرمانبەرەی کە پۆستی بەرێوەبەری گشتی بەرەو سەر (پلە تایبەت) بەرێوەدەبات، ئەوا سەرمووچەی ئەو پلەیەی پێنادرێت کە بەشێوەی وەکالەت بەرێوەی دەبات، بەڵکو سەرمووچەی سالانەی مووچە ئەسڵییەکەی خۆی

**پێدەدرێت، ئەمەش دوپاتی ئەوە دەکاتەوە کە فەرمانبەرەکە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی وەکالەتەکەی ، دەگەڕێتەوە بۆ وەزیفە بنەڕەتییەکەی خۆی و هەمان نیشانی وەزیفی خۆی وەردەگرێتەوە ، هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە عێراق لە چەندین بڕیاریدا ئەم بابەتەی دووپات کردۆتەوە[٢٥] .**

**سێیەم: لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە باسکرا، کاتێک کە فەرمانبەرێک بە وەکالەت پۆستێکی بەڕێوەبەری گشتی بەرەو سەر(پلە تایبەت) بەڕێوەدەبات، هەمان پێگەی فەرمانبەرەکە ڕەسەنەکەی بۆ دروست نابێت، بەڵکو تەنها مووچەی ئەو وەزیفەیە وەردەگرێت، بەلام سەرمووچەی ساڵانە وەزیفە ئەسڵییەکەی خۆی وەردەگرێت و بەم جۆرەش وەک فەرمانبەری ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت سەبارەت بە بابەتی لێپرسینەوە و سزادانی ، هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولە لە عێراق لە بڕیاری ژمارە (٢١٦٦/ ٢١٦٧ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە /٢٠١٧ لە ٢٠١٩/٢/٢٨) دووپاتیکردۆتەوە کە حوکمەکانی ماددەی (١٢)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ جێبەجێ دەکرێت بەسەر ئەو فەرمانبەرەی**

---

[٢٥] بڕیاری ژمارە ( ٣١/ ٢٠١٣ ): " **لايمنح الموظف الذي يشغل احدى الوظائف الداخلة في الدرجات الخاصة بطريق الوكالة ويتقاضي راتب هذه الوظيفة العلاوة السنوية على هذا الراتب.**" قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد،٢٠١٤ ص٨٢ هەروەها بڕیاری ژمارە(**٢٠١٦/٩٢) لايمنح الموظف الذي يشغل احدى الوظائف الداخلة في الدرجات الخاصة بطريق الوكالة و يتقاضى راتب هذه الوظيفة، العلاوة السنوية على هذا الراتب. انما يمنح العلاوة السنوية على راتبه الاصلي.** قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٦، ط١، مطبعة العمال المركزي، بغداد، ٢٠١٧، ص ٢٠٨.

**که وەزیفەی بەڕێوەبەری گشتی بە شێوەی ئەساڵەت بەڕێوەدەبات[٢٦]. بەو مانایەی گەرهاتوو فەرمانبەرەکە وەزیفەکەی بەشێوەی وەکالەت بەڕێوەدەبرد، ئەوا هەمان ڕێوشوێنی فەرمانبەرێکی ئاسایی بەرامبەر پیادە دەکرد بۆ لێپرسینەوە و سزادان  بە گوێرەی یاسای بەرزەفتەکردن .**

---

[٢٦] **يسرى حكم المادة (١٢) من قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم (١٤) لسنة ١٩٩١ على من يشغل المنصب أصالة."** قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٩، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠٢١، ص٤٨٣.

## (٢١)
## دەسەڵاتی کارگێڕیی و دەستوردانی لە کاروبارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە

لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی ڕێککارێکی دەق لەسەرهاتووە لە ماددەی (١٠)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو فەرمانبەرەی کە سەرپێچی کردووە تا دواتر پێشنیار بکات بە سزادانی فەرمانبەرەکە یاخود سزانەدانی و داخستنی دۆسیەکەی یان هەواڵەکردنی بۆ دادگای تایبەتمەند. لەسەر ئەو بنەمایەش تایبەتمەندی ئەم لیژنەیە تایبەتمەندییەکی نیمچە قەزایی هەیە و لەم روانگەیەشەوە پێویستە لیژنەکە بە تەواوی بێ لایەن بێت لە میانەی ئەو ڕێککارانەی کە دەیگرێتە بەر و هەروەها لەو پێشنیارانەی کە دەیکات بۆ ئەو لایەنەی لیژنەکەی پێکهێناوە. بەڵام وەک ئەوەی لێرەو لەوێ بەرچاو دەکەوێت هەندێکجار ئەو دەسەلاتەی کە لیژنەکەی پێکهێناوە هەوڵدەدات لیژنەکە لێکۆڵینەوەکانی ئەو ئاقارەدا ببات کە دەسەلاتە کارگێڕیەکە مەبەستیەتی نەک بەو ئاقارەی کە لێکۆڵینەوەی لیژنەکە دەیخوازێت . لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا کاروبارەکانی لیژنەکە لەم جۆرە حاڵەتانەدا چۆن سەیر دەکرێت گەرهاتوو ملی دا بۆ ئەو ئاراستەی کە لەلایەن دەسەلاتە کارگێڕییەکەوە بۆ دەستنیشان کرابوو؟

وەک پێشتر روونمان کردەوە کە تایبەتمەندێتی ئەم لیژنەیە تایبەتمەندییەکی نیمچە قەزاییە و لیژنەکە لە میانەی ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ ئەو یاسایانەی کە بابەتی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی وتەی فەرمانبەرەکە و وتەی شایەتەکانی رێکخستووە وەک یاساکانی بنەما دادگاییە سزاییەکان و یاسای دادبینییە شارستانییەکان و یاسای سەلماندن و هەر یاسایەکی دیکە و بە گوێرەی ئەوەی کە سروشتی کاری لیژنەکە دەیخوازێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ دووپات دەکات کە مەرجەعی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە دەقی یاساکانە و دەبێت بە گوێرەی ئەوەی حوکمی یاساکان رەنگرێژیان کردووە

کاروبارەکانی ئەنجام بدات و پێشنیارەکانی بخاتە روو نەک بەو جۆرەی کە دەسەلاتە کارگێڕییەکە ویستی هەیە و دەیەوێت لیژنەکە پێی بگات .

لەلایەکی دیکەشەوە، بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی (١٠) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی یاسادانەر کاتێک تایبەتمەندی لیژنەی لێکۆڵینەوەی دەستنیشانکردووە، بە هیچ شێوەیەک دەقی لەسەر رۆڵی دەسەلاتی کارگێڕیی نەهێناوە لە ئاراستەکردنی لیژنەکە بەو ئاقارەی کە خۆی مەبەستیەتی ، بۆیە هەر جۆرە ئاراستەکردنێک لەم بارەیەوە لەلایەن ئەو دەسەلاتەی لیژنەکەی پێکهێناوە ئیتر بەو ئاقارەدا بێت کە فەرمانبەرەکە پێشنیاری سزادانی بۆ نەکرێت یاخود پێشنیاری سزای قورسی بۆ بکرێت، ئەوا دەبێتە هۆی پێشێلکردنی زەمانەتێک لە زەمانەتە یاساییەکانی سزادانی فەرمانبەر کە بریتییە لە بێ لایەنی لیژنەی لێکۆڵینەوە و پابەندبوونی لیژنەکە بەو هێڵە گشتییەی کە یاساکە بۆی دەستنیشانکردووە. لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە خرایە روو، ئەوا هەر جۆرە ئاراستەکردنێکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەلایەن ئەو دەسەلاتەی لیژنەکەی پێکهێناوە یاخود دەسەلاتی باڵای دیکە، بە کارێکی نایاسایی دادەنرێت و دەبێتە هۆی پوچەڵبوونەوەی(بطلان) ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لیژنەکە ئەنجامیداوە . هەروەک لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵا کارگێڕیی لە بڕیارێکیدا بە ژمارە (٢٠٧٤/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچونەوە /٢٠١٨ لە ٢٠١٩/٢/١٤) دووپاتیکردۆتەوە کە هەر جۆرە ئاراستەکردنێکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە بۆ ئەوەی رەوتی لێکۆڵینەوەکە بەو ئاقارەدا بڕوات کە خۆی دەیەوێت و ببێتە هۆی زەوتکردنی قەناعەتی لیژنەکە، ئەوا لەم کاتەدا لێکۆڵینەوەکە بە پوچەڵکراوە دادەنرێت [٢٧].

---

[٢٧] **ان توجيه الإدارة للجنة التحقيقية للسير بإجراءات التحقيق بما يؤدي الى مصادرة قناعتها يجعل التحقيق باطلا."** قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٩، ط١، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠٢١، ص٤٧٧.

(٢٢)

## لێوەرگرتنەوەی بڕی مووچە و دەرماڵەی وەرگیراو بە هۆی پێشکەشکردنی بڕوانامەی ساختەوە

لەماوەی ساڵانی رابردوودا وتا ئێستاش بەبەردەوامی، دەردەکەوێت کە هەندێک فەرمانبەر بڕوانامەی ساختەیان بەکارهێناوە بۆ مەبەستی دامەزراندن یاخود بۆ مەبەستی زیادکردنی مووچەکەیان، ئەمەش وایکردووە کە بڕێکی زۆری مووچە و دەرماڵەی وەرگیراو لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەوە وەک قەرز لەسەریان کەڵکە ببێت و گرفت دروست ببێت بۆ فەرمانگەکان لەوەی کە چۆن و بەچ رێگەیەک لێیان وەربگرنەوە ، بە تایبەت لەو فەرمانبەرانەی کە لە ماوەی ژیانی وەزیفیاندا بڕوانامەی ساختەیان پێشکەشکردووە بۆ مەبەستی زیادکردنی مووچەکەیان نەک ئەوانەی کە بەبڕوانامەی ساختەوە دامەزراون ، بە پێی ئەوەی بەرچاومان کەوتووە هەندێک لە فەرمانگەکان بە پشتبەستن بە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ ئەم جۆرە قەرزانە وەردەگرنەوە ، کە ئەمەش لەروی یاسایەوە رەنگە دروست نەبێت و دواجار فەرمانگەکان رووبەروی ئیشکالیەتی یاسایی بکاتەوە  وەک لە خوارەوە روونی دەکەینەوە :

**یەکەم:** یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان لە ماددەی (یەکەم)یدا بە وردی چوارچێوەی ئەو قەرزانەی دەستنیشانکردووە کە لەرێگەی پیادەکردنی حوکمەکانی یاساکەوە وەردەگیرێنەوە و بەسەرنجدانیش لەو ماددە و پێکهاتەکانی بۆمان دەردەکەوێت کە وەرگرتنەوەی قەرزی کەڵکەبوو لەسەر فەرمانبەر بە هۆی پێشکەشکردنی بڕوانامەی ساختەوە یەکێک نییە لەو قەرزانەی کە یاساکە دەقی لەبارەیەوە هێناوە و بەم جۆرەش دروست نییە کە بەپێی ئەم یاسایە کار بکرێت بۆ وەرگرتنەوەی ئەو بڕە .

**دووەم:** بەپێی نوسراوێکی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم بە ژمارە (٨٩١١ لە ٢٠٢١/٩/٢٣) لە خاڵی (١)یدا ئاماژەی بەوەداوە کە  ئەو فەرمانبەرانی قەرزیان لەسەرکەڵەکەبووە بە هۆی ساختەکردنی بڕوانامەکانیانەوە ئەوا رێژەی (١/ ٣) لە

مووچەکانیان دەبڕدرێت بەپێی ماددەی (٦٠)ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراوە. لەسەر ئەم بنەمایەش وەزارەتی دارایی هەر لەسەرەتاوە بڕیاریداوە بە قیست بڕی قەرزەکان وەربگیرێتەوە و رێژەکەیشی دیاریکردووە لە کاتێکدا و بەبروای ئێمە بۆ دیاریکردنی رێژەکە دەبێت بگەرێینەوە بۆ ماددەی (٨٢)ی یاسای جێبەجێکردنی ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ لەبەر ئەوەی یاسایەکی دواتر (لاحق) و تایبەتترە(خاص) سەبارەت بە یاسای راژەی شارستانی. بەم جۆرەش وەزارەتی ناوبراو نەگەراوەتەوە بۆ یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان بە مەبەستی وەرگرتنەوەی ئەم جۆرە قەرزانە و جیاوازتر مامەڵەی لەگەل کردووە.

**سێیەم:** ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین هیچ دەقێکی یاساییمان نییە چ لە یاساکانی لێخۆشبوونی گشتی یان یاساکانی دیکەی تایبەت بە وەزیفەی گشتی کە ئاماژەی بەوەدابێت ئەم جۆرە قەرزانە لەرێگەی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانەوە وەردەگیرێنەوە . هەروەک بڕگەی (١١) لە ماددەی (یەکەم)ی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان جەختی لەسەر کردۆتەوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە . بۆمان دەردەکەوێت کە رێگە پێدراونییە لەرێگەی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانەوە ئەو بڕە مووچە و دەرماڵانە لەو فەرمانبەرانە وەربگیرێنەوە کە بڕوانامەی ساختەیان پێشکەشکردووە بەمەبەستی زیادکردنی مووچە و دەرماڵەکانیان. هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٨/٢٠ لە ٢٠١٨/٢/١٨) [(٢٨)]دوپاتیکردۆتەوە . بەڵکو لەم کاتەدا دەبێت فەرمانگەی پەیوەندیدار لەرێگەی دادگاکانەوە و بە تۆمارکردنی داوا بڕیاری وەرگرتنەوەی ئەو برە پارانە بدات و ئەو کات لەرێگەی بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنەوە

---

[(٢٨)] لاتسري أحكام قانون تحصيل الديون الحكومية على المبالغ المترتبة بذمة مزوری الشهادات المشمولين بقانون العفو العام رقم (٢٧) لسنة ٢٠١٦." قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٨، ط١، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١٩، ص ٦٦.

**حوكمەكەی دادگا جێبەجێ بکات گەرهاتوو بۆی دەرکەوت کە لەرێگەی پیادەکردنی حوکمەکانی ماددەی (٦٠)ی یاسای راژەی شارستانیەوە مەحاڵە قەرزەکە وەربگیرێتەوە یان ترسی لە فەوتانی قەرزەکە هەبوو .**

## (٢٣)

## فەرمانبەری گرێبەست و ئەژمارکردنی مۆڵەتی کۆکراوە

به هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر له فەرمانبەرانی گرێبەست له نێو فەرمانگه حکومییەکاندا، رەنگه ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە که ئایا له کاتی دامەزراندنی ئەم جۆرە فەرمانبەرانه به سیفەتی هەمیشەیی، دەکرێت لەبەرەنجامی ماوەی خزمەتەکەیانەوە مۆڵەتی کۆکراوەیان بۆ ئەژمار بکرێت و بخرێتە سەر مۆڵەته کۆکراوەکانی دوای دامەزراندنیان؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە له خوارەوە لەرێگەی چەند سەرنجێکەوە روونکردنەوە دەدەین:

**یەکەم:** فەرمانبەری گرێبەست وەک فەرمانبەری هەمیشەیی به تەواوی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی به سەردا جێبەجێ ناکرێت به تایبەت ئەو حوکمانەی کەپەیوەستن به کۆمەڵێک مافی دوور مەوداوە، بەڵکو ئەم جۆرە فەرمانبەرانه زیاتر وەک فەرمانبەری کاتی مامەڵەیان لەگەل دەکرێت و ملکەچن بۆ ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی که له گرێبەست و رێنماییەکانی وەزارەتی داراییدا هاتووە.

**دووەم:** به گەرانەوەی بۆ حوکمەکانی یاسای بوجەی گشتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣،یاسادانەر له ماددەی (نۆزدەیەم)ی یاساکه دەقی لەسەر ئەوە هێناوە که ماوەی خزمەتی فەرمانبەرانی گرێبەست بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژماردەکرێت، بەڵام رێنمایی دارایی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٣ بۆ ئەوە رۆیشتووە که ماوەکه بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی ئەژمار دەکرێت، که بەبرِوای ئێمە لەرێنمایە ژمارە(٣٩)دا وەزارەتی دارایی هەرێم سەرەرای ئەوەی له دەقی یاسای ژمارە(نۆزدەیەم)ی یاسای بودجەی گشتی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٣ لایداوە، له هەمان کاتدا گەراوەتەوە بۆ یاسای بوجەی عێراق ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٣ که لەم یاسادا ئەم مافانەی به فەرمانبەری گرێبەست داوە .

**سێیەم:** گەرهاتوو بە پێوەری خاڵی دووەمی لای سەرەوە وەری بگرین کە یاسادانەر مەبەستەکانی راژەی فەرمانبەری گرێبەستی ئەژمارەکردووە بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی ، ئەوا لە ناو هیچ یەک لەو مەبەستەکاندا دەقێکی یاسایی نەهاتووە بۆ ئەژمارکردنی مۆڵەتی کەڵەکەبوویان لە پای ئەو ماوەی راژەیەی کە پێشکەشیان کردووە ، هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٦٩/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٨/٢١) [٢٩] دووپاتیکردۆتەوە کە ئەو فەرمانبەرەی بە سیفەتی گرێبەست کاری کردووە شایستەی مووچەی مۆڵەتی کۆکراوە نابێت لە ماوەی گرێبەستەکەیدا و هەروەها وەزارەتی دارایی عێراقیش لە نوسراوی ژمارە (١٨٨٣١ لە ٢٠١٧/٨/٩) بە هەمانشێوە دوپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە لەبەر ئەوەی مەبەستەکانی ئەژمارکردنی راژەی فەرمانبەرانی گرێبەست لە دەقی یاسای بوجەی گشتی ژمارە (٤٤)ی ساڵی ٢٠١٧ بە دیاریکراوی هاتووە کە بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی ئەژمار دەکرێت و هیچ دەقێک لەسەر ئەوە نەهاتووە کە بۆ مەبەستی ئەژمارکردنی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانیش ئەژمار بکرێت. بۆیە ماوەی راژەکەیان مۆڵەتی کەڵەکەبووی لەسەر ئەژمار ناکرێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە روونکرایەوە. ئەوا فەرمانبەری گرێبەست لەپاش دامەزراندنی بە هەمیشەیی ماوەی گرێبەستەکەی بۆ مەبەستی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکان ئەژمارناکرێت. لەبەر ئەوەی لە دەقی یاسادا بەراشکاوانە دەقێکی لەم چەشنە نەهاتووە و هەروەها بەپێی یاسای راژەی شارستانی دانەمەزراون بە شێوەی هەمیشەیی ، بەڵکو دامەزراندنەکەیان بە شێوەی کاتی بووە بۆ ماوەی هاتوو لە ناو گرێبەستەکەدایە.

---

[٢٩] "لايستحق الموظف الذي كان يعمل بصفة العقد، أو ممن احتسبت له مدة ممارسة مهنة المحاماة ، اجازات اعتيادية عن فترة العقد أو ممارسة مهنة المحاماة ٢٠١٦." قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٩، المصدر السابق، ص ١٧٤.

(٢٤)

## گەشتکردنی فەرمانبەر بۆ دەرەوەی وڵات

هەندێکجار فەرمانبەر مۆڵەت وەردەگرێت ئیتر ئایا مۆڵەتی ئاسایی بێت یان نەخۆشی و لەو ماوەیەشدا سەردانی دەرەوەی وڵات دەکات بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش یان بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی ، لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە کایەوە کە ئایا فەرمانبەر پابەندە بەوەی فەرمانگەکەی ئاگادار بکاتەوە بەوەی گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات یاخود پێویست بەو ئاگادارکردنەوەیە ناکات؟ ئایا گەر فەرمانگەکەی ئاگادار نەکردەوە دەکرێت دواتر لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە لە خوارەوە بە چەند خاڵێک روونکردنەوەی پێشکەش دەکەین :

**یەکەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٤٤/ یەکەم) لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق، گەشتکردن بۆ دەرەوە یان ناوەوەی عێراق مافێکی دەستورییە و هیچ کۆت بەندێکی لەسەر دانەنراوە و هاوڵاتیان ئازادن لە گەشت و سەفەرکردن، بەڵام بێگومان ئەم مافە سەبارەت بە فەرمانبەر لەبەر ئەوەی پەیوەندیی نێوان خۆی و فەرمانگەکەی پەیوەندییەکی تەنزیمیە و یاسا و رێنماییەکان رێکیانخستووە، ئەوا لەم کاتەدا و لە روانگەی بەرژەوەندی گشتییەوە دەکرێت ئەم مافە لەبەر رۆشنایی دەستووردا رێکبخرێت .

**دووەم:** بە گوێرەی رێنمایی ژمارە (٥٤)ی ساڵی ١٩٦٨ و هەروەها نوسراوی ژمارە (٦٨٥٠ لە ٢٠١٧/٣/٢٠) وەزارەتی دارایی عێراق پێویستە لەسەر ئەو فەرمانبەرەی کە مۆڵەت وەردەگرێت و گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات تا فەرمانگەکەی ئاگادار بکاتەوە بەوەی دەیەوێت بچێتە دەرەوەی وڵات، چونکە لە نێو پاسپۆرتدا ، وەزیفەی هاوڵاتی نانوسرێت تا بزانرێت کە ئایا ئەم هاوڵاتییەی سەفەر دەکات فەرمانبەرە یان نا ، لەسەر ئەو بنەمایەش دەبێت کاتێک فەرمانبەر مۆڵەتەکە وەردەگرێت ئاگاداری فەرمانگەکەی بکاتەوە کە مۆڵەت وەرگرتنەکەی بۆ

**مەبەستی گەشتکردنە بۆ دەرەوەی وڵات ئیتر ئایا بۆ گەشتی ئاسایی بێت یان گەشتکردنی بۆ مەبەستی چارەسەری پزیشکی .**

**سێیەم: دادگای باڵای کارگێڕیی لە عێراق دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە پەیوەندی فەرمانبەر پەیوەندییەکی تەنزیمیە و لە روانگەی ئەم پەیوەندییەشەوە پێویستە کاتێک سەردانی دەرەوەی وڵات دەکات، ئاگاداری فەرمانگەکەی بکاتەوە و لە هەمان کاتدا دەسەلاتی کارگێڕیش مافی خۆیەتی پیادەکردنی مافی دەستووری گەشتکردن رێک بخات بە جۆرێک کە نەبێت هۆی پێشێلکردنی بەرژەوەندی گشتی و هەروەها دەستەبەری ئەم مافە دەستورییەش بکات، لە هەمان کاتدا دادگای ناوبراو بۆ ئەوە رۆیشتووە کە گەشتکردنی فەرمانبەر بۆ دەرەوەی وڵات ئاگادار کردنەوەی فەرمانگەکەی لەم بارەیەوە هیچ کات پێشێلی ئەو مافە دەستوورییە ناکات، گەرهاتوو بێ ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەکەی سەفەری کرد، ئەوا لەم کاتەدا پێشێلی ئەرکەکانی وەزیفەکەی کردووە و لەم بەرەنجامەشەوە بەرپرسیارێتی بەرزەفتکاریی بۆ دروست دەبێت بە جۆرێک کە سزای بەرزەفتکاری بسەپێنرێت بەسەریدا . بەلام بە جۆرێک کە زیادەرەوەی نەکرێت لەسەپاندنی سزاکەدا . هەروەک دادگای ناوبراو لەبڕیاری ژمارە ( ٦١٨/ قەزای فەرمانبەران / پێداچوونەوە/٢٠١٦ لە ٢٠١٩/٣/٢٠) [٣٠] بڕیاری لە بارەوە داوە .  لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە پێویستە فەرمانبەر کاتێک کە گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات، لە نێو داواکاری وەرگرتنی مۆلەتەکەیدا ئاگاداری فەرمانگەکەی بکاتەوە بەوەی کە لە ماوەی مۆڵەتەکەیدا سەفەری دەرەوەی وڵات دەکات، بێگومان ئەمەش لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەکەیە بەپلەی یەکەم لە حاڵەتی روودانی هەر دۆخێکی چاوەران نەکرابوو بۆ فەرمانبەرەکە لەمیانەی گەشتەکەیدا گەرهاتوو نەیتوانی بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی .**

---

[٣٠]" **للإدارة تنظيم سفر موظفيها بما لايخل بالمصلحة العامة ويكفل حرية السفر المنصوص عليه دستوريا.**" قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٩، المصدر السابق، ص ٣٨٣.

(٢٥)

## تاوانی گەندەڵی بە ئەنقەست و عەزلکردنی فەرمانبەر

عەزلکردن سەختترین سزای بەرزەفتکارییە کە دەکرێت بسەپێنرێت بەسەر فەرمانبەردا بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی (٨/هەشتەم) لە یاسای بەرزەفتەکردن فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و بۆ هەمیشەیی فەرمانبەرەکە لە وەزیفە دوور دەخرێتەوە و رێگەپێدراو نییە کە دووبارە دابمەزرێتەوە لە وەزیفەی گشتیدا. ئەم سزایە لەبەر ترسناکییەکەی، یاسادانەر دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە تەنها دەبێت لەلایەن وەزیرەوە بسەپێنرێت، واتە تایبەتمەندی شەخسی (اختصاص الشخصی) وەزیرە و هەروەها دەبێت هۆکارەکانی بە روونی لە بریاری عەزلکردنەکەدا هاتبن.

بڕیاری عەزلکردن دەکرێت هەندێکجار بڕیارێکی دروستکار (منشأ) بێت و دەگونجێت هەندێکجار بریارێکی ئاشکراکار (کاشف) بێت، کە لەم کاتەدا دەسەڵاتە کارگێڕییەکە دەسەڵاتی کۆتوبەند کراوە و ناتوانێت بڕیاری عەزلکردنەکە دەرنەکات.

لە هەندێک بڕیاری تەشریعی و یاسای دیکەشدا، بابەتی عەزلکردنی فەرمانبەر باسی لێوەکراوە کە دواجار بڕیاری عەزلکردنەکە دەبێتە بڕیارێکی ئاشکراکار بۆ دەسەڵاتی کارگێڕیی . بۆ نمونە بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٣ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) گەرهاتوو فەرمانبەر حوکمدرا بە تاوانی دزی یان بەرتیلخۆی یاخود ئیختیلاس ئەوا لەم کاتەدا راستەوخۆ عەزلکردنی فەرمانبەرەکەی بە دوادا دێت بە حوکمی یاسا، بەو مانایەی کە دەرچوونی حوکم بە تاوانبار کردنی فەرمانبەر بە یەکێک لەو سێ تاوانەی ناویان هات، فەرمانبەرەکە بە حوکمی یاسا بە عەزلکراو لە وەزیفە دادەنرێت و ئەهلیەتی وەزیفی لە دەستدەدات، یاخود بە گوێرەی (سیانزەیەم/پێنجەم/٢) لە یاسای دەستەی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، هەر فەرمانبەرێک حوکم بدرێت بە تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست ئەوا راستەوخۆ

به عەزلکراو لە وەزیفە دادەنرێت هەر کات حوکمەکەی پلەی بنبڕی وەگرت ، بەمجۆرەش یاسادانەر بڕیاری عەزلکردنەکەی وەک بڕیارێکی ئاشکراو کار داناوە و فەرمانبەرەکە لەگەڵ گەیشتنی پلەی حوکمەکەی بە پلەی بنبڕ ئیتر ئەهلیەتی وەزیفی لە دەست دەدات، لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات گەرهاتوو دەسەلاتە کارگێڕییەکە فەرمانی عەزلکردنەکەی دەرنەکرد، ئایا چی روودەدات؟ ئایا کاریگەری دەبێت لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەرە حوکمدراوەکە؟

گەر سەرنج بدەین لە هەردوو بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان، یاسادانەر بڕیاری دەرکردنی سزای عەزلکردنەکەی وەک بڕیارێکی ئاشکرا کار داناوە و تەنانەت گەر بڕیاری عەزلکردنەکەش دەرنەچێت ئەوا دەرنەکردنی بریارەکە هیچ لەپێگەی یاسایی فەرمانبەرە حوکمدراوەکە ناگۆڕێت و بە حوکمی قانون فەرمانبەرەکە بە عەزلکراو دادەنرێت و ئەهلیەتی وەزیفی لەدەستدەدات و وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی لێ دێت و پەیوەندی بە وەزیفەوە نامێنێت، یاخود تەنانەت گەرهاتوو بڕیاری عەزلکردنەکە لەلایەن جگە لە وەزیرەوە دەرچووبوو وەک بریکاری وەزارەت یان بەرێوەبەری گشتی ئەوا هیچ لە دۆخی فەرمانبەرەکە ناگۆڕێت و بە عەزلکراو دادەنرێت هەروەک لە لایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێڕیی لە بڕیاری ژمارە (٩٠٨/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە/٢٠١٧ لە ٢٠١٩/٧/٢٥) [٣١] جەختی لەم بابەتە کردۆتەوە و ئاماژەی بەوە داوە کە لە کاتی سەپاندنی سزای عەزلکردن وەک سزایەکی پاشکۆیی (تبعی) بۆ حوکمێکی سزایی مەرج نییە بڕیارەکە بە واژۆی وەزیر دەرچووبێت، لە وردەکاری بڕیارەکەیدا دادگای ناوبراو ئاماژە ئەم جۆرە عەزلکردنەکە سزایەکی پاشکۆییە کە راستەوخۆ بە دوای حوکمێکی سزاییدا دێت بە حوکمی قانون و با بڕیاری سزادانەکەش لەلایەن وەزیرەوە واژۆ نەکرابێت..

---

(٣١) "لايشترط في عقوبة العزل المفروضة كعقوبة تبعية لحكم جزائي ان تصدر بتوقيع الوزير."
قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٩، المصدر السابق، ص ٤١٧.

لەبەرەنجامی ئەوەی لە پێشەوە خرایە روو بۆمان دەردەکەوێت کە سزای عەزلکردنی فەرمانبەر لەوحاڵەتەی باسمان کرد سزایەکی پاشکۆییە و دەسەلاتی کارگێڕیی پێویستە بە تەواوی پابەندبێت بە بڕیارە سزاییەکە و بڕیاری عەزلکردنەکەی بۆ دەربکات، بەپێچەوانەوە، دەرنەکردنی بریاری عەزلکردنەکە ئیتر چ لەلایەن وەزیرەوە بێت یان بەرێوەبەرێکی گشتییەوە هیچ لە پێگەی یاسایی فەرمانبەرە حوکمدراوەکە ناگۆڕێت و فەرمانبەرەکە لەگەڵ دەرچوونی حوکمەکە و گەیشتنی بە پلەی بنبڕ ئەوا بە عەزلکراو لە وەزیفە دادەنرێت بە حوکمی قانون تەنانەت ئەگەر بریاری عەزلکردنەکەیشی بۆ دەرنەچووبێت ، تەنانەت گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لە وەزیفە مایەوە سەرەرای دەرچوونی حوکمدانی و حوکمەیشی پلەی بنبڕی وەرگرت، ئەوا لەم کاتەدا هەموو ئەو کاروبارانەی ئەنجامی دەدات بەنایاسایی دادەنرێت و هەر بڕیارێک دەربکات بە بریاری نەبوو (معدوم) دادەنرێت.

(٢٦)

## جیاوازی نێوان لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێریی و لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەئەستۆکردن (التضمین)

له نێوان هەریەک له لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی و لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەئەستۆکردن، چەند جیاوازییەکە هەیە کە لە خوارەوە روونیان دەکەینەوە:

**یەکەم:** هەریەک لە لیژنەی لەئەستۆکردن و لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی ، دوو رێککارن بۆ دەرکردنی دووبڕیاری جیاواز کە هەر یەکەیان سروشتێکی تایبەتیان هەیە، لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەئەستۆکردن رێککارێکی شکلی جەوهەری دەق لەسەرهاتووە لە ماددەی (٣) ی یاسای لەئەستۆکردنی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٢٠ بۆ بڕیاردان لە قەرەبووپێکردنەوەی فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی لە پای ئەو زەرەرو زیانەی کە بەر ماڵ و سامانی گشتیان گەیاندووە، کە ئەم بابەتەش زیاتر سروشتێکی شارستانی هەیە و بەدەرکردنە لەسەر تایبەتمەندێتی دادگای بەرایی، بەڵام لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی بە هەمانشێوە رێککارێکی شکلی جەوهەریی دەق لەسەرهاتووە لە ماددەی (١٠/یەکەم)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و بۆ سزادانی فەرمانبەر لە پای ئەو سەرپێچییەی ئەنجامی داوە بە یەکێک لەو سزایانەی کە لە یاساکەدا هاتووە و زیاتر سروشتێکی سزایی زاڵە بەسەریدا.

**دووەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣/سێیەم)ی یاسای لەئەستۆکردن ، لیژنەکە وەک لیژنەیەکی هەمیشەیی دادەنرێت بەو مانایەی کە لیژنەی لە ئەستۆکردن پێشتر پێکهێنراوە بەو جۆرەی لە یاساکەدا هاتووە بەڵام لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی زیاتر سروشتێکی کاتی هەیە و لەگەڵ روداونی سەرپێچی بەرزەفتکاریی لیژنەکە پێکدەهێنرێت وەک نەریتێکی بەردەوامی وەزارەت و فەرمانگەکان .

**سێیەم:** لیژنەی لەئەستۆکردن تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوەکردن لەو هەڵەیەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامیداوە و پاشان لێکۆڵینەوەکردن لە خودی زیانەکە و

هەروەها دڵنیابوونەوە لە پەیوەندی هۆکاریێتی نێوان هەڵەکە و زیانەکە و دیاریکردنی بڕی پێبژێراو بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بنەمایە، بڕیار بدرێت بەپابەندکردنی فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی کە بەر ماڵی گشتی گەیاندووەن، بەڵام لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی دەکۆڵێتەوە لە پەیوەندی نێوان فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە و ئەو سەرپێچییەی کە دراوەتە پاڵی و لێکۆڵینەوە لە هۆکار و کاتی رودانی سەرپێچییەکە دواتر پێشنیارکردن بە سزادانی فەرمانبەرەکە یاخود داخستنی دۆسیەکە و سزانەدانی .

**چوارەم:** لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لەلایەن هەر لایەنێکەوە پێکبهێنرێت، ئیتر وەزیر بێت یان سەرۆکی فەرمانگە، یان فەرمانبەری دەسەڵاتپێدراو بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١)ی یاساکە، ئەوا کۆنووسی لیژنەکە هەر لەلایەن ئەو لایەنەوە پەسەند دەکرێت کە لیژنەکەی پێکهێناوە، بەڵام لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەئەستۆکردن گەرهاتوو پێکهێنرابوو لەلایەن ئەو کەسەی کە دەسەڵاتی پێدرابوو . وەک ئەوەی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگار دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەکەی پێدابوو بۆ نمونە لیژنەکە لەلایەن بەرێوبەرێکی گشتی یان قایمقامێکەوە پێکهێنرابوو کە دەسەڵاتیان بۆ دابەزی بوو، ئەوا لەم کاتەدا کۆنووس و راسپاردەکانی لیژنەکە هەر لەلایەن وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگارەوە پەسەند دەکرێت، با بەرێوەبەرە گشتیەکە یان قایمقامەکەش لیژنەکەی پێکهێنابێت.

**پێنجەم:** کاتێک لیژنەی لێکۆڵینەوە راسپاردەکانی ئاراستەی لایەنی تایبەتمەند دەکات، یاساکە پابەندی نەکردووە بەوەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا بڕیار لە راسپاردەکانی لیژنەکە بدات . بەڵام لە یاسای لەئەستۆکرندا، یاسادانەر لایەنی تایبەتمەندی پابەندکردووە بەوەی کە پێویستە لە ماوەی (٧) حەوت رۆژدا لە رۆژی وەرگرتنی راسپاردەکان، بڕیار بدات بەلەئەستۆکردن یان لەئەستۆنەکردن، ئەمەش بە گوێرەی ماددەی (٧)ی یاسای لەئەستۆکردن لە هەرێمی کوردستان.

**شەشەم:** حوکمەکانی یاسای لە ئەستۆکردن بە گوێرەی ماددەی (٢) ی یاساکە ، جێبەجێدەکرێت بەسەر فەرمانبەر و راسپێردراو بە خزمەتی گشتی (مکلف بخدمة عامة) بە گوێرەی ئەو پێناسە فراوانەی یاساکە بۆ فەرمانبەر وراسپێردراو بە راژەی گشتی هێناوە، بەڵام حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران تەنها جێبەجێدەبێت بەسەر فەرمانبەراندا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢/ یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران و بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی کە یاسادانەر لە ماددەی (١/سێیەم) بۆ فەرمانبەری هێناوە .

**حەوتەم:** هەر کات فەرمانبەر پەیوەندی فەرمانبەرێتی نەما، ئیتر بە هۆی خانەنشینییەوە بێت یان دەستلەکارکێشانەوە یان دانانی بە دەستلەکارکێشراو یا بە هۆی عەزلکردن یان دەرکردنەوە (اقصاء) بێت، ئەوا ناتوانرێت لێکۆڵینەوەی کارگێریی لەگەڵ بکرێت و پێشنیاری سزادانی بۆ بکرێت ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢٢)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران . بەڵام حوکمەکانی یاسای لەئەستۆکردن جێبەجێدەکرێن بەسەر فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی تەنانەت با لە وەزیفەشدا نەمابن یان ئەو ئەرکەیان لەئەستۆدا نەمابێت کە خراوەتە ئەستۆیان، گرنگ ئەوەیە لەو ماوەیەی کە سیفەتی وەزیفیان هەبووە هەڵەکەیان ئەنجامدابێت و زیانەکەیان خستبێتەوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە خرایە روو، هەریەک لەو دوو جۆرە لیژنەیە لە تەواوی رووەکانەوە لە یەکتر جیاوازن، لەبەر ئەوە رێگەپێدراو نییە کە لیژنەیەک پیادەی تایبەتمەندی هەردوو لیژنەکە بکات، ئەو مانایەی کە نە لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێریی دەتوانێت پێشنیار لەئەستۆکردن بۆ فەرمانبەر بکات و نە لیژنەی لێکۆڵینەوە لەئەستۆکردنیش دەتوانێت پێشنیاری سزادان بۆ

**فەرمانبەر بکات، بەڵکو هەردوو لیژنەکە تەواو لەیەکتر سەربەخۆن و ڕێگە پێدراو پیادەی تایبەتمەندی یەکتر بکەن[٣٢].**

[٣٢] خوێنەری بەرێز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دانراومان (شرۆڤەی یاسای لەئەستۆکردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی یادگار، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠٢١.

(٢٧)

## ليژنەكانی لێكۆڵینەوە و سوێنددانی كەسانی شارەزا (الخبیر)

ليژنەی لێكۆڵینەوەی كارگێڕیی پێكهاتوو بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (١٠/ یەكەم) لە یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ یاخود لیژنەی لێكۆڵینەوەی پێكهاتوو بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (٣) لە یاسای لەئەستۆكردن لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ ، رەنگە بۆ تەواوكردنی لێكۆڵینەوەكانیان و پێشنیاركردن بۆ سزادان یان سزانەدانی فەرمانبەر یاخود پێشنیاركردن بە لەئەستۆكردنی فەرمانبەر یان لەئەستۆ نەكردن ، پێویستیان بەوە هەبووبێت تا پشت بە راپۆرتی كەسانی شارەزا و پسپۆر ببەستن هەروەک ماددەی (٥/ چوارەم) لە یاسای لەئەستۆكردن دەقی لەسەر هێناوە كە لیژنەی لێكۆڵینەوە دەتوانێت پشت بە كەسانی شارەزا و تایبەتمەند ببەستێت، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت. ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە كە ئایا هەردوو لیژنەی ئاماژە پێكراوی لای سەرەوە لە كاتی وەرگرتنی شارەزایی پێویست دەكات سوێندی كەسی شارەزا بدەن؟ ئایا دەسەلاتیان هەیە سوێندی بدەن؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە لە خوارەوە بە چەند سەرنجێک روونكردنەوە دەدەین :

**یەكەم:** گەرانەوە بۆ وەرگرتنی رای شارەزا یان راپۆرتی كەسانی شارەزا، هەرچەند لە یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرای دەولەت و كەرتی گشتی نەهاتووە، بەڵام لە یاسای لەئەستۆكردن هاتووە، بەلام لەبەر ئەوەی یەكێک لە ئامرازەكانی لێكۆڵینەوەكردن بە مەبەستی گەیشتن بە راستی ئەو بابەتەی لێكۆڵینەوەی لە بارەوە دەكرێت، بۆیە بەبڕوای ئێمە لیژنەی لێكۆڵینەوەی كارگێڕیی پێكهاتوو بە گوێرەی یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەولەت دەتوانن پەنای بۆ ببەن هەر كات دەركەوت كە رۆڵی بەرچاو وكاریگەری دەبێت لەیەكلاكردنەوەی دۆسیەكە، سەبارەت بە یاسای لەئەستۆكردنیش ئەوا وەک روونمان كردەوە یاسادانەر دەقی لە بارەیەوە هێناوە و لەم وبارەدا گرفتمان نیە.

**دووەم:** هیچ یەک لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەران و هەروەها یاسا لەئەستۆکردن باسیان لە وردەکاری و حوکمەکانی شارەزا نەکردووە هەروەک باسیشیان لە وردەکاری و حوکمەکانی گەواهیدەریش (الشاهد) نەکردووە. ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە پێویستە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەل ئەم بابەتە بگەڕێینەوە بۆ حوکمە گشتییەکانی تایبەت بەم بوارەو بۆ بابەتی شارەزایش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ یاسایی سەلماندنی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ .

**سێیەم:** لە ماددەی (١٣٤/ دووەم) لە یاسای سەلماندندا هاتووە گەرهاتوو کەسی شارەزا لە نێو خشتەی شارەزایاند نەبوو ئەوا پێویستە پێش ئەوەی شارەزاییەکەی پێشکەش بکات سوێند بدرێت بەوەی ئەرکەکەی بە راستگۆیی و ئەمانەتدارییەوە ئەنجام دەدات... بەڵام گەرهاتوو شارەزاکە لە نێو خشتەی شارەزایاندا بوو ئەوا لەبەر ئەوەی لەسەرەتاوە سوێندی خواردووە ئیتر پێویست بەدووبارە سوێندانی ناکات.

**چوارەم:** لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی و لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەئەستۆکردن لەبەر ئەوەی کە پێشنیارەکانیان دواتر دەبێتە بڕیارێکی کارگێریی کاریگەر و ئاسەوار دەخاتەوە لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەر، ئەوا بەبڕوای ئێمە پێویستە مەرجەکانی هاتوو بۆ وەرگرتنی رای شارەزا بە گوێرەی یاسای تایبەتمەند رەچاو بکەن لە نێویشیاندا سوێند دانی کەسی شارەزا . بەپێچەوانەوەی کارەکەیان لەرووی یاساییەوە دوست نابێت هەروەک لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێریی لە بڕیاری ژمارە (١٥٥٦/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٧/٢٥) [٣٣] دووپاتی ئەم بابەتەی کردۆتەوە و بڕیاری داوە بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی عەزلکردن کە دەرهەق بە فەرمانبەرێک دەرچووە و لە نێو یەکێک لە بەڵگەکانیشدا لیژنەی لێکۆڵینەوەکە پشتی بە راپۆرتی شارەزایان بەستووە و لەم بارەیەشەوە لە وردەکاری بریاری دادگادا هاتووە کە دادگای قەزای فەرمانبەران پشتی بەستووە بە راپۆرتی شارەزایان کە لە بنەڕەتدا

---

[٣٣] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٩، المصدر السابق، ص ٤٥٦.

لیـژنەی لێکـۆڵینەوەکە پشـتی پێبەسـتووە بـۆ ئەوەی تێبینـی ئەوە بکـات کە شارەزاکان سوێندی یاساییان نەخـواردووە و بەم هۆیەشـەوە رێگەپێـدراو نـیە کە کە راپـۆرتەکە قبـوڵ بکرێـت لەبەر ئەوەی سـوێندیان نەخـواردووە بە گـوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٣٤/دووەم) لە یاسای سەلماندنی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، بەبروای ئـێمە پێویسـتە هەرکـات لیـژنەی لێکۆڵینـەوە ئیـتر لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی بێت یاخود لەئەستۆکردن، ویستی پشـت ببەستێت بە کەسانی شارەزا، ئەوا پێویست دەکات بە گوێرەی یاسـاکە سـوێندیان بدات، بە پێچەوانـەوە  کاروبارەکانی لەم رووەوە  بە نادروست دادەنرێن.

## (٢٨)

## دەستبەسەراگرتنی ماڵی نەگوازراوەی قەرزار لەلایەن فەرمانگەکانەوە

یاسادانەر لە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ دا، دەسەڵاتێکی تایبەتی داوە بە وەزیر و بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەری شارەوانی سەنتەری پارێزگاکان و پارێزگارەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و هەر فەرمانبەرێکی دیکە کە وەزیر دەسەڵاتی پێ بدات، بۆ ئەوەی هەستن بە پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکاری داد بەمەبەستی وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانەی کە یاسادانەر لە ئەحکامی ماددەی (١)ی یاساکەدا دەقی لەسەر هێناوە ، بێگومان ئەمەش دوای ئەنجامدانی کۆمەڵێک ڕێککاری شکلی جەوهەری کە یاسادانەر لە یاساکەدا دەقی لە بارەوە هێناوە، کە دەسەلاتی ئەوانەی لە پێشەوە ناویان هات کورت دەبێتەوە لە جێبەجێکردن لەسەر ماڵی گوازراوەی قەرزار ، بەڵام بە پێی ئەوەی بیستوومان یان بەرچاومان کەوتووە هەندێک لە فەرمانگەکان ، زیاتر لەم دەسەلاتە پیادە دەکەن و جێبەجێکردن لەسەر ماڵی نەگوازراوەی قەرزاریش ئەنجام دەدەن، کە ئەمەش لەگەڵ حوکمەکانی یاساکەدا ناکۆکە، بۆیە لە خوارەوە بە چەند خاڵێک لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوە پێشکەش دەکەین :

**یەکەم:** یاسادانەر تایبەتمەندی ئەوانەی لە پێشەوە ناویان هات دەستنیشان کردووە لە پیادەکردنی دەسەلاتەکانی جێبەجێکاری داد (منفذ العدل) دەربارەی جێبەجێکردن لەسەر ماڵی گوازراوەی (أموال المنقولة) قەرزار، ئیتر چ دەستبەسەراگرتنی مووچەی قەرزار بێت بە گوێرەی ئەو ڕێژەیەی کە یاسادانەر لە ماددەی (٨٢)ی یاسای جێبەجێکردنی ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ دا دەقی لە بارەیەوە هێناوە، یاخود دەستبەسەراگرتنی هەر ماڵێکی دیکە گوازراوەی قەرزار بێت، بێگومان ئەمەش بە ڕەچاوکردنی تەواوی ئەو ڕێککار و ماوە یاساییانەی کە یاسادانەر دەستنیشانکردووە بۆ پیادەکردنی ئەم تایبەتمەندییە.

**دووەم:** دەربارەی جێبەجێکردن لەسەر ماڵی نەگوازاروەی(أموال غير المنقولة) کەسی قەرزار ئەوا ئەم بابەتە یاسادانەر لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەوانە دایناوە کە یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان دەسەلاتی جێبەجێکاری پێداون، بەلکو تایبەتمەندی ئەم بابەتە دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی جێبەجێکاری دادەوە، بەم مەرجانەی لای خوارەوە :

١- پێویستە فەرمانگە حکومییەکە، پێشتر رێوشوێن و رێککارەکانی جێبەجێکردن لەسەر ماڵی گوازراوەی قەرزاری ئەنجام دابێت و دڵنیا بووبێتەوە لەوەی کە کەسی قەرزار هیچ ماڵ و سامانێکی گوازراوەی ئەوتۆی نییە کە قەرزەکانی لێ وەربگیرێتەوە یاخود ماڵ و سامانی هەیە بەڵام بەشی دانەوەی قەرزەکان ناکات .

٢- پێویستەئەوانەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان دەسەلاتی جێبەجێکاری پێداون راپۆرتێک ئامادە بکەن تیایدا ئەو بڕە قەرزەی لای کەسی قەرزار هەیە روون بکەنەوە و دەستنیشانی بکەن لەگەڵ تەواوی وردەکارییەکانی بابەتەکە، پاشان ئەم راپۆرتە ئاراستەی جێبەجێکاری دادی تایبەتمەند دەکرێت بۆ دەرکردنی بڕیاری دەستبەسەراگرتنی ماڵی نەگوازراوەی کەسی قەرزار . لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، فەرمانگە حکومییەکان و ئەوانەی دەسەلاتی جێبەجێکاری دادیان پێدراوە بە گوێرەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ، ناتوانن جێبەجێکردن بکەن لەسەر ماڵی نەگوازراوەی کەسی قەرزار ، بەڵکو تەنها دەتوانن لەسەر ماڵی گوازراوەی کەسی قەرزار ێبەجێ بکەن، بەپێچەوانەوە هەر بڕیارێک دەربکەن بە دەستبەسەراگرتنی ماڵی نەگوازراوەی کەسی قەرزار ، بڕیارەکەیان نایاسایی و پوچەڵکراوە دەبێت[٣٤] .

---

[٣٤] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە خوێنەری بەرێز دەتوانێت بگەرێتەوە بۆ دانراومان (شرۆڤەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ژمارە(٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧، چاپی یەکەم، چاپخانەی یادگار، لەبلاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار ، سلێمانی ، ٢٠١٩ .

(٢٩)

## ئايا سوپاس و پێزانینی زارەکی ئاسەواری یاسایی دەخاتەوە ؟

ڕەنگە هەندێکجار سەرۆک وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند یاخود ئەوەی دەسەڵاتی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینی هەیە لە بۆنەیەکدا سوپاس و پێزانین ئاراستەی فەرمانبەرانی فەرمانگەیەکی دیاریکراو بکات، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات کە ئایا ئەو سوپاس و پێزانینە لەم کاتانەدا ئاراستە دەکرێت ئاسەواری یاسایی دەخاتەوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی سوپاسەکەیان ئاراستەکراوە؟ لەم بارەیەوە لەبەر ڕۆشنایی فەتوایەکی ئەنجومەنی دەوڵەی عێراقیدا ڕوونکردنەوە دەدەین :

**یەکەم:** سوپاس و پێزانین بابەتێکی شەخسیە و پەیوەندی بە شەخسی ئەو فەرمانبەرە یان ئەو فەرمانبەرانەوە هەیە کە کارێکی جیاواز و تایبەتیان ئەنجامداوە و لەم کاتەشدا دەبێت لە ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانینەکەدا بە ڕوونی ناویان هاتبێت و ئاراستەیان کرابێت.

**دووەم:** سوپاس و پێزانین فەرمانێکی کارگێڕیی تاکەکەسییە (الفردية) و ئەمەش وا پێویست دەکات کە فەرمانبەرەکە بە ڕاشکاوانە و بە دروستی ناوی لە نێو فەرمانی سوپاس و پێزانینەکەدا هاتبێت کە بزانرێت بە دیاریکراوی مەبەست لە کام فەرمانبەرە و چ کارێکی جیاواز و تایبەتی ئەنجامداوە کە بە هۆیەوە سوپاس کراوە و پێویستە ئەو کارەی کراوە و بە هۆیەوە سوپاسەکە ئاراستەکراوە بە وردی باسکرابێت.

**سێیەم:**بە گوێرەی حوکمی ماددەی (٢١) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ، یاخود بڕیاری ژمارە (١٥٥)ی ساڵی ٢٠٠١ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) ئاسەواری یاسایی دەخەنەوە چ بۆ پێدانی پێشخستن بێت بەو مەبەستانەی کە یاسادانەر دەقی لەبارەوە هێناوە چ بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای بەرزەفتکاریی بێت وەک ئەوەی کە بڕگەی دووەمی ماددەی (٢١)ی یاسای بەرزەفتەکردن دەقی لەبارەوە هێناوە ،

**ئەمەش واپێویست دەکات لە فەرمانی سوپاسەکەدا وەک پێشتر روونمان کردەوە ناوی فەرمانبەرەکە و ئەو کارەی ئەنجامی داوە و بە هۆیەوە سوپاسکراوە تۆمار بکرێت.**

**لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، بۆ ئەوەی ئەو سوپاس و پێزانینەی کە ئاراستەی فەرمانبەر دەکرێت و ئەو ئاسەوارە بخاتەوە کە یاسادانەر دەقی لە بارەیەوە هێناوە، ئەوا پێویست دەکات سوپاس و پێزانینەکە بە نوسراوەکی بێت، بەپێچەوانەوەی سوپاس و پێزانینی زارەکی بە هەند وەرناگیرێت هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٩/٥٤)** [٣٥] **جەختی لەسەر کردۆتەوە .**

---

(٣٥) "**يجب أن يكون الشكر والتقدير مكتوبا لكي يرتب الآثار القانونية**". المصدر : قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٩ ، المصدر السابق، ص ١٣٨.

(٣٠)

## دووباره بوونەوەی فەسڵی وجوبی و عەزلکردنی فەرمانبەر

رەنگە هەندێکجار بە هۆی حوکمدانی فەرمانبەر لەسەر ئەنجامدانی تاوانێک بۆ ماوەیەک بەند بکرێت و پاش ئازادکرانی بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی و جارێکی دیکە فەسڵ بکرێتەوە بەهۆی دەرچوونی حوکمی دادگا دەرهەقی لەسەر تاوانێکی دیکە با تاوانەکانیش ئابڕوبەر نەبن و هیچ پەیوەندییەکیشیان بە وەزیفەی فەرمانبەرەکەوە نەبێت . بۆنموونە حوکمدانی فەرمانبەر بەبەندکردن لە سەر تاوانەکانی هاتوچۆ . پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا لە حاڵەتی دووبارە بوونەوەی ئەم حوکمدانانە . فەرمانبەرەکە عەزلدەکرێت لە کاتێکدا ئەو تاوانانەی فەرمانبەرەکەی لەسەر حوکم دراوە تاوانی ئابڕوبەر(مخلة بالشرف) نەبوون و هیچ پەیوەندییەکیشیان بە وەزیفەی فەرمانبەرەکەوە نەبووە ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە خوارەوە بە چەند خاڵێک روونکردنەوە تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، فەرمانبەر فەسڵ دەکرێت بە درێژایی ماوەنەوەی ئیتر بە زیندانیکردن (سجن) بێت یان بەندکردن(حبس) بێت، لەسەر تاوانێک کە ئابڕووبەر نەبێت، بەم جۆرە یاسادانەر تەکییفی زیندانیکردنی بە فەسڵکردن دەستنیشانکردووە گەرهاتوو ئەو تاوانەی فەرمانبەرەکەی لەسەر حوکمدرابوو تاوانێکی ئابڕووبەر نەبوو، کە لێرەدا دەسەلاتە کارگێڕییەکە دەسەڵاتی کۆت و بەندکراوە و رێگە پێدراونیە کە جگە لە فەسڵکردن، هیچ رێککارێکی دیکە بەرامبەر فەرمانبەرەکە بگرێتە بەر با حوکمدانەکەیشی بە بەبەندکردن بۆ ماوەیەکی زۆر کەمیش بێت.

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی یەکەمی لای سەرەوە . یاسادانەر سزای فەسڵکردنی وەک سزایەکی بەرزەفتکاریی (عقوبة انضباطية) بەکارهێناوە بۆ دۆخێک کە رەنگە بە دوور و نزیک پەیوەندی بە وەزیفەی فەرمانبەرەکەوە نەبێت و

لەبنەڕەتدا فەرمانبەرەکە کەسێکی زۆر نمونەیی بێت لە وەزیفەکەیدا و بە هۆی روداوێکی نەخوازراوی هاتوچۆوە حوکمی بەندکردنی درابێت، کە بەبروای ئێمە دەکرا یاسادانەر هاوشێوەی ماوەکانی راگیران (التوقیف) کەبە دەستپێکێشانەوە (سحب الید) تەکییفی کردووە، بە هەمانشێوە تەکییفێکی وەک دەستکێشانەوەی بۆ دەستینشان بکردایە نەک وەک سزایەکی بەرزەفتکاریی دەقی لەبارەوە بهێنایە.

**سێیەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/ هەشتەم/ ج) لە یاسای بەرزەفتەکردن، گەرهاتوو فەرمانبەر فەسڵکرابوو، دواتریش کارێکی ئەنجام دا کە شایستەی فەسڵکردن بێت ئەوا لەم کاتەدا ، لەبری فەسڵکردن، سزا عەزلکردنی بەسەردا دەسەپێنرێت ، ئیتر فەسڵکردنەکە فەسڵێکی وجوبی بێت بە هۆی حوکمدانی فەرمانبەرەکەوە بە تاوانێکی هاتووچۆ یان فەسلێکی جەوازی بێت لەبەرەنجامی پێشنیارکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی بە گوێرەی ئەو مەرجانەی کە یاسادانەر لە ماددەی (٨/حەوتەم/أ) دەقی لە بارەیەوە هێناوە . سەپاندنی سزای عەزلکردن لە وەزیفەش دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە فەرمانبەرەکە نەتوانێت دووبارە لە وەزیفەیەکی حکومیدا دابمەزرێتەوە بە هەمیشەیی .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، پێویستە فەرمانبەر عەزل بکرێت لەحاڵەتی ئەنجامدانی کارێک کە جارێکی دیکە شایستەی فەسڵکردن، با ئەو تاوانەی فەرمانبەرەکەی لەسەر حوکمدراوە بەبەندکردن یان زیندانیکردن پەیوەندی بە وەزیفەی فەرمانبەرەکەوە نەبێت و لە تاوانەکانی ئابروبەریش نەبێت .هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٩/١٥ لە ٢٠١٩/٢/٦) [٣٦]دووپاتیکردۆتەوە .

---

[٣٦] " يعزل الموظف من الوظيفة في حالة ارتكابه فعلا يستوجب الفصل مرة اخرى" المصدر : قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٩ ، المصدر السابق، ص ٥٣.

(٣١)

## دەربارەی مۆڵەتی نەخۆشی فەرمانبەر

یاسادانەر بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ماددەی (چل و شەشەم) ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراودا، حوکمەکانی شایستەبوون و پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی بە فەرمانبەران رێکخستووە، بۆ مەبەستی بەرچاو روونی زیاتر بە چەند خاڵێک حوکمەکان روون دەکەینەوە:

**یەکەم:** فەرمانبەر شایستەی مۆڵەتی نەخۆشی بە مووچەی تەواو دەبێت بە تێکرای (٣٠) رۆژ لە ساڵێکدا و هەروەها (٤٥) رۆژ بە نیو مووچە لە ساڵێکدا، ئەم جۆرە مۆڵەتەش وەک مۆڵەتی ئاسایی کەڵەکە دەبێت بۆ فەرمانبەر ، بەڵام ملکەچە بۆ هەمان کۆتی دیاریکردنی لای سەرەوە کە نابێت لە (١٨٠) رۆژ زیاتر ببێت.

**دووەم:** ئەو فەرمانبەرەی کە تازە دامەزراوە و لە ماوەی ئەزموونیدایە، بە هەمان شێوە شایستەی مۆڵەتی نەخۆشی دەبێت بە هەمان ئەو ماوەیەی کە لە خاڵی یەکەمی لای سەرەوە روونکرایەوە بە هەردوو جۆرە مۆڵەتەکەی بەو مەرجەی لە پاش جێگیربوونی لە شایستەبوونی دابشکێنرێت.

**سێیەم:** جگە لە کۆتو بەندی دیاریکردنی لای سەرووی کەڵەکەبوونی مۆڵەتی نەخۆشی، یاسادانەر، کۆتوبەندێکی دیکەشی هێناوە بۆ هەر نەخۆشکەوتنێکی فەرمانبەرەکە رێگەی نەداوە بە یەکجار و بەسەر یەکەوە مۆڵەتی نەخۆشی بدرێت بە فەرمانبەر بۆ ماوەیەک کە زیاتر بێت لە (١٢٠) رۆژ بەمووچەی تەواو و بە دوایشیدا (٩٠) رۆژ بە نیومووچە.

**چوارەم:** یاسادانەر لە پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی ریزبەندی دەستنیشان کردووە کە پێویستە دەسەڵاتە کارگێڕییەکە بەپێی شایستەبوون پێوەی پابەند بێت واتە لە حاڵەتی هەبوونی کەڵەکەبووی مۆڵەتی نەخۆشی فەرمانبەر، سەرەتا دەبێت مۆڵەتی نەخۆشی بە مووچەی تەواو بدرێت بە فەرمانبەرەکە و دواتر گەر ئەم رەسیدە نەما دەست دەبرێت بۆ مۆڵەتی نەخۆشی بە نیو مووچە و گەر هاتوو

ڕەسیدی مۆڵەتی نەخۆشی بە نیو مووچەش نەما ئەوا دەست دەبرێت بۆ مۆڵەتی ئاسایی و دواتر گەر ڕەسیدی مۆڵەتی ئاسایی نەما ئەو کات دەست دەبرێت بۆ مۆڵەتی بێ مووچە.

**پێنجەم:** لە ماوەی پێنج ساڵی پێش کۆتایی هاتنی دواهەمین مۆڵەتی نەخۆشی فەرمانبەرەکە، پێویستە ئەو مۆڵەتانەی دراون بە فەرمانبەرە نەخۆشەکە لانی سەرووی ماوەی مۆڵەت پێدانی تێنەپەڕاندبێت کە بریتییە لە (١٨٠) ڕۆژ بە مووچەی تەواو. واتە نابێت بۆ هەریەک لە مۆڵەتەکانی نەخۆشی بە مووچەی تەواو و نیو مووچە و مۆلەتی ئاسایی بە مووچەی تەواو و بەبێ مووچە ، بۆ هەر یەکەیان زیاتر لە (١٨٠) درابێت بە فەرمانبەرەکە لە ماوەی پێنج ساڵی پێش کۆتایی هاتنی دواهەمین مۆڵەت .

**شەشەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە هەموو ئەو مۆڵەتانەی لە ماوەی پێنج ساڵەکەدا تەواو کرد و هیچ ڕەسیدێکی مۆڵەتی نەخۆشی بە مووچەی تەواو و بە نیو مووچەو هەروەها مۆلەتی ئاسایی بە مووچەی تەواو و بە بێ مووچەی نەماوە بۆ هەر یەکەیان (١٨٠) ڕۆژی وەگرت، بەلام باری تەندروستی بەو جۆرە نەبوو بتوانێت دەستبەکاربێتەوە لە وەزیفەکەی، ئەوا لەم کاتەدا هەواڵەی خانەنشینی دەکرێت و ڕێگە پێدراو نییە دائیرەکەی مۆڵەتی دیکەی لەژێر هەر ناوێکدا بوو پێ بدات لەدەرەوەی ئەو ڕێژە مۆڵەتانەی ئاماژەی پێدرا.

**حەوتەم:** گەرهاتوو فەرمانبەر تووشی نەخۆشییەکی درێژخایەن هات وەك نەخۆشی سیل یان شێرپەنجە یان گەڕیی و ماوەی چارەسەرکردنەکەی زۆری دەخایاند یان هیوای چاکبوونەوەی نەبوو، ئەوا لەم کاتەدا نابێت ئەو مۆڵەتانەی پێ بدرێت بەو جۆرەی لە پێشەوە باسمان کرد، بەڵکو دەبێت مۆڵەتی درێژخایەن بدرێت بە فەرمانبەرەکە بۆ ماوەیەک کە ئەو پەڕی (٣) ساڵ بێت، ئەمەش بە گوێرەی ماددەی (٢/ یەکەم) لە یاسای پەککەوتنی تەندروستی فەرمانبەران ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٩، کە لە هەرێمی کوردستانیش بە گوێرەی گشتاندنی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ ماوەی (٣) ساڵ وەك مۆڵەتی درێژخایەن جێگیر کراوە بۆ فەرمانبەر.

**هەشتەم:** مۆڵەتی نەخۆشی بە راپۆرتی پزیشکی دەرچوو لە لایەنی تایبەتمەند دەدرێت و هەر یەک لە فەرمانبەر و دائیرەکەیشی لەم کاتەدا دەسەلاتیان کۆتوبەند کراوە و ناتوانن سەرپێچی بکەن بەلام دەتوانن تانەی لێ بدەن و گەر هاتوو فەرمانبەر لە ماوەی مۆلەتەکەیدا زووتر چاکبوویەوە ئەوا ناتوانێت دەستبەکار ببێتەوە تا ماوەی مۆلەتەکەی تەواو دەبێت مەگەربێتوو هەمان ئەو لیژنەیەی مۆلەتەکەی پێدابوو بە راپۆرتێکی دیکە سەلماندی کە فەرمانبەرەکە شیاوە بۆ دەستبەکاربونەوە لە وەزیفەکەی .

## (٣٢)

## پەیوەندی نێوان لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی و لێکۆڵینەوەی سزایی

هەندێکجار ئەو دۆسیەیانەی کە لەلایەن فەرمانگەکانەوە هەواڵەی دادگا کراون و تایبەت بوون بە فەرمانبەری گشتی بەو پاساوەی کە ئەو سەرپێچییەی ئەنجامی داوە تاوانی خستۆتەوە، ئەوە بەدی کراوە کە هەندێک لە دادوەرە بەڕێزەکان دووبارە داوا لە فەرمانگەکان دەکەن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی ئیتر بە هەر پاساوێک بێت، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی چ پەیوەندییەکی بە لێکۆڵینەوەی سزاییەوە هەیە دەکرێت بەم جۆرە دادگاکان لێکۆڵینەوەکانی خۆیان هەڵپەسێرن لەسەر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم بابەتە، لەرێگەی چەند خاڵێکەوە روونکردنەوە دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/ سێیەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ، گەرهاتوو ئەو سەرپێچییەی کە فەرمانبەرەکەی لەسەر هەواڵەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی کرابوو تاوانێکی دەخستەوە لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە یان بە سیفەتە فەرمییەکەی ئەنجامی دابوو، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە لیژنەکە پێشنیار بکات بە هەواڵەکردنی فەرمانبەرەکە بۆ دادگای تایبەتمەند، لەم بەرەنجامەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:

١- تایبەتمەندێتی لیژنەی لێکۆڵینەوە کورت دەبێتەوە لە لێکۆڵینەوە ئەو کارەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامیداوە و بریتییە لە سەرپێچی بەرزەفتکاریی (المخالفة الانضباطية) و گەر سیفەتەی کارەکە گۆرا بۆ تاوانێکی سزایی ئەوا لەم کاتەدا پێویستە (واجب) کە لیژنەکە پێشنیاربکات بە هەواڵەکردنی فەرمانبەرەکە بۆ دادگای تایبەتمەند.

٢- لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی لەرووی ئەو دەسەڵاتەی لێکۆڵینەوەکە دەکات و هەروەها لەرووی تایبەتمەندێتی و رێککارەکان و ئەو سزایەی کە دەتوانرێت لەم رێگەیەوە بسەپێنرێت بەسەر فەرمانبەرەکەدا ، تەواو جیاوازە لە لێکۆڵینەوەی سزایی و یاسادانەر بە وردی ئەم جیاوازییەی دەستنیشان کردووە رێگەی نەداوە کە تێکەڵ بکرێن.

**دووەم:** بەپێی ئەحکامی ماددەی (٢٣) لە یاسای بەرزەفتەکردن، بێتاواندەرچوون یان ئازادکرانی فەرمانبەر لە پای ئەو کارەی بە هۆیەوە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند کراوە، نابێتە رێگر لەسەپاندنی یەکێک لەو سزایانەی کە لەم یاسایەدا هاتوون. لەسەر بنەمای ئەم ماددەیە، یاسادانەر بە تەواوی پەیوەندی نێوان هەردوو لێکۆڵینەوە و بەرپرسیارێتییەکەی لە یەکتر دابڕاندووە و ناکرێت تێکەڵ بکرێن لەم رووەوە بەو جۆرەی کە لە هەندێک جێگەدا دەکرێت.
**سێیەم:** ئەنجومەنی شورای هەرێم لە فەتوایەکی راوێژکاریدا، دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی ناوەستێتەوە لەسەر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی یان تەواوبوونی، با لێکۆڵینەوەکان پەیوەندییان بە هەمان سەرپێچییەوە هەبێت. [٣٧] ئەم فەتوایەش بەروونی ئەوەمان پێ دەڵێت کە لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی و بەرپرسیارێتی بەرزەفتکاری (التحقيق الإدارى ومسؤلية الإنضباطية) تەواو جیاوازە لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی و بەرپرسیارێتی تاوانکاریی( التحقيق الجنائي و مسؤلية الجزائيه).
لەسەر ئەو بنەمای ئەوەی لە پێشەوە باسکرا، بەبروای ئێمە گەر بە وردی و پسپۆری لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی بکرێت، ئەوا دادوەر ناتوانێت وەک بەڵگەی

---

(٣٧) " **أن التحقيق الجنائي لا يتوقف على إجراء التحقيق الأداري أو إكماله، و ان تعلقت التحقيقات بالمخالفة ذاتها.**" قرار رقم (٢٠١١/١٧) منشور في المبادئ القانونية في قرارات و فتاوى مجلس شورى اقليم كوردستان – العراق لعام ٢٠١١، ط١، مطبعة الحاج هاشم، أربيل، ٢٠١٢، ص ٧٤.

یاسایی کەڵکی لێ وەربگرێت بۆ کاری لێکۆڵینەوەکەی ، مەگەر تەنها وەک قەرینەیەکی یاسایی و بەپێی سروشتی لێکۆڵینەوەکەی کەڵکی لێ وەربگرێت بۆیە هیوادارین لەم بارەیەوە رەچاوی جیاوازی ئەم دوو جۆرە لێکۆڵینەوە و بەرپرسیارێتییە بکرێت.

## (٣٣)

# ئیشکالیەتی بەرکاربوونی یاسا وەزیفییەکان و ماددەی (٣٧)ی یاسای ڕاژەی شارستانی بە نموونە

بە گوێرەی بڕگەی دووەم لە بڕیاری ژمارە (١١) لە ١٩٩٢/٨/٣١ی پەرلەمانی کوردستان کار بە ئەحکامی ئەو یاسا و بڕیار و پێڕەوو ڕێنماییانە لە هەرێمی کوردستان ناکرێت کە لەلایەن دەسەلاتی حکومەتی ناوەندییەوە دەرچوون یان لەپاش کشانەوەی ئیدارە حکومیەکان لە ١٩٩١/١٠/٢٣ دەردەچن، مەگەر پەرلەمانی کوردستان بڕیار لەسەر ڕەوایی بەکارهێنانی لە ناو هەرێمدا بدات. لەسەر ئەو بنەمایەش جیابوونەوەیەکی تەشریعی روویدا لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندا لەو روانگەیەی کە هەرێم خۆی خاوەنی پەرلەمانی خۆیەتی و تایبەتمەندە بە کاری یاساکاری لە هەرێمدا، بەڵام لە پاش روخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩ و بەشداری کاریگەری کورد لە دەسەڵاتە سەرەکییەکانی حکومەتی ناوەند بەتایبەت دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن، بەڵام تا ئێستا ئەم بریارەی پەرلەمانی کوردستان وەک خۆی ماوەتەوە و هەڵنەوەشاوەتەوە ، هەرچەند حکومەتی هەرێم بەدەر لەو بریارە کاری بە هەندێک یاسای سەرەکی یان یاسای هەموارکار کردووە کە لە پاش ئەو رێکەوتە دەرچوون کە لە بریارەکەدا هاتووە بێ گەرانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی دەرکردنی یاسای بەرکاربوونیان، ئەمەش وای کردووە کە جۆرێک لە ناسەقامگیری و پشێوی یاسایی دروست ببێت و فەرمانگەکان نەزانن کار بە چ یاسا بکەن و کاریش بە چ یاسایەک نەک بە تایبەت ئەو یاسایانەی لە دوای ١٩٩١/١٠/٢٣ لە ناوەندەوە دەرچوون وپەرلەمانی کوردستان یاسای بەرکاربوونی بۆ دەرنەکردووە، بۆیە لە خوارەوە لە چەند خاڵێک سەرنجی یاسایی خۆمان لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی کاریان بە هەریەک لە یاساکانی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ و

**یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ [٣٨] و یاسای پەککەوتنی تەندروستی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٩ [٣٩] و یاسای دیاریکردنی کرێی یەکەکانی نیشتەجێبوونی فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی عێراقی فیدراڵ ژمارە (٦٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ [٤٠] و یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ [٤١]ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و یاسای ژمارە**

---

(٣٨) یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ بەبریاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦٩٣ لە ٢٠٠٨/٦/٢٥) و پاش مانگێک لە بڵاوکردنەوەی یاساکە لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی لە هەرێمی کوردستان خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە ، بەلام پەرلەمانی کوردستان پاش زیاتر لە پێنج لە کارپێکردنی یاساکە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە یاسای بەرکاربونی بۆ دەرکردووە بە یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٣.

(٣٩) وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم لە گشتاندنی ژمارە (٢) کە بە نوسراوی ژمارە (٨٧٣٠/٤/٩ لە ٢٠١٣/٥/٨) دەری کردووە، بڕیاری داوە کار بکرێت بە دەقی ماددەی (٢)لە یاسای پەککەوتنی تەندروستی ی فەرمانبەران ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٩ دەربارەی ماوەی مۆلەتی درێژخایەن لەسەر ئەم بنەمایەش ماوەی مۆلەتەکەی لە دوو ساڵەوە کردووە بە سێ ساڵ .

(٤٠) وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم لەبەر رۆشنایی یاسای ژمارە (٦٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ی عێراقدا هەستاوە بە دیاریکردنی بڕی لێبڕینی کرێی نیشتەجێبوونی فەرمانبەر لە یەکەکانی نیشتەجێبوونی فەرمانگەکانیاندا.

(٤١) قەزای کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستان (ئەنجومەنی شورای هەرێم) لە تەواوی ئەو داوا بەرزەفتکارییانەی تۆماردەکرێت لەلایەن فەرمانبەرانەوە لەبەردەم دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم بە تەواوی کار بە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دەکات و تەواوی بریارەکانی لەبەر رۆشنایی ئەو یاسایەدا دەردەکات کە لە هەرێم یاسای بەرزەکاربوونی پێ دەرنەچووە .

(٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای زیادکردنی مووچەی خانەنشینان ـ هەمواری یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ و یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ [٤٢]ی یاسای هەمواری ماددەی (چل و نۆیەم)ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ . بەم جۆرەش بۆمان دەردەکەوێت کە لە بواری یاساکانی تایبەت بە وەزیفەی گشتی ، حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی پابەند نەبوون بە بریاری ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستانەوە .

**دووەم:** بە گوێرەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ ، ماددەی (سی و حەوت)ی یاسای راژەی شارستانی بە تەواوی هەموارکرایەوە و لەسەر بنەمای هەموارکردنەوەکەش کاتێک کە فەرمانبەر لە وەزیفە دادەبڕێت ئیتر چ لە کاتی گواستنەوەی راژەکەی بێت یان دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی یاخود هەر دابڕانێکی دیکەی ئاسایی و بۆ ئەو ماوانەی کە یاسادانەر لە ماددەکەدا ئاماژەی پێداوە، ئەوا لەم کاتەدا پێویست بە ئاگادارکردنەوە (أخطار)ی فەرمانبەرەکە یان بڵاوکردنەوەی ئاگادارکردنەوەکە لە رۆژنامە ناکات و یاسادانەر ئەو دوو رێککارەی لە یاسا نوێیەکەدا لابردووە، لە کاتێکدا لە یاساکۆنەکەدا ئەو دوو رێککارە، دوو رێککاری شکلی جەوهەرین و لە حاڵەتی پەیرەو نەکردنیاندا، بریاری دانانی فەرمانبەر بە دەستلەکارکێشراوە نایاسایی دەبوو ، ئەمەش وایکردووە کە تا ئێستاش لە فەرمانگەکانی هەرێمدا کار بە یاسا کۆنەکە بکرێت و پەنا ببرێت بۆ ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەر یان بڵاوکردنەوەی ئاگادارکردنەوەکە لە رۆژنامە.

**سێیەم:** پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢ یاسای ژمارە (١)ی دەرکردکە تایبەت بە دابرانی فەرمانبەر لە وەزیفە و دانانی بە دەستلەکارکێشراوە کە ئەم

---

[٤٢] ئەم یاسای تایبەتە بەو فەرمانبەرانەی کە بە رەزامەندی فەرمانگەکانیان دەستلەکار دەکێشنەوە و لەسەر ئەم بنەمایەش شایستەی موچەی مۆلەتی کۆکراوە دەبن کە لە (١٨٠) رۆژ تێپەر نەکات و لە بواری کرداریدا بەرچاومان کەوتووە کە وەزارەتی دارایی بریاری بە خەرجکردنی مووچەی ئەم مۆلەتە داوە لە کاتی دەستلەکارکێشانەوەی فەرمانبەر بە رەزامەندی دائیرەکەی .

یاسایە بەشێوەی ناوەکیی (ضمنی) هەمواری بڕگەی(٣)ی ماددەی (سی و حەوت)ی یاسای راژەی شارستانی کردووە، چ لەرووی ماوەی دابرانەکە و چ لەرووی شێوازی ئەژمارکردنی ماوەکە و چ لە رووی رێککارەکانی بە دەستلەکارهەڵگرتوو دانانی فەرمانبەرەکە. لەم یاسایەی پەرلەمانی کوردستاندا، دەق لەسەر ئەوە نەهاتوو کە پێویستە فەرمانبەرەکە ئاگادار بکرێتەوە یان لە رۆژنامە ئاگادار بکرێتەوە . بەم جۆرەش بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەری هەرێم لەسەر هەمان شێوەی یاسادانەری عێراقی دەستی هەڵگرتووە لە بابەتی ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەر لە کاتی دابڕانی لە وەزیفە .

**چوارەم:** دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێم لە بڕیارێکی پێداچوونەوەیدا بە ژمارە (١١١/ دەستەی گشتی / بەرزەفتکاریی/ ٢٠١٣ لە ٢٠١٣/١١/١٨) پشتی بە ماددەی سی و حەوتەم بڕگەی (٢)ی یاسای ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ بەستووە کە هەموارکراوەتەوە بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ هەمان ئەو دەقەی بڕگەی (٢) ی ماددەکەی هێناوە کە لە یاسای هەمواری ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ دا هاتووە، لە کاتێکدا بڕگەی (٢)ی ماددەی سی و حەوتی پێش هەموارەکە ناوەرۆکێکی دیکەی هەبووە .

**پێنجەم:** ئەگەر بابەتی ئاگادارکردنەوەی (أخطار) فەرمانبەر بەو جۆرە وەربگرین کە لە ماددەی (سی و حەوت)ی پێش هەموارکردنەوەکە هاتووەو کار بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ نەکەین کە بابەتی ئاگادارکردنەوەی لا بردووە، ئەوا رووبەرووی ئیزدیواجیەتی مامەڵەکردن دەبینەوە لە حاڵەتی دابرانی فەرمانبەر لە وەزیفە کاتێک تەکییفی دابرانەکە بە پێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان بکەین، چونکە لە یاساکەی پەرلەماندا بە هیچ شێوەیەک ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرە دابراوەکە وەک رێککارێکی شکلی نەهێناوە و رێگەپێداو نیە کە دائیرەی فەرمانبەرەکە پەنای بۆ ببات چونکە یاساکە دەقی لە بارەیەوە نەهێناوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە خرایەروو گەرهاتوو کار بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٩ ی عێراق نەکەین کە هەمواری ماددەی (سی و حەوت)ی یاسای

**راژەی شارستانی کردۆتەوە و ڕێککارەکانی ئاگادارکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئاگادارکردنەوەی لە رۆژنامە هەڵوەشاندۆتەوە ، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت بەم جۆرە مامەڵە بکەین :**

**١- گەرهاتوو فەرمانبەر لە وەزیفە دابڕا لە حاڵەتی گواستنەوەی راژەکەی یان لە کاتی تەواوبوونی مۆلەتەکەی پەیوەندی نەکردەوە بە وەزیفەکەی بە گوێرەی برگەکانی (١، ٢، ٣)ی ماددەی سی و حەوتەم پێش هەموارکردنەوەکەی ، ئەوا دەبێت ئاگادارکردنەوە بۆ فەرمانەکە بکرێت و گەر شوێن نادیار بوو ئاگادار کردنەوەکە لەر ۆژنامە بڵاوبکرێتەوە .**

**٢- گەرهاتوو دابرانی فەرمانبەر لە وەزیفە لە حاڵەتی گواستنەوەی راژە یان مۆلەت نەبوو، ئەوا کار بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت و لەم کاتەشدا پێویست بە ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرەکە ناکرێت و جائیز نییە ڕێککارەکانی ئاگادارکردنەوەی دەرهەق ئەنجام بدرێت لەبەر ئەوەی یاساکە دەقی لەسەر نەهێناوە .**

**بێگومان جیاکاری نێوان ئەو حالەتانەی لە خاڵەکانی (١ و ٢)ی لای سەرەوە باسکرا لەلایەن فەرمانگەکانەوە ولە بابەتی ئاگادارکردنەوەی فەرمابەری دابراو لەلایەن فەرمانگە و وەزارەتەکانەوە کارێکی دژوارە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە لایەنی تایبەتمەند لەرووی یاساییەوە ئەم دۆخە یەکلا بکاتەوە بۆ ئەوەی لە نێو ئەم پێشوییە یاساییەدا فەرمانگەکان دووچاری کێشەی یاسایی نەبنەوە.**

## (٣٤)
## لە كارترازانی  ئەو فەرمانبەرەی راژەی دەگوازرێتەوە

هەندێکجار روودەدات کە فەرمانبەرێک کاتێک لەبەر پێداویستی گشتی راژەکەی دەگوازرێتەوە مل نادات بە فەرمانەکە و ئامادە نییە لەکارترازان بکات و پەیوەندی بەو شوێنەوە بکات کە راژەکەی بۆ گوازراوەتەوە . لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە لەم جۆرە دۆخانەدا فەرمانگەکەی دەبێت چ کارێک ئەنجام بدات؟ لە خوارەوە و لە رێگەی چەند سەرنێکەوە هەوڵدەدەین وەڵامێک بەو پرسیارە بدەینەوە :

**یەکەم:**گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر لەوەزیفەیەکەوە بۆ وەزیفەیەکی دیکە یان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە دەچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی مەزندەکردنی ئیدارەوە و لەبەر رۆشنایی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی پیادەی دەکات لەبەر ئەوەی بەپرسە لە باش بەرێوەبردنی میرفەقی گشتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەباشترین شێوە[٤٣] . لەسەر ئەو بنەمایەش کاتێک کە دەسەڵاتی کارگێڕیی بڕیار لە گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر دەدات، پێویستی بەوە نیە کە رەزامەندی فەرمانبەرەکە وەربگرێت بەڵام دەبێت گواستنەوەی راژەکە بەو جۆرە بێت کە پێداویستی گشتی و باش بەرێوەچوونی بەرژوەندی گشتی دەیخوازێت و زیان بە فەرمانبەرەکە نەگەیەنێت و وەک سزایەکی شاراوە بەرامبەری بە کار نەهاتبێت .

**دووەم:** بڕیاری گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر مەحکومە بە هەماهەنگی نێوان ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرەکەی لێ دەگوازرێتەوە لەگەل ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرەکەی بۆ دەگوازرێتەوە، بەو مانایەی پێویستە پێش دەرچوونی بڕیاری گواستنەوەی راژەکە، رەزامەندی هەردوو فەرمانگەکە هەبێت لەسەر

---

[٤٣] د. غازي فيصل مهدي، فتاوى و قرارات مجلس شورى اقليم كوردستان في الميزان، ط١، مكتبة القانون والقضاء، بغداد، ٢٠١٩، ص٨٥

گواستنەوەی ڕاژەکە، بە پێچەوانەوە بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەکە بڕیارێکی نەبوو (معدوم) دەبێت، هەروەک دادگای باڵای کارگێریی لە عێراق لە بڕیاری ژمارە (١٤١٦/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە ٢٠١٨/ لە ٢٠١٨/١٠/١١ )[٤٤]دووپاتیکردۆتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەش بۆمان دەردەکەوێت کە پێویستە ڕەزامەندی هەردوو فەرمانگەکە پاڵپشت بێت بە پێداویستی و بەرژەوەندی گشتی و هەبوونی میلاک و تەرخانکراوی دارایی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە بڕیاری گواستنەوەکە پشتی بەستبێت بە هۆکاری ئیعیتبارپێکراو و زیان بە فەرمانبەر نەگەیەنێت.

**سێیەم:** بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەی وەک هەر بڕیارێکی دیکەی کارگێریی ملکەچە بۆ چاودێری قەزای کارگێڕیی و شیاوی تانەلێدانە لەبەردەم دادگای تایبەتمەندا، هەرچەند دەرکردنی بڕیارەکە لە چوارچێوەی دەسەلاتی مەزندەکردنی ئیدارەدایە، بەڵام لەبەر ترسی بە لارێداچوونی دەسەلات و بەکارهێنانی بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەکە وەک سزایەکی داپۆشراو، دادگای تایبەتمەند لە بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەکە دەکۆڵێتەوە . لەسەر ئەم بنەمایەش گەرهاتوو فەرمانبەر بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەی درا، ئەوا مافی خۆیەتی لەبەردەم دادگای تایبەتمەند تانە لەبڕیارەکە بدات.

**چوارەم:** کاتێک بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەکە بە فەرمانبەرەکە ڕاگەیەنرا، ئەوا پێویستە لەسەری ناوەڕۆکی فەرمانەکە جێبەجێ بکات و گەرهاتوو نارەزایی لەسەر فەرمانەکە هەبوو، ئەوا یاسادانەر لە ماددەی (پەنجاو نۆیەم/٣)ی یاسای ڕاژەی شارستانی مافی ئەوەی پێداوە کە تانە لە بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەکەی بدات، بەڵام گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پیادەی ئەم مافەی خۆی نەکرد و ملی نەدا بە بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەکەی ، ئەوا لەم کاتەدا سەرپێچی بەرزەفتکاری ئەنجام داوە.

---

[٤٤] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٨، ط١، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١٩، ص٤٥١.

**پێنجەم:** گەرهاتوو فەرمانبەرەکە مکورِ بوو لەسەر جێبەجێ نەکردنی فەرمانی گواستنەوەی راژەکەی و لە هەمان کاتدا تانەی لەبرِیارەکە نەدا و هیچ پاساوێکی بە جێی نەبوو بۆ ئەم مل نەدان، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانگەکەی دەتوانێت لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکبهێنێت بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و لە پاش لێکۆڵینەوە لیژنەکە دەتوانێت پێشنیار سزادان بۆ فەرمانبەرەکە بکات و هەروەها پێشنیاری لە کارترازان بۆ فەرمانبەرەکە بکرێت و رێکەوتی لەکاترازانەکەی پێ رابگەیەنرێت، گەرهاتوو لەم کاتەشدا پابەند نەبوو بە فەرمانی لەکارترازانەکەیەوە ئەوا دەکرێت بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (سی و حەوتەم/١) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت .

(٣٥)

## بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانی فەرمانبەر

فەرمانبەری گشتی لەپاش دامەزراندنی لە وەزیفەی گشتی و وەرگرتنی ئەو پێگە یاساییەی کە یاساکانی تایبەتمەند پێی دەبەخشن، مەحکوم دەبێت بە سێ جۆر بەرپرسیارێتی کە هەر یەک لەو بەرپرسیارێتیانەی یاسایەک یان زیاتر رێکیخستووە و هەر یەکەشیان ئاسەواری جیاواز لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەرەکە دەخەنەوە لەکاتی گرتنە بەر رێککارەکانی لێپرسینەوە لە فەرمانبەرەکە، بۆ روونکردنەوەی زیاتر لەم بارەیەوە بە کورتی ئاماژە بە هەریەک لە بەرپرسیارێتیانە دەدەین :

**یەکەم: بەرپرسیارێتی بەرزەفتکاریی (المسؤلیة الانضباطیة)**

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٧) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هەر کات فەرمانبەر سەرپێچیی یەکێک لەئەرکەکانی سەرشانی کرد یاخود یەکێک لەو کارانەی ئەنجام دا کە لێی قەدەغەکرابوو ئەوا لەم کاتەدا بە یەکێک لەو سزایانەی کە لە یاساکەدا هاتووە ، سزا دەدرێت. بێگومان سەرپێچیەکانی تایبەت بە فەرمانبەر بە دەقی یاسا هەموویان دەستنیشان نەکراون . ئەمەش وایکردووە کە ئەم سەرپێچیانە وەک ئەوەی لە یاسای سزاداندا هاتووە ملکەچی بنەمای (لاجریمة الا بنص) نەبن، بەڵام ئەو سزایانەی کە دەکرێت بسەپێنرێت بەسەر فەرمانبەردا بە گوێرەی یاساکە ئەوا ملکەچن بۆ بنەمای یاسایی (لا عقوبة الا بنص) و فەرمانبەر کاتێک سزا دەدرێت . دەبێت یەکێک لەو سزایانەی بەسەردا بسەپێنرێت کە لە یاساکەدا هاتوون بە هەمان ئەو ئاسەوارانەی کە یاسادانەر دەقی لەسەرهێناوە . بێگومان بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە سەرپێچی فەرمانبەر، یاسادانەر لە ماددەی (١٠)ی یاسای بەرزەفتەکردن لایەنی تایبەتمەند و رێککارەکانی تایبەت بە لێپرسینەوەی فەرمانبەری دەستینشان کردووە کە بریتیین لە پێکهێنانی لیژنەی

لێکۆڵینەوە یاخود ئیستیجوابکردنی فەرمانبەر لەلایەن فەرمانبەری دەسەلات پێدراو .

لەسەر ئەم بنەمایەش کاتێک فەرمانبەر سەرپێچی ئەرکەکانی سەرشانی دەکات یاخود کارێک ئەنجام دەدات کە لێی قەدەغەکراو، ئەوا رووبەرووی بەرپرسیارێتی بەرزەفتکاریی دەبێتەوە و بە یەکێک لەو سزایانە سزا دەدرێت کە لە یاساکەدا هاتووە ئەمەش لەسەر بنەمای پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە یاخود لەرێگەی ئیستیجوابکردنی راستەوخۆی فەرمانبەرەکەوە .

**دووەم: بەرپرسیارێتی شارستانی (المسؤلية المدنية)**

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢) لە یاسای لەئەستۆکردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو بەڕاژەی گشتی، بەهای ئەو زیانانەی دەخرێتە ئەستۆ کە بەر موڵك و ماڵی دەوڵەت کەوتوون، بەهۆی هەڵەی بە ئەنقەست، یان کەمتەرخەمی، یان پشتگوێخستن یاخود سەرپێچیکردنی یاسا و بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان.

لەسەر ئەم بنەمایەش بۆمان دەردەکەوێت گەرهاتوو فەرمانبەر زیانێکی گەیاند بە موڵک ماڵی دەوڵەت بەو جۆرەی کە ماددەی ئاماژە پێکراو دەقی لەبارەیەوە هێناوە، ئەوا رووبەرووی بەرپرسیارێتی شارستانی دەبێتەوە و لەم کاتەشدا بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی (٣)ی یاساکە لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنرێت لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو زیانەی بەر موڵک و ماڵی دەوڵەت کەوتووە لەلایەن فەرمانبەرەکەوە و دواتر گەربۆیان دەرکەوت کە زیانەکە لەبەرەنجامی کاری فەرمانبەرەکەوە کەوتۆتەوە ئەوا لەم کاتەدا لیژنەکە پێشنیار دەکات بە لەئەستۆکردنی فەرمانبەرەکە بە بەهای ئەو زیانەی کە بەر موڵک و ماڵی دەوڵەتی گەیاندووە .بەو مانایەی فەرمانبەرەکە قەرەبووی ئەو زیانە دەکاتەوە کە بەر موڵکی دەوڵەتی گەیاندووە.

**سێیەم: بەرپرسیارێتی سزایی (المسؤلية الجزائية)**

ئەم بەرپرسیارێتییە کاتێک دێتە ئاراوە کە ئەو کارەی فەرمانبەرەکە کردوویەتی لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە یاخود بە سیفەتە رەسمیەکەی ئەنجامی دابێت وەک

ئەوەی فەرمــــانبەرەکە تـــاوانێکی بەرتیلخــۆی ئەنجـــام دابێـــت. لەم کاتەشـــدا فەرمانبەرەکە رووبەرووی لێپرسینەوە و گرتنەبەر رێککاری یاسایی دەبێتەوە بە گـوێرەی یاسـای تایبەتمەنـد ، بـۆ نمـونە دەکرێـت فەرمـانگەکەی بە گـوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥/یازدەیەم) لە یاسای بەرزفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ سزای بەرزەفتەکاری بسەپێنێت بەسەریدا ئەمەش وەک سـەرپێچییە بەرزەفتکـارییەکە  و دواتــر فەرمــانبەرەکە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند بکات بۆ ئەوەی بە گوێرەی یاسای سزادانی عێراقـی  حوکم بــدرێت ، ئەمەش بەرپرســیارێتییە ســزاییەکە کە لەلایەن خــۆیەوە دادگــای تایبەتمەنـدیش پـاش ئەنجامـدانی لێکـۆڵینەوە حـوکمی سـزایی خـۆی بەسـەر فەرمانبەرەکەدا دەسەپێنێ.

لە کۆتاییـدا دەکرێـت ئامـاژە بە خـاڵێکی گرنـگ بـدەین ئەویـش بـریتییە لەو حاڵەتەی کە لەبەرەنجامی یەک کاری فەرمانبەرەکە کە ئەنجامی داوە هەر سێ بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتەوە و دەکرێت بەپێی هەر سێ یاسای تایبەتمەنـد کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا رێککاریی یاسایی دەرهەق بە فەرمـانبەرەکە بگیـرێتە بەر . بۆ نمونە فەرمانبەرێک بێ وەرگرتنی رەزامەندی فەرمانگەکەی ئۆتۆمبیلی فەرمانگەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار دەهێنێ  لە دەرەوەی فەرمـانگەکەی و بەو هۆیەشـــەوە روداوێکـــی پێکـــدادانی هـــاتوچۆ ئەنجامـــدەدات . لەم کاتەشـــدا دائیرەکەی بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥/پێـنجەم) لە یاسـای بەرزەفتەکردنـی فەرمـــانبەران دەبێـــت رێککـــاریی یاســـایی بەرامـــبەر بگـــرێتە بەر و ســـزای بەرزەفتەکاری بسەپێنێت بەسەریدا و هەروەها بە گوێرەی یاسـای لەئەسـتۆکردن لە هەرێـم پابەنـد دەکرێـت بەو زیـانەی کە بەر ئۆتـۆمبیلەکەی گەیانـدووە و لە هەمان کاتدا بە گوێرەی یاسای هاتوچۆ رێککاریی سزایی دەرهەق دەگیـرێتە بەر گەرهـاتوو سـەرپێچیەکە تـاوانێکی دەخسـتەوە بە پێـی یاسـاکە  وەک ئەوەی بە هۆی روداوەکەوە کەسێکی گیانی لە دەست دابێت .

(٣٦)

## دەربارەی مووچەی خانەنشینی و چۆنیەتی دابەشکردنی بەسەر جێنشیناندا (الخلف)

هەندێکجار رووبەروی ئەو پرسیارە دەبینەوە کاتێک خانەنشینێک وەفات دەکات چۆن مووچەکەی دابەش دەکرێت بەسەر ئەوانەی لە پاش خۆی شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن، ئایا بە هەمان شێوەی دابەشکردنی میراتی دەبێت یاخود دابەشکردنەکە جیاوازە، بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە لە خوارەوە بە چەند خاڵێک باری سەرنجی خۆمان تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** مووچەی خانەنشینی بەبەشێک لە میراتی (ترکة) دانانرێت و بەم جۆرەش ئەم مافە ناگوازرێتەوە بۆ میراتبەران بەگوێرەی حوکمەکانی میرات (أحكام الميراث) . بەڵکو ئەم مافە یاسایەکی تایبەت رێکیخستووە و تیایدا رەچاوی دارایی گشتی کردووە لەگەڵ بەرژەوەندی میراتبەرانی کەسی خانەنشینکراو. هەروەک سەرچاوەی مووچەی خانەنشینی ماڵی گوازاروە یان نەگوازراوە نییە تا پێش مردنی کەسەکە خاوەندارێتییەکەی بگوازرێتەوە و بەم هۆیەشەوە لەگەڵیدا داهاتەکەیشی بگوازرێتەوە بۆ میراتبەرەکان[٤٥].

**دووەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٣) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ موووچەی خانەنشینی دەدرێت جێنشینەکانی کەسی کۆچکردوو کە بریتین لە :(هاوسەر یان هاوسەرەکان، کوڕ، کچ، دایک، باوک، خوشک یان برا گەرهاتوو کۆچکردووە سەڵت بوو وپێشتریش باوک و دایکیان مردبوو.

وردەکاری و مەرجەکانی خانەنشینبوونی ئەوانەی لای سەرەوە بەمشێوەیەی لای خوارەوە دەبێت:

١ - کوڕ یان کچ یان برا یان خوشکی ناکام لەوانەی کە تەمەنی هەژدە ساڵیان تەواو نەکردووە تا تەمەنی بیست و دوو ساڵی گەرهاتوو بەردەوام بوون لە

---

[٤٥] د. مصطفى ابراهيم الزلمی، أحكام الميراث والوصية، ص ١٧.

خوێندنی ئامادەیی یان تا تەمەنی بیست و شەش ساڵی گەرهاتوو بەردەوامبوون لە خوێندنی زانکۆیی یان پەیمانگای باڵا.

٢ – هاوسەر (ژن) یان کچ یان خوشك گەرهاتوو لە گرێبەندی هاوسەریدا نەبوون.

٣- مێرد و باوك گەرهاتوو بێدەرامەت بوون و پەککەوتەبوون بە شێوەی تەواو و هەمیشەیی لە کارکردن بە گوێرەی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی لە مێژووی وەفاتکردنی بەخێوکەرەکەیانەوە کە داوای مووچەی خانەنشینی خێزانی لەسەر دەکەن و هەروەها ئەوەی کە تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواوکردووە لە حوکمی پەککەوتەدا دادەنرێت بۆ ئەم مەبەستە.

د ـ دایك گەرهاتوو هیچ داهاتێکی تایبەتی نەبوو.

٤ - کچ یان خوشك گەرهاتوو هیچ بەخێوکەرێکی شەرعییان نەبوو.

٥- خەرجکردنی مووچەی خانەنشینی شایستەبووان لە کوڕ و کچ بەردەوامدەبێت دوای کۆتایی هاتنی ماوەی بڕینی مووچەی خانەنشینی بە پێی ئەمانەی لای خوارەوە :

أ – بۆ کوڕ لە حاڵەتی نەبوونی بەخێوکەری یاسایی هەروەها پەککەوتەش بوو بە شێوەی تەواو و هەمیشەیی لە کارکردن بە پێی راپۆرتی پزیشکی، بەو مەرجەی کە دوای پێنج ساڵ دووبارە پشکنینی بۆ بکرێتەوە و لە حاڵەتی دەستکەوتنی داهاتی تایبەت ئەوا مووچەی خانەنشینییەکەی دەبڕدرێت ، ئەو پەککەوتەیەشی کە دوای تەمەنی پەنجا ساڵی دروست دەبێت بە هەند وەرناگیرێت بۆ مەبەستەکانی شایستەبوون بە مووچەی خانەنشینی خێزانی .

ب ـ بۆ کچ گەرهاتوو هاوسەرگیری نەکردبوو هەروەها هیچ داهاتێکی تایبەتی نەبوو یان بەخێوکەری شەرعی نەبوو بەو مەرجەی کە هەڵسەنگاندنی باری کۆمەڵایەتی و ماددی بۆ بکرێتەوە لە کاتی گەیشتنی بە تەمەنی سی و پێنج ساڵی و هەروەها تەمەنی چل و پێنج ساڵی .

٦- مووچەی خانەنشینی خێزانی دەبڕدرێت لە ژن یان کچ یان خوشك گەرهاتوو دامەزران یان داهاتی تایبەتیان هەبوو یان هاوسەرگیرییان کرد و هەروەها

دووباره مووچەکە دەدرێتەوە بە هاوسەر (ژن) یان کچ لە کاتی تەلاقدان یان بێوەژن کەوتن لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەبوونی مەرجەکانی شایستەبوون کە لەم ماددەیەدا دەقی لەسەرهاتووە

٧ ـ مووچەی خانەنشینی خێزانی دەبڕدرێت لە شایستەبوو لە کاتی دامەزراندنی لە وەزیفەیەکی خانەنشینی ئیتر ئایا شایستەی مووچەی خانەنشینی بێت لێیەوە یان شایستە نەبێت.

**سێیەم:** بەگوێرەی خاڵی (دووەم)ی لای سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە هەمووmیراتبەرێک (ورثة) جێنشینی خانەنشینی (خلف التقاعد) نیە تا شایستەی مووچەی خانەنشینی ببن، بەڵام هەموو جێنشینێکی خانەنشینی میراتبەرن، لەسەر ئەم بنەمایەش گەرهاتوو خانەنشینکراو کۆچی دواییکرد، گەرهاتوو جێنشینی خانەنشینی نەبوو، ئەوا مووچەی خانەنشینیەکەی دەبڕدرێت و نادرێت بە میراتبەرەکانی دیکە کە بە گوێرەی یاسایی خانەنشینی بە جێنشینی خانەنشینی دانانرێن.

**چوارەم:** دەربارەی مووچەی مۆڵەتی کۆکراوەش، گەرهاتو فەرمانبەرەکە لە تەمەنی وەزیفیدا کۆچی دواییکرد، ئەوا مووچەی مۆڵەتە کۆکراوەکانی تەنها دەدرێت بەوانەی شایستەی مافەکانی خانەنشینی دەبن (واتە جێنشینانی خانەنشینی) ، گەر هاتوو شایستەبووی مافەکانی خانەنشینی نەبوو ئەوا ئەو مووچەیە نادرێت بە میراتبەرەکانی دیکەی فەرمانبەرە کۆچکردووە.ئەمەش بە گوێرەی بڕگەی (٦) لە ماددەی (چل و پێنجی) ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە دەستپێکشانەوەی (سحب الید) بۆکرابوو، بەڵام لە پێش دەرچوونی بڕیاری کۆتایی لە لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردن وەفاتیکرد، ئەوا نیومووچە ڕاگیراوەکە دەدرێت بەوانەی شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن، بەلام گەرهاتوو شایستەبووی مووچەی خانەنشینی نەبوو ئەوا دەدرێت بە میراتبەرەکانی (ورثة) ، ئەمەش بە گوێرەی ماددەی (١٩/چوارەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١.

**پێنجەم:** ئاراستەی قەزایی لە عێراق لەسەر ئەوە کۆکە کە رێگە پێدراو نییە دەستبگیرێت بەسەر مووچەی خانەنشنیی ئەوانەی کە شایستەی دەبن بە پێی یاسا و پێیان دەگوترێت (جێنشنینی خانەنشینی - خلف التقاعد) لە پای قەرزێک کە پێشتر لەئەستۆی کەسی خانەنشینکراودا بووە پێش مردنی، هەروەك لەلایەن خۆیەوە دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی رەسافە لە داوای ژمارە (٤٢٥/ت/٢٠١٢ لە ٢٠١٢/١٠/٣) [٤٦] جەختی لەسەر کردۆتەوە. کە: رێگە پێدراو نیە دەستبگیرێت بەسەر مووچەی میراتبەری خانەنشینی(ئەوانەی بە یاسا شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن) کە لە خانەنشینکراوە کۆچکردووەکەوە بۆیان گوازراوەتەوە لەبەرامبەر قەرزێک کە لە گەردنی کۆچکردوودا هەیە ، چونکە ئەو موچەی خانەنشینییەی بۆ میراتبەرەکان ماوەتەوە مافێکی شەخسی میراتگرەکانە ویاسای پێیداون بۆ مەبەستی ژیان و گوزەرانیان . هەروەها دادگای پێداچونەوەی عێراق لە بڕیاری ژمارە (١٩/دەستبەسەراگرتن/١٩٨١لە١٩٨١/٢/٢٦) [٤٧] و دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانیش لە بریاری ژمارە (١٨٣/ت/٢٠١٠ لە ٢٠١٠/٨/٨) [٤٨] بە هەمان شێوە جەختیان لەسەرکردۆتەوە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە خرایەڕوو بۆمان دەرکەوێت کە مووچەی خانەنشینی بە میراتی دانانرێت و حوکمەکانی میراتیشی بەسەردا جێبەجێ

---

(٤٦) د. عصمت عبدالمجيد بكر، شرح أحكام قانون التنفيذ، مكتبة السنهوري، بغداد، ٢٠١٩، ص٣٥١.

(٤٧)قرار منشور في موقع مجلس قضاء الأعلي العراقي (https://www.hjc.iq/qview.70/)

(٤٨)دادوەر جەمال سەدرەدین، شرۆڤەی یاسای جێبەجێکردن ژمارە٤٥ ی ساڵی ١٩٨٠، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ(DHRD)، سلێمانی، ٢٠١٣ . لاپەڕە ٨٨. .. خوێنەری بەرێز بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خانەنشینی ، دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دانراومان (خانەنشینی و حوکمە گشتییەکانی خانەنشینبوون) چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی ، ٢٠٢٠.

ناکرێت لەرووی دابەشکردنی مووچەکەوە بەو جۆرەی کە بەسەر میراتی دیکەی کەسی کۆچکردوودا جێبەجێ دەبێت و رێژەکانیان دیاری کراوە لەرووی شەرعیەوە بۆ هەریەک لە کوڕ و کچ و هاوسەر و دایک و باوک . بەڵکو مووچەکە بەشێوەی یەکسان بەسەر شایستەبوانی مووچەی خانەنشینی دابەشدەکرێت ئیتر ژمارەیان هەرچەندبێت، هەروەک لە ماددەی (١٦)ی یاسای خانەنشیی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ دا روونکراوەتەوە .

## (٣٧)

## ئایا فەرمانبەری کەخۆی کەفالەتکراو دەتوانێت ببێتە کەفیلی کەسێکی دیکە؟

هەندێکجار رەنگە ئەوە روودبات کە فەرمانبەر لە پای وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە یان پێشینەی هاوسەرگیری ، کەسێکی دیکە بووە بە کەفیلی ، لە هەمانکاتیشدا دەگونجێت کەسی دیکەش داوای لێ بکات کە ببێت بە کەفیلی، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات کە ئایا رێگەپێدراوە فەرمانبەرەکە کە خۆی کەفالەتکراوە لە پای قەرزێک ، ببێتە کەفیلی کەسێکی دیکە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە خوارەوە بە چەند خاڵێک باری سەرنی خۆمان دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** بەبڕوای ئێمە دەقێکی یاسایی ئەوتۆ نیە کە رێگری بکات لەوەی ئەو فەرمانبەرەی لە پای قەرزێک کەفالەتکراوە ، ناتوانێت ببێتە کەفیلی کەسێکی دیکە ، بەو مانایەی کەفالەتکردنی فەرمانبەر رێگر نییە لەوەی کە فەرمانبەرەکە ببێتە کەفیلی کەسێکی دیکە .

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی یەکەمی لای سەرەوە ، بەبڕوای ئێمە بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکە بتوانێت ببێتە کەفیلی کەسێکی دیکە لە کاتێکدا خۆی پێشتر کەفالەتکراوە، ئەوا دەبێت کۆی مووچە و دەرماڵە جێگیرەکانی لە ساڵێکدا[٤٩] بەشی هەردوو بڕی قەرزەکە بکات چ ئەو قەرزەی لەسەر فەرمانبەرەکەیە و بە هۆیەوە کەسێکی دیکە بووە بە کەفیلی و چ ئەو قەرزەی کەسێکی دیکە کردویەتی و فەرمانبەرەکە بووەتە کەفیلی .واتە لێرەدا عیبرەت بە توانای دارایی فەرمانبەرەکەیە ، بۆ نمونە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە مانگانە مووچەو

---

[٤٩] مەبەست لە مووچە و دەرماڵەی جێگیر بریتییە لە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکانی بڕوانامە و هاوسەرێتی و مناڵ ، بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بە تایبەت چۆنیەتی ئەژمارکردنی بڕی قەرزەکە و بری مووچەی فەرمانبەرەکە، خوێنەری بەرێز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ شرۆڤەی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٩ ، دادنوس عەدنان مەلا سالح ، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی چاپی یەکەم، ٢٠٢١.

**دەرماڵە جێگیرەکانی بریتیی بوون لە  یەک ملیۆن دینار، ئەوا لەم کاتەدا دەتوانێت ببێتە کەفیلی قەرزێک کە بڕکەی شەش ملیۆن دینار بێت و لە هەمانکاتدا خۆیشی قەرزێکی شەش ملیۆن دیناری لەسەر بێت کە لە پای ئەم قەرزە کەفالەت کرابێت. لەم بارەیەشەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراق لە بریارێکیدا[٥٠] دووپاتی ئەوەی کردووە کە فەرمانبەر دەتوانێت ببێتە کەفیلی دوو کەس گەرهاتوو بڕی مووچە و دەرماڵەی جێگیری یەک ساڵی فەرمانبەرەکە بەشی بڕی هەردوو کەفالەتەکەی دەکرد.**

**سێیەم: دواجار بڕیاری کۆتایی لەکەفالەت لەلایەن دادنووسەوە دەدرێت یاخود ئەو فەرمانبەرە یاسایانەی کەبەپێی ئەحکامی مادەی (٩)ی یاسای دادنوسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ دەسەلاتی دادنووسیان پێدراوە. بێگومان ئەمەش لەسەر بنەمای پشتگیری فەرمانگەی فەرمانبەرەکەیە. بۆیە پێویستە کاتێک کە فەرمانگەکە نووسراوی پشتگیری فەرمانبەرەکە دەنوسێت بۆ فەرمانگەی دادنوسی بەمەبەستی کەفالەتکردنی کەسێکی دیکە، ئەوا دەبێت لە پشتگیرییەکەیدا تەنها مووچەی بنەڕەتی و دەرمالەی جێگیر بنوسێت نەک دەرمالە ناجێگیرەکان و لە هەمانکاتدا باشتر وایە ئاماژە بەوە بدات کە فەرمانبەرەکە پێشتر کەفالەتکراوە لە پای بڕێک قەرز و ئاماژە بە بری قەرزەکەش بدات بۆ ئەوەی دادنوس بەرچاوی روون بێت دەربارەی توانای دارایی فەرمانبەرەکە و لەبەر رۆشنایی ئەمەشدا کەفالەتکردنەکە پەسەندبکات یان رەتیبکاتەوە.**

**چوارەم: کەفیل دەکرێت هاوکاریی (تضامنی) بێت  یان ناهاوکاریی(غیر تضامنی) . لەم کاتەشدا گەرهاتوو کەفیلەکە (تضامنی) بوو واتە پێکەوە لەگەڵ**

---

[٥٠] **امكانية قيام الدائرة بتصديق كفالة الموظف لأكثر من شخص اذا كان راتبه و مخصصاته الثابتة لمدة سنة يغطي مبلغ الكفالتين.** قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٨، ط١، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١٩، ص٢١٣. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە خوێنەری بەرێز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دانراومان دەربارەی وەزیفەی گشتی کتێبی چوارەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٢٠.

کەفالەتکراو چووبونەوە ژێر ئەرکی دانەوەی قەرزەکە، ئەوا لەم کاتەدا خاوەن قەرز سەرپشکە لەوەی دەگەڕێتەوە سەر کەفیل یان قەرزار بۆ وەرگرتنەوەی بڕی قەرزەکەی، بەو مانایەی لێرەدا کەفیل وەک قەرزار وایە، هەروەک لەلایەن خۆیەوە دادگای پێداچوونەوەی فیدرالی عێراق لە بریاری ژمارە (٧٩٧/ كفالة تضامنية/٢٠٠٨ لە ٢٠٠٨/٩/١٦) [٥١]دووپاتیکردۆتەوە . بەڵام گەرهاتوو کەفیل (تضامنی) نەبوو لەگەل قەرزار و لەسەر مەرجی ئەوە کەفالەتەکە کرابوو کە گەرهاتوو قەرزار دەستەوسان بوو لە دانەوەی قەرزەکە ئەو کات خاوەن قەرز دەگەڕێتەوە سەر کەفیل، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت دەستەوسانی قەرزار و نەبوونی ماڵ و سامانی بسەلمێنرێت و ئەو کات خاوەن قەرز دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر کەفیل. [٥٢] ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە فەرمانبەر گەرهاتوو پێشتر کەفالەت کرابوو ، دواتر بوو بە کەفیلی کەسێکی دیکە، ئەوا لەم کاتەدا قەرزەکە ترسی لەسەر نابێت، چونکە بە گوێرەی یاسا قەرزار و کەفیل دەبنە زامنی قەرزەکە بەو جۆرەی روونکرایەوە .

لەسەربنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، بەبروای ئێمە فەرمانبەر دەکرێت لە یەک کاتدا کەفالەتکراوبێت و لە هەمانکاتدا ببێتە کەفیلی کەسێکی دیکە بەو مەرجێک مووچە و دەرماڵە جێگیرەکانی لە ساڵێکدا بەشی هەردوو قەرزەکە بکات، واتە ئەو قەرزەی لای فەرمانبەرەکەیە لەگەل ئەو قەرزەی فەرمانبەرەکە بووەتە کەفیلی .

---

[٥١] " **إن الكفيل بموجب الكفالة التضامنية كالأصيل بمبلغ الدين والدائن مخير في مطالبة أي منهما** " قرار منشور في موقع الكترونى لمحكمة التمييز الاتحادية: https://www.hjc.iq/qview.945/

[٥٢] " **اذا كان الكفالة معلقة على شرط عجز المدين عن الدفع فيقتضي اثبات هذا العجز و عدم وجود مال للمدين يمكن ايستيفاء الدين منه فان ثبت ذلك فيكون الرجوع على الكفيل** " قرار تمييزى منشور في : المحامي ابوبكر برهان حمة ، احكام الكفالة في القانون العراقي، ط١، منشورات مكتبة يادگار، السليمانية، ٢٠١٩، ص ٤٣.

## (٣٨)

# سروشتی یاسایی دەستپێکێشانەوە

## (الطبيعة القانونية لسحب يد)

دەستپێکێشانەوە بریتییە لە ڕێککارێکی کاتی یەدەکی کە دەسەڵاتی کارگێریی پەنای بۆ دەبات بەمەبەستی دوورخستنەوەی فەرمانبەر لە مومارەسەرکردنی وەزیفەکەی کاتێک لێپێچینەوەی کارگێریی یان سزایی لەگەڵ دەکرێت[٥٣].

لەم بەرەنجامەشەوە هەندێک پێیانوایە کە دەستپێکێشانەوە ڕێککارێکی سزاییە (اجراء عقابی) و هەندێکی دیکەش پێیانوایە کە ڕێککارێکی یەدەکییە(اجراء احتیاطی)، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە لە خوارەوە بە چەند خاڵێک باری سەرنجی خۆمان دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ئەو سزایانەی کە دەکرێت بەسەر فەرمانبەردا بسەپێنرێت بە شێوەی دیاریکراو (حصر) هاتوون لەگەڵ ئەو ئاسەوارانەی کە دەیخەنەوە ، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە بابەتی دەستپێکێشانەوە یەکێک نیە لەو سزایانەی کە دەکرێت دەرهەقی فەرمانبەر پەیڕەو بکرێت و لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین دەستپێکێشانەوە ڕێککارێکی یەدەکییە نەک سزایی و بڕیاری لێدەدرێت بۆ ئەو مەبەستەی کە یاسادانەر دەقی لەسەر هێناوە .

**دووەم:** دەستپێکێشانەوە لە هەندێک باردا **پەیوەندی بە خودی ئەو میرفەقە گشتییەوە هەیە** کە فەرمانبەرەکە تیایدا دەوام دەکات و بۆ مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی یان دروست نەبوونی کاریگەرییە لەسەر ڕەوتی ئەو لێکۆڵینەوەکە لەلایەن ئەو فەرمانبەرەی کە پێشنیاری دەستپێکێشانەوەکەی بۆ کراوە، کە لەم کاتەدا بڕیاری دەستپێکێشانەوەکە بڕیارێکی دروستکارە (منشأ) و

---

[٥٣] الدكتور غازي فيصل مهدي، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١، منشورات صباح صادق جعفر الأنباري، بغداد،٢٠٠٦، ص٧١.

ئەم جۆرە دەستپێکێشانەوە زیاتر بە دەستپێکێشانەوەی جەوازی ناسراوە و دەسەلاتی کارگێڕیی دەتوانێت بریاری لێبدات یان نا و هەروەها دەتوانێت ماوەکەی کەم و زیاد بکات بە مەرجێک لە (٦٠) رۆژ زیاتر نەبێت. بەڵام لە هەندێک باری دیکە بریاری دەستپێکێشانەوەکە **پەیوەندی بە خودی فەرمانبەرەکەوە هەیە** نەک فەرمانگەکەی بە تایبەت لەو کاتەی کە فەرمانبەرەکە لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە رادەگیرێت لەپای دۆسەیەکی سزایی، کە لەم کاتەدا و بۆ بەرژەوەندی مانەوەی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی و تەکییفی دابڕانی لە دەوامکردن، دەستپێکێشانەوەی بۆ دەکرێت بۆ ماوەی راگرتنەکەی  کە لەم کاتەدا بریاری دەستپێکێشانەوەکە بریارێکی ئاشکراکارە (کاشف) نەک بریارێکی دروستکار (منشأ) و دائیرەی فەرمانبەرەکە ناچارە دەستپێکێشانەوەکە بکات، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی فەرمانبەرەکە دەیخوازێت و ئەمەش پێی دەگوترێت دەستپێکێشانەوەی وجوبی .

**سێیەم:** دەربارەی تانەدان لەبریاری دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەرەکە، ئەوا لەم بارەیەوە مشتومڕی فیقهی بەرچاو هەیە بەتایبەت دەربارەی  ئەو جۆرە دەستپێکێشانەوەی لەچوارچێوەی دەسەڵاتی تەقدیری دائیرەدایە، واتە دەستپێکێشانەوەی جەوازی، بەلام دەستپێکێشانەوەی وجوبی ئەوا ئەمەیان بواری تانەلێدانی زۆر کەمە و بریاری دەستپێکێشانەوە پاشکۆی بریارێکی سزاییە بەهۆی راگرتنی فەرمانبەرەکەوەیە. لەسەر ئەم بنەمایەش هەندێک بۆچوونی فیقهی هەیە کە پێیوایە لەبەر ئەوەی بڕیاری دەستپێکێشانەوەی جەوازی کاریگەری لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەرەکە دروست دەکات و بڕیارێکی کۆتاییە، ئەوا شیاوی تانەلێدان دەبێت بەسەربەخۆ لەبەردەم قەزای تایبەتمەند، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە ئەم جۆرە بریارانە زیاتر بڕیاری بەرایی و ئامادەکاریین و پەیوەستن بە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەسەر فەرمانبەرەکە دەکرێت و دواجار لە کۆی دۆسیەکەدا تانەی لێدەدرێت.

هەندێکی دیکەش بروایان وایە کە دەکرێت تانە لە ئاسەوارەکانی بریاری دەستپێکێشانەوەکە بدرێت، نەک خودی بریاری کارگێریی  دەستپێکێشانەوەکە بۆ

نمونه تانەدان لەو بڕیارە کارگێڕییە کە زیاتر لە ڕێژەی نیوەی مووچەی فەرمانبەرەکەی ڕاگرتووە [٥٤].

بەشێوەیەکی گشتی وبەبڕوای ئێمە فەرمانبەر گەر تانەش لەبڕیاری دەستپێکێشانەوەکەش نەدا، ئەوا لەپاش دەرچوونی بڕیاری کۆتایی لە دۆسیەکەی لەرووی بەرزەفتەکارییەوە و بەگوێرەی ئەنجامی کۆتایی دۆسیەکەی دەکرێت داوای قەرەبوو بکاتەوە گەرهاتوو بەهۆی بڕیاری دەستپێکێشانەوەکەیەوە زیانی بەرکەوتبوو، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە یاسادانەر لە ئەحکامی ماددەی (١٩)ی یاساکەدا، دەقی لەسەرگەرانەوەی نیوموچەی ڕاگیراوی فەرمانبەرەکە هێناوە مەگەر بێتوو فەرمانبەرەکە سزا درابێت بە فەسڵکردن یان عەزلکردن. بەم جۆرەش فەرمانبەرەکە نیوموچە ڕاگیراوەکەی وەردەگرێتەوە بۆماوەی دەستپێکێشانەوەکەی وکاتێکیش ئەومووچەی بۆگەرایەوە ئەوا ماوەی دەستپێکێشانەوەکەی وەک خزمەتێکی تەواو بۆ ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی و مافی ئەوەیشی بۆ دروست دەبێت گەرهاتوو لەبەرەنجامی بڕیاری دەستپێکێشانەوەکەیەوە زیانی بەرکەوتبوو، داوای قەرەبووکردنەوەوە لەبەردەم دادگای کارگێریی تۆمار بکات بۆ وەرگرتنەوەی قەرەبووی ئەو زیانانەی کەبەری کەوتووە بەهۆی بڕیاری دەستپێکێشانەوەکەوە.

---

[٥٤] الدكتور عثمان سلمان غيلان العبودي، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١، ط١، بغداد،٢٠١٠، ص٥٤٧.

(٣٩)

## ئەژماركردنی ماوەی سەروو (٦٠) رۆژی دەستپێكشانەوەی (سحب يد)فەرمانبەر

رەنگە هەندێكجار ئەوە رووبدات كە فەرمانبەرێك بەبریاری دەسەلاتی كارگێریی تایبەتمەند و پاڵپشت بە ئەحكامی ماددەی (١٧) لە یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دەستپێكێشانەوەی بۆ بكرێت بۆ ماوەی (٦٠) رۆژ ، بەلام بە هەر هۆیەك لە هۆیەكان، لە پاش تەواوبوونی ماوەی (٦٠) رۆژەكە دەستبەكار نەبێتەوە و ماوەیەكی بەسەردا تێدەپەرێت ئەو كات دەستبەكاردەبێتەوە؟ لێرەدا دەپرسین ئایا لەم كاتەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ماوەیە بكەین كە دەكەوێت دوای ماوەی (٦٠) رۆژەكەوە؟

بۆ وەلامی ئەم پرسیارە لە خوارەوە بە چەند خاڵێك روونكردنەوە دەدەین :

**یەكەم:** بە گوێرەی ماددەی (١٧/یەكەم) لە یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی، وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆكی فەرمانگە دەتوانن دەستپێكێشانەوە بۆ فەرمانبەر بكەن بۆ ماوەیەك كە تێپەرنەكات لە (٦٠) شەست رۆژ گەرهاتوو بۆیان دەركەوت مانەوەی فەرمانبەرەكە لە وەزیفە زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت یاخود كاریگەری دروست دەكات لەسەر رەوتی لێكۆڵینەوە لەو كارەی بە هۆیەوە هەواڵەی لێكۆڵینەوە كراوە، لە هەمانكاتدا یاسادانەر لە برگەی دووەمی ماددەی ئاماژەپێكراودا . دەسەلاتی داوە بە لیژنەی لێكۆڵینەوە تا پێشنیاری دەستپێكێشانەوە بۆ فەرمانبەر بكات لە هەر قۆناغێكدا لە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوە بۆ ماوەی ئاماژە پێكراوی لای سەرەوە .

**دووەم:** یاسادانەر لای سەرووی ماوەی دەستپێكێشانەوەكەی دیاری كردووە بە (٦٠) شەست رۆژو رێگەی نەداوە بە هیچ شێوەیەك ماوەكە لەو(٦٠) رۆژە تێپەربكات، بەلام رێگە پێدراوە كە بریاری دەستپێكێشانەوەكە لەلایەن ئەو

لایەنەی دەری کردووە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی (٦٠) رۆژەکە هەڵبوەشێنرێتەوە و کۆتایی بە دەستپێکێشانەوەکە بهێنرێت.

**سێیەم:** بەپێی ماددەی (١٧/یەکەم)ی یاسای بەرزەفتەکردن، گەرهاتوو ماوەی دەستپێکشانەوەکە کە بریتییە لە (٦٠) رۆژ کۆتایی هات، بەڵام هێشتا دائیرەی فەرمانبەرەکە مەترسیان هەبوو لە گەرانەوەی فەرمانبەرەکە بۆ پیادەکردنی وەزیفەکەی ، ئیتر چ مەترسیان لەوە هەبوو زیان بەبەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت یاخود کاریگەری لەسەر رەوتی لێکۆڵینەوەکان دروست بکات، ئەوا لەم کاتەدا، ناتوانن ماوەی دەستپێکێشانەوەکەی بۆ درێژ بکەنەوە یان دەستبەکاربونەوەی بۆ نەکەنەوە، بەڵکو دەبێت لەپاش کۆتایی هاتنی ماوەی (٦٠) رۆژەکە ، دەستبەکاربونەوەی بۆ بکەن، بەلام دەتوانن تەنسیبی بکەن بۆ وەزیفەیەکی دیکە تا ئەو کاتەی بابەتەکە یەکلا دەبێتەوە . ئەمەش ئەوەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە کە مانەوەی فەرمانبەر بە ناوی دەستپێکێشانەوە لەپاش (٦٠) رۆژەکە بە هیچ شێوەیەک رێگەپێدراو نییە.

**چوارەم:** هێشتنەوەی فەرمانبەر لە دەرەوەی ماوەی (٦٠) رۆژی هاتوو لە ماددەی (١٧)ی و درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە، سەرەرای ئەوەی سەرپێچی راشکاوانەی یاسایە، بە هەمان شێوە بە هەدەردانی ماڵ و سامانی گشتییە هەروەک لەلایەن خۆیەوە دادگای قەزای کارگێڕیی عێراق بەژمارە (١١٩٣/ ٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٤/٢٢) کە بەبڕیاری ژمارە (٨٦٦/ قەزای کارگێڕیی / پێداچوونەوە/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٨/٨) [٥٥]ی دادگای باڵای کارگێڕیی پەسەندکراوە، جەختی لەسەرکردۆتەوە و تیایدا هاتووە کەدەستپێکێشانەوە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٧) کۆتوبەندکراوە بە ماوەیەکی زەمەنی و دۆخێکی دیاریکراوەو لەبنەڕەتدا دەستپێکێشانەوە ئامانج و مەبەست نییە، بەڵکو ئامرازێکە کەیاسادانەر هێناویەتیە کایەوە بۆ زامنکردنی باش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دادگەریی و لەسەربنەمای ئەنجامی

---

[٥٥] بڕیارێکی بڵاونەکراوەیە.

**لێکۆڵینەوەکەش ئاسەوارەکانی ڕێکخستووە، لەسەر ئەم بنەمایەش درێژکردنەوەی ماوەی دەستپێکێشانەوە لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە لەسەروو ماوەی (٦٠) ڕۆژی دیاریکراو لە ماددەی (١٧) ی یاساکە، بە تەعەسوف دادەنرێت لەلایەن دەسەڵاتی کارگیڕییەوە و لە هەمان کاتدا بە فیڕۆدانی ماڵ و سامانی گشتییە لەبەرەنجامی خەرجکردنی نیو مووچە یان مووچە و دەرماڵەکان کە دەدرێت بە فەرمانبەرەکە بێ ئەوەی دەوام بکات بێ هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی . بەم جۆرەش دەکرێت لێپرسینەوە لەو دەسەڵاتە کارگێڕییە بکرێت کە بە نایاسایی ماوەی دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر درێژدەکاتەوە و ڕەچاوی ماوەی زەمەنی هاتوو لە یاساکە ناکات .**

**پێنجەم: دەربارەی ئەو ماوانەی کە دەکەونە دوای ماوەی (٦٠) ڕۆژی دەسپێکێشانەوەکە ئەوا بەبڕوای ئێمە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان دوو حاڵەتدا:**

**١. دەربارەی فەرمانبەرەکە:**

**پێویستە لەسەر فەرمانبەری دەستپێکێشراوە لەپاش کۆتایی هاتنی ماوەی دەستپێکێشانەوەکەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزیفەکەیەوە بکات، لەم بارەیەشەوە قەزای کارگێڕیی لە عێراق بە قیاسکردن لەسەر ئەحکامی ماددەی (سی و حەوت/٢) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە(٢٤)ی ساڵی١٩٦٠ پێویستی کردووە لەسەر فەرمانبەرەکە لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا لە کۆتایی هاتنی ماوەی دەستپێکێشانەوەکەی دەستبەکاربێتەوە[٥٦] . بە پێچەوانەوە گەڕهاتوو دەستبەکار**

---

[٥٦] لەم بارەیەوە دادگای باڵای کارگێڕیی لە بڕیارێکی پێداچوونەوەدا (تمییزی) بە ژمارە ١٥٩٣/ قضاء موظفين- تمييز/٢٠١٥ دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە پێویستە لەسەر فەرمانبەری ڕاگیراو سەردانی فەرمانگەکەی بکاتەوە لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی ئازادکرانییەوە .بێگومان کاتێک کە فەرمانبەر رادەگیرێت پێشتر بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٦)ی یاسای بەرزەفتەکردن دەستپێکێشانەوەی بۆکراوە . ئەم بڕیارە لە ( قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٨، ط١، مطبعة الوقف الحديثة، بغداد ، ٢٠١٩، ص ٤٦٦) بڵاوکراوەتەوە.

**نەبوویەوە و هەروەها پاساوی بەجێی نەبوو ئەوا کۆتایی بە راژەکەی دەهێنرێت گەرهاتوو ماوەی پەیوەندی نەکردنەوەکەی لە (١٠) رۆژ زیاتر بوو، بەلام سەبارەت بەو رۆژانەی کە کەمترە لە (١٠) رۆژ و فەرمانبەرەکە لەو ماوەیەدا دەگەرێتەوە بۆ وەزیفەکەی، ئەوا بە هەمانشێوە ئەمانەش ملکەچن بۆ هەبوونی پاساوی بەجێ و گەر فەرمانبەرەکە پاساوی بەجێی هەبوو ئەوا بۆی دەکرێت بە مۆڵەتی ئاسایی و لەسەر رەسیدی مۆڵەتەکانی فەرمانبەرەکە دادەشکێنرێت و گەرهاتوو بە پێچەوانەوە بوو - واتە پاساوی بەجێی نەبوو - ئەوا بە ئامادەنەبوو (غیاب) بۆی ئەژمار دەکرێت.**

**٢- دەربارەی فەرمانگەی فەرمانبەرەکە**

**گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لە ماوەی یاساییدا و لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی دەستپێکێشانەوەکە هاتەوە بۆ وەزیفەکەی و داوای دەستبەکاربونەوەی کرد، بەڵام فەرمانگەکەی بە هۆی هەڵە و نەشارەزایی یاساییەوە، رێگەی نەدا بەوەی دەستبەکاربێتەوە، ئیتر بە هەر پاساوێک بێت، ئەوا لەم کاتەدا ئەو ماوەیەی دەکەوێتە سەروو ماوەی (٦٠) رۆژەکە بە مۆلەتی ئاسایی بۆی ئەژمار دەکرێت و حوکمەکانی مۆلەتی ئاسایی لەسەر جێبەجێ دەکرێت سەبارەت بە دەرمالەکان گەرهاتوو ماوەکەی لەسەروو (٣٠) رۆژەوە بوو . هەروەک لەلایەن خۆیەوە دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی عێراق لە رادەبڕینی ژمارە ( ٢٣٤/ دیراسات/ ٢٠١٨) بۆی رۆیشتووە و دوپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئەژمارکردنی ماوەی سەروو (٦٠) رۆژی دەستپێکێشانەوە لە وەزیفە بە مۆڵەتی ئاسایی بەمووچەوە ئەژمار دەکرێت[٥٧] .بەڵام بەبروای ئێمە لەم کاتەدا، گەرهاتوو فەرمانبەرەکە هەر زیانێکی بەرکەوتبوو بە هۆی ملنەدانی دەسەلاتە کارگێڕییەکە بە دەستبەکار بونەوەی و**

---

(٥٧)"احتساب المدة التي تجاوزت ٦٠ يوما من سحب اليد من الوظيفة اجازة اعتيادية" ئەم رادەربڕینە لە پێگەی ئەنجومەنی باڵا دادوەری عێراق بڵاوکراوەتەوە بەم ناونیشانە: https://www.hjc.iq/view.68137 رێکەوتی دواهەمین سەردان : کاتژمێر (١٠)ی رۆژی ٢٠٢١/٤/٢٧

دواتر لەسەر رەسیدی مۆلەتە ئاساییەکانی  ئەو ماوەیە تەکییف کرا کە کەوتبوە سەروو (٦٠) رۆژەکەوە ، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە دەتوانێت لەرێگەی داوای قەرەبووکردنەوەوە  لەبەردەم دادگای کارگێڕیی ، داوای قەرەبووی هەر مافێکی دیکەی خۆی بکاتەوە کە بە هۆی ئەو هەڵوێستەی ئیدارەوە لە دەستی چووە و زیانی پێکەوتووە.

(٤٠)

## مردنی فەرمانبەری دەستپێکێشراوە (مسحوب الید) و مافی خانەنشینی

بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٩/چوارەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، گەرهاتوو فەرمانبەری دەستپێکێشراوە پێش دەرچوونی بڕیاری بنبڕ (قطعی) لە لێکۆڵینەوە یان دادگایی کردن وەفاتیکرد، ئەوا نیو مووچە راگیراوەکەی دەدرێتەوە بەوانەی کە شایستەی وەرگرتنی مافەکانی خانەنشینی دەبن بەپێی یاسای خانەنشینی، خۆگەر هاتوو فەرمانبەرە کۆچکردووەکە شایستەبوانی مافی خانەنشینی (مستحقی الحقوق التقاعدیة)ی نەبوو ئەوا لەم کاتەدا دەدرێت بە میراتگرەکانی (الورثة)، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات، کە ئایا لەم حاڵەتەدا بە هەمان شێوە فەرمانبەرەکە بە مردنی بە هەواڵەکراو دادەنرێت بۆ خانەنشینی یان نا؟

بێگومان دەستپێکێشانەوەی فەرمانبەر لە وەزیفەکەی ئیتر بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی (١٦) بێت یان ماددەی (١٧) ی یاسای بەرزەفتەکردن، ئەوا نابێتە هۆی پچڕانی پەیوەندی فەرمانبەرێتی فەرمانبەرەکە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی ناتوانێت پیادەی ئەرکە وەزیفییەکانی خۆی بکات، بەڵام شایستەی نیوەی مووچەکەی دەبێت تا ئەو کاتەی کە ماوەی دەستپێکێشانەوەکەی کۆتایی دێت، ئیتر بە تەواو بوونی ماوەی (٦٠) رۆژەکە بێت گەرهاتوو دەستپێکێشانەوەکە بە پێی ماددەی (١٧)ی یاسای بەرزەفتەکردن بڕیاری لێدرابوو، یان بە هۆی ئازادبوونی فەرمانبەرەکەوە بێت بە کەفالەت ، یان دادگا بڕیاری لە دۆسیەکەی دابوو، گەرهاتوو دەستپێکێشانەوەکە بە گوێرەی ماددەی (١٦)ی یاساکە کرابوو.

سەبارەت بە شایستەبوون بە مافی خانەنشینی گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پێش دەرچوونی بڕیاری بنبڕ لە لێکۆڵینەوە یان دادگایی کردن وەفاتیکرد، ئەوا هەر چەند لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت یان یاسای خانەنشینی هیچ دەقێک لەم بارەیەوە نەهاتووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم

گریمانەیە، بەڵام بە گەرانەوە بۆ بڕیارە دادوەرییەکان، دەکرێت وەڵام بەم گریمانەیە بدەینەوە .

لەلایەن خۆیەوە دادگای پێداچوونەوەی عێراق لە بڕیارێکیدا بە ژمارە (١٧٥/ مووچەی خانەنشینی/ ١٩٨١ لە١٩٨١/٧/٢٥) [٥٨] دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە لەم دۆخەدا فەرمانبەرەکە هەواڵەی خانەنشینی دەکرێت، لەم بارەیەشەوە و لە وردەکاری بڕیارەکەیدا، دادگای ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە گەرهاتوو فەرمانبەر دەستپێکێشانەوەی لە کارەکەی پێکراو تا کاتی دەرچوونی حوکمی لە سێدارەدان و جێبەجێکردن لەسەری . هێشتا بڕیاری عەزلکردنی لە وەزیفە دەرنەکرابوو، یان بریار نەدرابوو بە بێبەشکردنی خۆی و خێزانەکە لە مافەکانی خانەنشینی ئەوا لەم حاڵەتەدا . گەرهاتوو لە کاتی راژەدا کۆچی دواییکرد، خێزانەکەی شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن. لەبەر رۆشنایی ئەم حوکمەدا دەکرێت چەند مەرجێک دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکە و خێزانەکەی لەم حاڵەتەدا شایستەی مافەکانی خانەنشینی ببن:

١- دەبێت حوکمی کۆتایی و بنبڕ لە دۆسیەکە دەرهەق بە فەرمانبەرەکە دەرنەچووبێت و هێشتا فەرمانبەرەکە لە ماوەی دەستپێکێشانەوەدا بێت .

٢- دەبێت بڕیاری عەزلکردنی بۆ نەدرابێت لەلایەن وەزارەتەکەیەوە.

٣- دەبێت خۆی و خێزانەکە بێبەش نەکرابن لە مافەکانی خانەنشینی . ئیتر بە یاسایەک بێت یان بڕیارێکی تەشریعی یان بڕیارێکی دادوەریی .

لەسەر ئەم بنەمایەش فەرمانبەرەکە گەرهاتوو لەو حاڵەتەدا وەفاتیکرد، ئەوا وا دادەنرێت کە لە وەزیفەدا بووە، چونکە پەیوەندییە وەزیفیەکە کۆتایی نەهاتووە و بەردەوام بووە لە وەرگرتنی نیوەمووچەکەی، لەم کاتەشدا هەواڵەی

---

(٥٨) "إذا سحبت يد الموظف عن العمل حتى صدور حكم الإعدام عليه وتنفيذه بحقه ولم يصدر قرار بعزله من الوظيفة أو بحرمانه وعائلته من الحقوق التقاعدية فيعتبر والحالة هذه قد توفي أثناء الخدمة وتستحق عائلته الراتب التقاعدي عنه." قرار منشور فی موقع محکمه التمییز الاتحادیة (https://www.hjc.iq/qview.99/)

خانەنشینی دەکرێت بە چاوپۆشیکردن لە ماوەی راژەکەی هەرچەند بێت پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٦/دووەم) ی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ گەرهاتوو لە خێزانەکەدا میراتگری هەبوو کە حوکمەکانی شایستەبوونی مافی خانەنشینی دەیگرتنەوە بە پێی ماددەی (١٣)ی یاسای خانەنشینی .

(٤١)

## ئەژمارکردنی خزمەت لە ماوەی مۆڵەتی بێ مووچە

رەنگە ئەو پرسیارە بکرێت یاخود ئەو بابەتەمان رووبەروو بکرێتەوە کە ئایا رێگەپێدراوە فەرمانبەر لە میانەی وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچەی درێژ خایەندا لە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت دەوام بکات و لەپاش کۆتایی هاتنی مۆلەتەکەی ، داوای ئەژمارکردنی ماوەی ئەو خزمەتەی بکات کە لە ماوەی مۆلەتی بێ مووچەکەیدا پێشکەشی کردووە لە کەرتی تایبەت. لێرەدا دەپرسین ئایا تا چەند ئەم بابەتە رێگەپێدراوە و دەچێتە چوارچێوەی ئەو خزمەتانەی کە بۆ فەرمانبەر ئەژمار دەکرێن بە تایبەت بۆ مەبەستی خانەنشینی ؟ بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە بە چەند خاڵێک روونکردنەوە پێشکەش دەکەین :

**یەکەم:** ریشەی مۆلەتی بێ مووچە دەگەرێتەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (چل و سێیەم /٤) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و ماوەی مۆڵەتەکەی بە (٦٠) رۆژ دەستنیشانکردووە و دواتر بەبڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەلوەشاوە) بە ژمارە (٤١٨) ی ساڵی ١٩٨٧ ماوەکەی زیادکرا بۆ (٢) دوو ساڵ و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمیش ماوەی مۆڵەتەکەی زیاد کردووە بۆ (٥) ساڵ بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٣٨) لە ٢٠١٥/٤/٥ کە ئەمەی دوایی لەرووی یاساییەوە سەرنج هەڵدەگرێت. لەبەر ئەوەی ماوەی مۆلەتەکە بەدەقی یاسا و بریاری تەشریعی دیاریکراوە و لە تایبەتمەندی دەسەلاتی یاسادانانە نەک دەسەلاتی جێبەجێکردن.

**دووەم:** پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بە فەرمانبەر گرێدراوە بە دوو مەرجی سەرەکیەوەو لە دەقی ماددەی (٤٣ و ٤٤ و ٤٦) ی یاسای راژەی شارستانی جەختی لەسەرکراوەتەوە. ئەوانیش بریتین لە :

١ـ دەبێت فەرمانبەرەکە هیچ رەسیدێکی مۆڵەتی ئاسایی نەمابێت . ئەو کاتە شایستەی مۆڵەتی بێ مووچە دەبێت. بەو مانایەی دەبێت فەرمانبەرەکە

سەرجەمی مۆلەتە ئاساییە کەڵەکەبووەکان کە بریتین لە (١٨٠) رۆژ بە مووچەوە وەرگرتبێت و دواتر داوای مۆڵەتی بێ مووچە بکات .

٢- دەبێت دۆخێک بۆ فەرمانبەرەکە هاتبێتە پێشەوە کە زۆر پێویستی بەوە هەبێت کە مۆڵەتی بێ مووچەی پێبدرێت و ئەو زەرورەتەش دەبێت لەلایەن فەرمانبەرەکە بسەلمێنرێت بەو بەڵگانەی لەبەدەستیدان و دائیرەکەیشی قەناعەتی پێی هەبێت.

**سێیەم:** مۆڵەتی بێ مووچە بە گوێرەی حوکمی هەریەک لە ماددەی (٤٣، ٤٤، ٤٦)ی یاسای راژەی شارستانی بەدەرکردنە (أستثناء ) لەسەر ئەسڵ و بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥/ یەکەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ مۆڵەتی بێ مووچە لە حوکمی (غيابات) دانراوە، بۆیە نابێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیادەرەوی لە پێدانی ئەم جۆرە مۆڵەتە بکات و فراوان ببێتەوە لە رێکخستنی حوکمە گشتیەکانیدا .

**چوارەم:** هەر خزمەتێک کە ئەژمار دەکرێت بۆ فەرمانبەر دەبێت کەوتبێتە دەرەوەی تەمەنی وەزیفیی فەرمانبەرەکەوە ، واتە کاتێک خزمەتەکە پێشکەشکرابێت کە فەرمانبەرەکە هێشتا سیفەتی فەرمانبەرێتی گشتی وەرنەگرتبێت، وەک خزمەتی سەربازی پێش دامەزراندن، یان خزمەتی پارێزەرایەتی پێش دامەزراندن، یان خزمەتی رۆژنامەنووسی یا پێشمەرگایەتی .... کە ئەم خزمەتانە کاتێک پێشکەشکراون فەرمانبەرەکە سیفەتی فەرمانبەرێتی گشتی وەرنەگرتووە و دانەمەزراوە، لەسەر ئەم بنەمایەش دەکرێت بە گوێرەی یاسای تایبەتمەند بۆی ئەژمار بکرێت .

**پێنجەم:** وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە لەلایەن فەرمانبەرەوە نابێتە هۆی پچڕاندنی پەیوەندی فەرمانبەرێتی فەرمانبەرەکە، بەڵکو تەنها بۆ ماوەی مۆلەتەکە فەرمانبەرەکە ناتوانێت پیادەی ئەرکە وەزیفیەکەی خۆی بکات بە هۆی ئەو زەرورەتەی کە لە پێناویدا مۆڵەتەکەی وەرگرتووە وەک پێشتر روونمانکردەوە، بەم جۆرەش ماوەی مۆڵەتی بێ مووچە بە ماوەی کۆتایی هاتنی

پەیوەندی فەرمانبەریتی نایەت کە دواتر ماوەکە بۆ مەبەستی خانەنشینی یان هەر مەبەستێکی دیکەی وەک سەرمووچە یان پلەبەرزکردنەوە ئەژمار بکرێت .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە خرایە، رێگەپێدراو نییە کە خزمەتی کەرتی تایبەت کاتێک فەرمانبەر لە ماوەی مۆڵەتی بێ مووچەکەدا پێشکەشی کردووە ئەژمار بکرێت بۆ فەرمانبەر. لەبەر ئەوەی کە پەیوەندی فەرمانبەریتی لە ماوەی مۆڵەتی بێ مووچەدا بەرقەرارە و کۆتایی نەهاتووە و هەروەها لەبەر ئەوەی مۆلەتی بێ مووچە بەدەرکردنە لەسەر ئەسڵ و رێگەپێدراو نیە فراوانی تیا بکرێت بە جۆرێک حوکمی یاسایی لەسەر بخرێتەوە ، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە مۆڵەتی بێ مووچە بۆ زەرورەتێک دەدرێت کە فەرمانبەرەکە پێشتر بۆ دائیرەکەی سەلماندووە و بەو هۆیەشەوە دائیرەکەی مۆڵەتی بێ مووچەی پێداوە و لە حالەتی دەوامکردنی فەرمانبەرەکەش لە ماوەی مۆلەتەکەی لە کەرتی تایبەت، ئەوا ئەمە ناکۆک دەوەستێتەوە لەگەل ئەو مەبەستەی مۆلەتەکەی بۆ وەرگیراوە.

خۆ گەر بمانەوێت ئەم جۆرە کارکردنە لە ماوەی مۆڵەتی بێ مووچە بەشێوەی یاسایی رێکبخەین بە جۆرێک کە وەک خزمەت بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار بکرێت، ئەوا دەبێت بابەتەکە لەرێگەی دەقی یاساییەوە رێکبخرێتەوە و یاسایەکی بە راشکاوانە رێگەی دابێت بە فەرمانبەر کە لە ماوەی مۆڵەتەکەیدا دەتوانێت لە کەرتی تایبەت کار بکات و بە گوێرەی یاسای تایبەتمەندیش لەو کەرتەدا ، پشکی مانگانەی (ضمان)ی دابێت، ئەو کاتە ئەو خزمەتەی دەگوازرێتەوە بۆ سەر خزمەتی خانەنشینی لە کاتی خانەنشین بوونیدا، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان هیچ دەقێکی یاسایی لەم جۆرەمان نییە ئەم بوارەی رێکخستبێت .

(٤٢)

# دەسەلاتی تایبەتمەند بە فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت و مەرجەکانی

## یەکەم: دەسەڵاتی تایبەتمەند

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/ سێیەم) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ ،[٥٩] دەسەڵاتی تایبەتمەند بەو جۆرە پێناسەکراوە کە بریتییە لە وەزیر یاخود سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت یان هەر کەسێک کە ڕێپێپێدەدەن (تخويل) بەمەرجێک پلەی وەزیفی لەبەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.

بەم جۆرەش بۆمان دەردەکەوێت کەیاسادانەر لە هەرێمی کوردستان لەسەر هەمان ئاراستەی یاسادانەری عێراقی ڕۆیشتووە چ لە یاسای ژمارە(٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ی هەڵوەشاوە چ لە یاسای فرۆشتن بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت  ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٣ی بەرکار لە عێراق کە دەسەلاتەکەی بە دیاریکراوی (حصر) وەک دەسەڵاتێکی شەخسی نەداوە بە وەزیر ، بەڵکو ڕێگەی داوە بە دابەزاندنی دەسەلاتەکە بۆ فەرمانبەرێکی دیکە لە خوارەوە ، بەڵام ئەوەی کە یاسادانەری هەرێم لە یاسادانەری عێراقی جیا دەکاتەوە لەم بابەتەدا ئەوەیە کە یاسادانەری هەرێم مەرجێکی لەو فەرمانبەرەدا داناوە کە دەسەلاتەکەی بۆ شۆڕ دەکرێتەوە و نابێت پلەی وەزیفی لەبەرێوەبەری گشتی کەمتر بێت ، بەلام یاسادانەر عێراق ئەم بابەتەی بە کراوەی هێناوە و هیچ مەرجێکی بۆ ئەو کەسە دەستنیشان نەکردووە کە دەسەلاتەکەی بۆ دادەبەزێت.

دەربارەی دەستە سەربەخۆکانیش وەک دیوانی چاودێری دارایی هەرێم یاخود دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، ئەوا  بەبڕوای ئێمە لەبەر ئەوەی سەرۆکی ئەو دەستانە پلەکەیان وەزیرە، ڕاستەوخۆ دەسەلات لە یاساکەوە

---

[٥٩] ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٦٣) ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٨ بڵاوکراوەتەوە و دوای (٦٠) ڕۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە .

وەردەگرن بۆ بڕیاردان لە فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵک وماڵی دەوڵەت. بە هەمان شێوەش سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری سەبارەت بەموڵک وماڵی گوازاروە و نەگوازراوەی دەسەلاتی دادوەریی. لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە دەتوانین بڵێین :

١ـ لە بنەڕەتدا دەسەلاتی پێکهێنانی لیژنەکە دراوە بە وزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت. بەڵام یاساکە بەدەرکردنێکی هێناوە لەسەر ئەم ئەسڵە کە ڕێگەپێدراوە وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت دەسەڵاتەکە شۆڕبکاتەوە بۆئەو فەرمانبەرەی کە بە پێویستی بزانێت پیادەی ئەو دەسەڵاتە بکات.

٢ـ یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان جیاواز لە یاسادانەری عێراقی پلەی وەزیفی ئەو فەرمانبەرەی دەستنیشانکردووە کە وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو دەسەڵاتەکەی پێدەدات. کە بەبروای ئێمە هەرچەند ئەم دەستنیشانکردنە جۆرێک لە رۆتینی دروست دەکات. بەڵام هۆکارەکەی پەیوەندی هەیە بە هەستیاری بابەتی ئەو دەسەلاتەوە  کە فەرمانبەرەکە پیادەی دەکات و خۆی دەبینێتەوە لە رەفتارکردن بە ماڵ و سامانی دەوڵەتەوە. کە ئەمەش گرنگی ئەم بابەتە نیشان دەدات  بەلای یاسادانەری هەرێمەوە.

٣ـ دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەکان لە نیزامی گشتین و ڕێگە پێدراو نییە کە سەرپێچی بکرێت. بە پێچەوانەوە گەرهاتوو لیژنەکان لەلایەن لایەنێکەوە پێکهات کە دەسەلاتی پێکهێنانی نەبوو. ئەوا سەرجەم  کاروبارەکانی بە پوچەڵکراوە دادەنرێن .

**دووەم: مەرجەکانی بڕیاردان لە فرۆشتن و بەکرێدان**

یاسادانەری هەرێمی کوردستان لەماددەی (٣/ یەکەم)ی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٢١ دوو مەرجی جەوهەری شکلی هێناوە کە پێویستە لە کاتی بڕیاردان لەلایەن دەسەلاتی تایبەتمەندەوە بۆ فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت پەیڕەو بکرێت. ئەو مەرجانەش هەمان ئەو مەرجانەن کە یاسادانەری عێراقی

**لە هەردوو یاسایی ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ ی هەڵوەشاوە و یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٣ی بەرکار لە عێراق دووپاتیکردۆتەوە کە بریتین لە :**

**١- دەبێت فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت بەرژەوەندی گشتی بەدی بهێنێت، بەڵام یاسادانەر لە هیچ یەک لەو سێ یاسایەدا نەچوەتە ناو پێناسەی بەرژەوەندی گشتی کە مەبەست چییە لەم زاراوەیە و هیچ نمونەیەکی لەسەر نەهێناوەتەوە . لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە کە بڕیاری فرۆشتن یان بەکرێدانەکە لەسەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی واقیعی بێت به جۆرێک کە قەناعەت بهێنێت بە دەسەلاتی تایبەتمەند بۆ بڕیاردان لەسەر فرۆشتن یان بەکرێدانەکە و دەبێت بەروونی و راشکاوانە خرابێتە روو، بە جۆرێک کە هیچ لێکدانەوەیەک هەڵنەگرێت بۆ ئەوەی دواتر لایەنەکانی چاودێری کردن نەتوانن تانەی لێ بدەن . بێگومان بۆ ئەم بابەتەش دەسەڵاتی تایبەتمەند پشت دەبەستێت بە کەسانی خاوەن شارەزایی و لێهاتووی لە چوارچێوەی فەرمانگەکەی پێش ئەوەی بریاری فرۆشتن یان بەکرێدان دەربکات[٦٠] .**

**٢- پێویستە لەبڕیاری فرۆشتن یان بەکرێدانەکەدا جۆر و خەسڵەت و بڕی ئەو موڵک و ماڵە دیاری بکرێت کە بۆ فرۆشتن یان بەکرێدانە، بێگومان ئەم مەرجە بناغەیەکی گرنگە بۆ هەر کردارێکی فرۆشتن یان بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت، چونکە دەسەلاتی تایبەتمەند لەسەر بنەمای ئەو لیستەی کە ناو و جۆر و خەسلەت و بڕی موڵک و ماڵەکەی تێدا هاتووە و دەبێتە بنەڕەتی سەرەکی فرۆشتنەکە . رەزامەندی دەدات و لە پاش ئەو رەزامەندیدانە رێگە پێدراو نیە کە موڵک و ماڵی هاتوو لە لیستە رەزامەندی لەسەردراودا دەستکاری بکرێت چ بە زیاد کردنی بێت یان کەم کردنی مەگەربێتو بە بریار و رەزامەندی هەمان دەسەلاتی تایبەتمەند کە لەبنەرەتەوە بریاری رەزامەندییەکەی داوە .**

---

[٦٠] حيدر داود حمدالله الحسيني، شرح قانون بيع و ايجار أموال الدولة رقم (٢١) لسنة ٢٠١٣ المعدل، الطبعة الثانية، مكتبة القانون المقارن، بغداد، ٢٠١٩، ص٣٩.

## (٤٣)
## دەربارەی لیژنەی خەملاندنی فرۆشتن و بەکرێدان

لەبەشی (٤٢) باسمان لە دەسەڵاتی تایبەتمەند کرد بە پێکهێنانی لیژنەکانی خەملاندن و فرۆشتن و بەکرێدان و مەرجەکانی کرد لەم بەشەدا، باس لە مەرجە شکلییەکانی پێکهێنانی لیژنەی خەملاندن (لجنة التقدیر) و مەرجەکانی دەکەین تایبەت بەو رێککارانەی کە پێویستە لیژنەی خەملاندن پێوەی پابەند بێت. لەم روانگەیەشەوە لە رێگەی چەند خالێکەوە روونکردنەوە دەدەین :

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/یەکەم) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک وماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ ، لیژنەی خەملاندن پێکدێت لە ژمارەیەک فەرمانبەر کە نابێت لە (٣) کەس کەمتر بێت بەو مەرجەی پلەی وەزیفیان لە پلە پێنج کەمتر نەبێت. لەم بەرەنجامەوە دەردەکەوێت کە یاسادانەر چەند مەرجێکی شکلی جەوهەری دەق لەسەر هێناوە کە پێویستە لە کاتی پێکهێنانی لیژنەکەدا، دەسەڵاتی تایبەتمەند رەچاویان بکات، بەپێچەوانەوە سەرجەم کاروبارەکانی لیژنەکە بە پوچەڵکراوە دادەنرێن، لە خوارەوە ئاماژە بەو مەرجانە دەکەین :

١- نابێت ئەندامانی لیژنەکە ژمارەیان لە (٣) ئەندام کەمتر بێت بەڵام دەکرێت کە ژمارەیان زیاتر بێت، بەو مانایەی یاسادانەر لای خواروی ژمارەی ئەندامانی لیژنەکەی دیاریکردووە ولای سەروی بەجێ هێشتووە بۆ دەسەڵاتی تایبەتمەند تا بە گوێرەی بەرژەوەندی گشتی بڕیاری لێبدات ، بێگومان ئەمەش بە رەچاوکردنی ئەوەی کە ژمارەی ئەندامەکانی لیژنەکە تاک بێت نەک جووت، چونکە بابەتی لیژنەکە و بڕیاردان لە بارەیەوە دەکەوێتە چوارچێوەی زۆرینە و کەمینەی رای ئەندامانی لیژنەکەوە، بۆیە گرنگە کە ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە، تاک بن نەک جووت، ئەم ئاراستەیەی یاسادانەری هەرێم لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە پێچەوانەی ئاراستەی یاسادانەری عێراقییە لە هەردوو یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٣ ی بەرکار لە عێراق و یاسای ژمارە

(٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ ی هەڵوەشاوە کە لەو دوو یاسایەدا، یاسادانەری عێراقی ژمارەی ئەندامانی لیژنەکەی بە (٣) کەس دەستنیشان کردووە کە نابێت لەو (٣) کەسە زیاتر بن یان کەمتر.

٢- یاسادانەری هەرێم بە هەمانشێوەی یاسادانەری عێراقی لە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٣ پلەی وەزیفی ئەندامانی لیژنەکەی بە گوێرەی پلەکانی هاتوو لە خشتەی مووچە دەستنیشان کردووە نەک بە گوێرەی ناونیشانی وەزیفییان، بەپێچەوانەی ئاراستەی یاسادانەری عێراقی لە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ هەڵوەشاوەدا کە بە گوێرەی ناونیشانی وەزیفیان پلەی ئەندامانی لیژنەکەی دەست نیشانکردبوو، لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە ئەو فەرمانبەرەی وەک ئەندامی لیژنەکە دادەنرێت پلە وەزیفییەکەی لە پلەی پێنجی خشتەی مووچە کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوەیشی یاسادانەر لەیاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ دا ناونیشانی وەزیفی و پلە و مەرتەبەی فەرمانبەری پێکەوە گرێداوە، کەواتە دەتوانین بڵێین گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لە وەزیفە ژمێریاییەکان بوو، ئەوا دەبێت ناونیشانەکەی بریتی بێت لە (ژمێریاری پێشکەوتوو) یان گەرهاتوو لە وەزیفە کارگێڕییەکان بوو ئەوا دەبێت ناونیشانەکەی بریتی بێت لە(سەرۆکی تێبینەران) یان گەرهاتوو ئەندازیار بوو ئەوا دەبێت ناونیشانەکەی بریتی بێت لە ( ئەندازیاری پێشکەوتوو) یاخود گەر یاسایی بوو ئەوا دەبێت ناونیشانەکەی بریتی بێت لە (یاریدەدەری راوێژکاری یاسایی ) .

**دووەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/دووەم) فەرمانبەرێکی بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە و فەرمانبەرێکی ژمێریاری لە نێو فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی هاوڕێیەتی لیژنەکە دەکەن، لەم روانگەیەوە چەند سەرنجێک تۆمار دەکەین :

١- هەر دوو فەرمانبەری ئاماژەپێکراو وەک ئەندامی لیژنەکە دانانرێن، بەڵکو وەک هاوکاری لیژنەکە و لە چوارچێوەی پسپۆری خۆیاندا لەگەل لیژنەکە کاردەکەن، بەڵام بەرپرسیارێتیان هەمان بەرپرسیارێتی ئەندامانی لیژنەکەیە،

تەنانەت یاساکە پلەی وەزیفی هەردوو فەرمانبەرەکەی دەستنیشان نەکردووە تەنها دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە ئەو دوو نوێنەرە هاوڕێیەتی لیژنەکە (یرافق اللجنة) دەکەن. بەو مانایەی کە لیژنەکە بۆخۆی کیانێکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام ئەم نوێنەرانە مەرجی شکلین و تەواوکەری کاروباری لیژنەکەن بەپێی تایبەتمەندی فەرمانگەکانیان . هەروەک نەبوونی ئەم نوێنەرانە کۆی کارەکانی لیژنەکە پوچەڵدەکاتەوە چونکە مەرجی شکلی جەوهەرین بۆ کاروبارەکانی لیژنەکە .

٢- بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢٥)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسادانەر بۆ خەملاندنی ماڵی گوازراوەی دەوڵەت جەختی تەنها لەسەر ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی دارایی کردۆتەوە کە هاوڕێیەتی لیژنەی خەملاندن بکات بێ ئامادەبوونی نوێنەری بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە. بەو مانایەی لە خەملاندنی موڵکی گوازراوەی دەوڵەت پێویست بەئامادەبونی نوێنەری بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە ناکات.

٣- یاسادانەر ناونیشانی وەزیفی ئەو فەرمانبەرەی وەزارەتی دارایی دەستنیشان کردووە کە هاوڕێیەتی لیژنەکە دەکات و مەرجی ئەوەی هێناوە کە دەبێت ژمێریاری بێت، بەم جۆرەش نابێت ناونیشانێکی دیکەی هەبێت وەک ناونیشانە کارگێرییەکان یان یاساییەکان یان هەر ناونیشانێکی دیکە، بە پێچەوانەوە کارەکانی لیژنەکە رووبەرووی مەترسی پوچەڵبوونەوە دەکاتەوە ، بێگومان دەستنیشانکردنی ئەم سیفەتەش کارێکی گرنگە . چونکە فەرمانبەری ژمێرکار لە وەزارەتی دارایی زانیاریی و شارەزایی زۆر باشی هەیە دەربارەی بابەتی ژمێریاری ویاسا و رێنماییەکانی تایبەت بە بواری پسپۆرییەکە و ئەمەش زامنی ئەو نرخە دەکات کە لیژنەکە دەیخەملێنن بۆ موڵک و مالی دەولەت .

**سێیەم:** سەرەرای ئەوەی یاسادانەر بۆ خەملاندنی موڵک و ماڵی دەوڵەت دەقی لەسەر لیژنەی خەملاندن هێناوە و هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کەپێویستە هەردوو نوێنەری بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە و نوێنەری وەزارەتی دارایی ئامادەبن، بەڵام لە هەمانکاتدا وەک دەسەڵاتێکی مەزندەکردن

(سلطة تقديرية) ڕێگەی داوە لیژنەکە بۆ خەملاندنی موڵک و ماڵی دەوڵەت پشتببەستێت بە کەسانی خاوەن شارەزایی و پسپۆریی، کە ئەم پشت پێ بەستنە وجوبی نیە و لیژنەکە دەتوانێت نەگەرێتەوە بۆ لای ئەم کەسانە یان بە پێچەوانەوە بۆیان بگەڕێتەوە . بێگومان ئەمەش بە گوێرەی سروشتی کاری خەملاندنەکە دەبێت.

**چوارەم:** سەبارەت بە ڕێژەی یاسایی (النصاب القانونی) ئامادەبونی ئەندامانی لیژنەی خەملاندن . ئەوا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٤/ دووەم) دەبێت هەموو ئەندامانی لیژنەکە ئامادە بن، واتە نابێت فەرمانبەرێک مۆڵەت بێت یان ئامادە نەبێت (غایب) . بەپێچەوانەوە گەرهاتوو حاڵەتێکی لەم جۆرە روویدا، ئەوا نابێت کۆنووسەکە پەسەند بکرێت، چونکە مەرجی ڕێژەی یاسایی داواکراوی یاساکەی تیا بەدی نەهاتووە، بەڵام لە حاڵەتی ڕێکنەکەوتنی ئەندامانی لیژنەکە لەسەر کۆنووسەکە، ئەوا لەم کاتەدا کۆنووسەکە بە زۆرینەی (أغلبية) تێدەپەرێنرێت و ئەو ئەندامەی لیژنەکەش کە بیروڕایەکی جیاوازی هەیە، پێویستە لە کۆنووسەکەدا بیروراکەی خۆی جێگیر بکات . بەو مانایەی نابێت خۆی بگرێتەوە لە واژۆکردنی کۆنوسەکە بێ ئەوەی ئامادە بێت بیروراکەی خۆی جێگیر بکات.

**پێنجەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ ڕێگەپێدراو نییە کە ئەندامانی لیژنەی خەملاندن و نوێنەرانی هەردوو بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئەو کەسە شارەزا و پسپۆرانەی پشتیان پێ دەبەسترێت بۆ خەملاندنی نرخی موڵکەکە و کەسە نزیکەکانیان تا پلە چوار، بەشداری کڕین و بەکرێدانی ئەو موڵک و ماڵە بکەن کە خەملاندنەکەیان بۆ کردووە بەرێگەی زیادکردنی ئاشکرا . مەبەست لە کەسە نزیکەکانیان تا پلە چوار بریتییە لە :

أ- باوک دایک و باپیر و نەنک تا سەرەوە

ب-مناڵ و نەوەکان تا خوارەوە

ت-برا و خوشکەکان و مناڵەکانیان

**ث-مام و خاڵ و مناڵەکانیان**

**ج-هەردو هاوسەر و کەسە نزیکەکانیان بە هەمان ریزبەندی لای سەرەوە.** [٦١]

**شەشەم: ئەو لایەنەی کە لیژنەکەی پێکهێناوە دەتوانێت کۆنووسی خەمڵاندنەکە پەسەند نەکات ئەگەر هاتوو نرخی خەمڵاندنەکەی پێ پەسەند نەبوو ، پاشان لیژنەیەکی دیکە پێکبهێنێتەوە بۆ دووبارە خەمڵاندنەوەیماڵەکە ، لە هەمانکاتدا ئەندامانی لیژنەکە و نوێنەرەکان وئەو شارەزایانەی پشتیان پێبەستراوە بۆخەمڵاندنەکە بەرپرسیارێتی یاساییان لەسەر شانە و گەرهاتوو دەرکەوت کە خەمڵانەکەیان بە نرخێکی کەم کردووە، ئەوا رووبەرووی لێپرسینەوە دەبنەوە هەم وەک فەرمانبەر سەبارەت ئەندامانی لیژنەکە و هەردوو نوێنەرەکە و هەم وەک راسپێراو بە خزمەتی گشتی (مکلف بخدمة عامة) سەبارەت بە شارەزاکان (خبراء) کە پشتیان پێبەستراوە بۆ دیاریکردنی خەمڵاندنەکە و لێپێچینەوەیان لەگەل دەکرێت** [٦٢] .

---

[٦١] ماددەی پێنجەم لە رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦ رێنمایی جێبەجێکردنی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ کە بە گوێرەی ماددەی (٣٧/ دووەم) ئەم رێنماییە بەرکارە تا ئەو کاتەی رێنمایی نوێ بۆ یاساکە دەردەچێت .

[٦٢] لە نووسینی ئەم بەشەدا ، سوود وەرگیراوە لە پەرتووکی: هاتف كاظم جاسم الموسوي، حدود السلطة التقديرية للإدارة في المزايدات العامة، ط١، منشورات الحلبي، لبنان،٢٠٠٩.

(٤٤)

## دەربارەی لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان

یاسادانەر لە ماددەی (١٠) و (١١)ی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک وماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ هەستاوە بە ڕێکخستنی شێوازی پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند بە فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت و دەقی لەسەر ئەوە هێناوەکە کە لیژنەی ئاماژەپێکراو لە (٣) سێ فەرمانبەری خاوەن شارەزایی پێکدێت کە ناونیشانی وەزیفی هەر یەکەیان لە بەڕێوەبەر یاخود سەرۆک تێبینەران کەمتر نەبێت یاخود (١٠) ساڵ ڕاژەی وەزیفی هەبێت، هەروەها لە ماددەی (١١)ی هەمان یاسادا ، یاسادانەر دەقی لەسەر ئەوە هێناوە لە کاتی پێکهێنانی لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی نەگوازراوەدا ، ڕێگەپێدراو نیە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی خەمڵاندن، ئەندام بن لە لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان. لەبەر ڕۆشنایی هەردوو ماددەی ئاماژە پێکراو ، چەند سەرنجێک تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** بەپێچەوانەی ئاراستەی یاسادانەر لە پێکهێنانی لیژنەی خەمڵاندن، یاسادانەر لە پێکهێنانی لیژنەی فرۆشتن و بەکرێداندا، ژمارەی ئەندامانی لیژنەکەی بە دیاریکراوی (حصر) هێناوە و بە (٣) ئەندام دەستنیشانیکردووە و ڕێگەی نەداوە کە ژمارەیان لە (٣) ئەندام زیاتر بێت یان کەمتربێت، ئەم دەستنیشانکردنی ژمارەیەش لە نیزامی گشتییە و ڕێگەپێدراونیە سەرپێچی بکرێت لەلایەن دەسەلاتی تایبەتمەندەوە.

**دووەم:** بە هەمان شێوە یاسادانەر جیاواز لە دەستنیشانکردنی ئاستی ئەندامانی لیژنەکە، لە لیژنەی فرۆشتن و بەکرێداندا، لە بری گەڕانەوە بۆ پلەی وەزیفی ئەندامانی لیژنەکە، یاسادانەر گەڕاوەتەوە بۆ ناونیشانی وەزیفی ئەندامانی لیژنەکە و دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە نابێت ناونیشانی ئەندامانی لیژنەکە لە بەڕێوەبەر یان سەرۆکی تێبینەران کەمتر بێت، کە بەگوێرەی وەسفی وەزیفی گشتێنراو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ناونیشانی بەڕێوەبەر

دەکەوێتە پلەی سێ لە خشتەی مووچەی فەرمانبەران، لەکاتێکدا ناونیشانی سەرۆکی تێبینەران دەکەوێتە پلەی پێنجەم لە خشتەی مووچەی فەرمانبەران ، بەبڕوای ئێمە ئەو فەرمانگەیەی کە دەسەلاتی تایبەتمەند لیژنەکەی تێدا پێکدەهێنا، گەرهاتوو فەرمانبەری هەبوو بە ناونیشانی بەڕێوبەر یان هاوتاکەی ئەوا ڕێگەپێدراو نیە فەرمانبەرێکی دیکە دابنێت بە ناونیشانی سەرۆکی تێبینەران یان هاوتاکەی، بەڵام گەر نەیبوو ئەو کات دەتوانێت فەرمانبەرێک دابنێ بە پلەی سەرۆکی تێبینەران.

**سێیەم:** لە بڕگەی کۆتایی ماددەی (١٠)ی یاساکەدا ، جارێکی دیکە یاسادانەر بەدەرکردنێکی دیکەی هێناوە و ڕێگەی داوە بەو فەرمانبەرانەی کە (١٠) ساڵ ڕاژەی وەزیفیان هەیە تا ببنە ئەندامی لیژنەکە، ئەمەش دەکرێت بۆ ئەو حاڵەتانە بێت کە ئەو دائیرەیەی لیژنەکەی تێدا پێکدەهێنرێت فەرمانبەری لەبەردەستدا نەبێت لە ئاستی ناونیشانی بەڕێوەبەر یان سەرۆکی تێبینەران[٦٣] . بەڵام گەرهاتوو لەو جۆرە فەرمانبەرانەی هەبوو ئەوا ڕێگەپێدراو نییە بۆ ئەم بژاردەیە بگەڕێتەوە .

**چوارەم:** یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان لە دەقی ماددەی (١١)ی یاساکەدا ، ڕێگەی نەداوە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی خەملاندنی موڵک و مالی نەگوازراوە ببنە ئەندامی لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان، هەرچەند دەقی ماددەکە زیاتر ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە ئەم مەرجە تەنها پەیوەستکرابێت بە ماڵی نەگوازراوەی دەوڵەتەوە و لە نێو ماددەکانی تایبەت بە فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی گوازراوە دەوڵەت یاسادانەر هیچ دەقێکی لەم بارەیەوە نەهێناوە، بەلام بەبڕوای ئێمە باشتروایە کە بەهەمان شێوە لە کاتی پێکهێنانی لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی گوازراوەی دەوڵەتدا . سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی خەملاندن نەبنە ئەندامی لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان .

---

(٦٣) حيدرداود حمدالله الحسيني ، المصدر السابق، ص٤٦.

(٤٥)

## ئاسەوارەكانی پاشگەزبوونەوە (النكول) لە فرۆشتن و بەكرێدان

یاسادانەر لە ماددەكانی (٢١ و ٢٨) ی یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ بابەتی پاشگەزبوونەوەی كەسی زیادكاری رێكخستووە، كە دەكرێت لە چوار حاڵەتەدا كورتی بكەینەوە:

**یەكەم:** گەرهاتوو ئەو كەسەی دووەمین نرخی پێشكەش كردبوو (واتە ئەوەی پێش كەسی پاشگەزبووەوە دەستی لە زیادكردنەكە كێشاوەتەوە )، رازی بوو بە قبوڵكردنی فرۆشتنەكە یان بەكرێدانەكە بەو نرخەی پێشكەشی كردبوو، ئەوا لەم كاتەدا ، جیاوازی نرخی پێشكەشكراوی یەكەم و دووەم لە زیادكاری یەكەم وەردەگیرێت كە پاشگەزبووەتەوە گەرهاتوو فرۆشتن بوو، بەڵام گەرهاتوو بەكرێدان بوو ئەوا جیاوازی نرخی بەكرێدانەكە بۆ هەموو ماوەی بەكرێدانەكە لێ وەردەگیرێت. واتە لێرەدا تەنها جیاوازی نرخەكە لە زیادكاری یەكەم وەردەگیرێت كە پاشگەزبووەتەوە و خەرجی زیادكردنەكە لە زیادكاری دووەم وەردەگیرێت ، بەڵام گەرهاتوو زیادكاری دووەم رازی نەبوو ئەوا لەم كاتەدا بە نوسراو رەزامەند نەبوونی لێ وەردەگیرێت و واژۆی پێدەكرێت و پاشان بارمتەكەی پێ دەدرێتەوە . لەم كاتەشدا زیادكردنێكی نوێ ئەنجام دەدرێتەوە .

**دووەم:** گەرهاتوو لە زیادكردنی دووەمدا ، ماڵەكە بە نرخێكی كەمتر فرۆشرا یان درا بە كرێدرا بەراورد بەو نرخەی لە زیادكردنی یەكەمدا پێشكەشكرابوو، ئەوا لەم كاتەدا زیادكاری پاشگەزبووە جیاوازی نرخی نێوان هەردوو زیادكردنەكە و خەرجیەكانی دووبارە بانگەوازكردنەوەكەی لێ وەردەگیرێت لەو بارمتەیەی كە پێشكەشی كردووە و گەرهاتوو بارمتەكە كەمتر بوو لە بڕی جیاوازی نرخ و خەرجییەكان ئەوا لە ماڵ و سامانەكانی زیادكاری پاشگەزبووە وەردەگیرێتەوە بە پێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حكومیەكان. بەڵام گەرهاتوو بڕی بارمتەكەی زیاتربوو لە جیاوازی نرخ و خەرجی دووبارە زیاكردنەوەكە ئەوا ئەوەی دەمێنێتەوە لە بارمتەكە بۆی دەگەڕێنرێتەوە .

**سێیەم:** بەڵام گەرهاتوو لە زیادکردنە نوێیەکەدا ، ماڵە فرۆشراوەکە یان بەکرێدراوەکە بە زیاتر لەو نرخە گیرسیایەوە کە لە زیادکردنی یەکەمدا هەبوو ، ئەوا لەم کاتەدا، زیادکاری پاشگەزبووەوە تەنها پابەند دەکرێت بەو خەرجییە کردارییانەی کە لە زیادکردنی یەکەمدا کراوە و ئەمەش لە بارمتەکەی وەردەگیرێتەوە کە پێشتر پێشکەشی کردووە و پاشماوەکەیشی بۆ دەگەرێنرێتەوە گەر هاتوو بارمتەکەی لە برِی خەرجییەکان زیاتر بوو .

**چوارەم:** گەرهاتوو ماڵە فرۆشراوەکە یان بەکرێدراوەکە لە زیادکردنی دووەمدا خواستی کرِین یان بەکرێگرتنی لەسەر نەبوو لەلایەن هیچ کەسێکەوە واتە نەفرۆشرا یان بەکرێ نەدرا ، ئەوا لەم کاتەدا بارمتەی زیادکاری پاشگەزبووەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەبێتە داهات بۆ دەوڵەت. گەرهاتوو برِی بارمتەکە کەمتر بوو لە برِی خەرجییەکانی هەردوو زیادکردنەکە ، ئەوا لەم کاتەدا لە ماڵ و سامانەکەی وەردەگیرێتەوە بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان .بەڵام جیاوازی نرخی لێ وەرناگیرێت لەبەر ئەوەی زیادکردنی دووەم کۆتایی هاتووە بەهۆی نەبوونی خواست بۆ فرۆشتنەکە یان بەکرێدانەکە و بەم جۆرەش حاڵەتی پاشگەزبوونەوەکە لەرووی یاساییەوە کۆتایی هاتووە هەروەک لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە عێراق لە برِیاری (١٩٩٨/٣٥ لە ١٩٩٨/٨/١٩) دووپاتیکرۆدتەوە [٦٤].

---

[٦٤] حيدر داود حمدالله الحسيني، المصدر السابق، ص ١٤١.

(٤٦)

## چۆنیەتی وەرگرتنی کرێیماڵی نەگوازراوە کە بە زیادکردنی ئاشکرا بە کرێدراوە

بەپێی ئەحکامی ماددەی(١٩) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ و هەروەها ماددەی (١٨)ی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦، شێوازی وەگرتنی کرێی ماڵی نەگوازراوەی بەکرێدراو لەو کەسەی زیادکردنەکەی بۆ دەرچووە بەم جۆرەی لای خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** گەرهاتوو گرێبەستی بەکرێدانەکە ماوەکەی زیاتر نەبوو لە ساڵێک، ئەوا دەبێت کرێچی کرێی ماڵەنەگوازراوەکە وسەرجەم خەرجییەکان بدات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕەوە (الاحالة القطعية) . بەڵام دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت ڕەزامەندی بدات لەسەر دانی بڕی کرێی ماڵە نەگوازراوەکە بەشێوەی قیست بەم جۆرەی لای خوارەوە :

أ- دەبێت سێیەکی پارەی ساڵانەی بەکرێدانەکە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕەوە ڕادەستی دائیرەی تایبەتمەند بکات.

ب - پاشماوەی قیستەکانی دیکە دابەشدەکرێت بۆ چەند قیستێک بەو مەرجەی لە چوار قیست زیاتر نەبێت و دواین قیست نەگاتە زیاتر لە(٩) مانگ لەڕێکەوتی دەستپێکردنی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانەکە.

**دووەم:** بەڵام گەرهاتوو ماوەی بەکرێدانەکە زیاتر بوو لە ساڵێک ئەوا دەبێت کرێچی کرێی ماڵەنەگوازراوەکە و سەرجەم خەرجییەکان بدات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕەوە، بەڵام دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت ڕەزامەندی بدات لەسەر دانی بڕی کرێی ماڵە نەگوازراوەکە بەشێوەی قیست بەم جۆرەی لای خوارەوە:

أ - دەبێت (٣/١) یەک لەسەر سێی تەواوی بڕی پارەی بەکرێدانەکە لەماوەی(٣٠) ڕۆژدا لەڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕەوە ڕادەستی دائیرەی تایبەتمەند بکات.

ب ـ پاشماوەی بڕی پارەی بەکرێدانەکە دەکرێت بە چەند قیستێکەوە کە ژمارەیان  لە دوو هێندەی ساڵەکانی بەکرێدانەکە زیاتر نەبێت بەو مەرجەی دوایین قیست  لانیکەم  بەر لە کۆتایی  هاتنی ماوەی بەکرێدانەکە بە (٦) شەش مانگ ، بۆنمونە گەر هاتوو ماوەی بەکرێدانەکە بۆ (٣) ساڵ بوو ئەوا نابێت قیسەتەکان لە (٦) قیست زیاتربێت و گەر بۆ دوو ساڵ بوو نابێت لە چوار قیست زیاتربێت. و دەبێت دواهەمین قیست نەکەوێتە دوای شەش مانگی کۆتایی گرێبەستی بەکرێدانەکە.

**سێیەم:** بەگوێرەی ماددەی (٢٠)ی یاساکە، ماڵەبەکرێدراوەکە رادەستی کرێچی ناکرێت، تا ئەو کاتەی بەو شێوەیەی لای سەرەوە کرێیەکەی لێ وەردەگیرێت ئیتر بەسەر یەکەوە بێت یان کرابێت بە قیست بەو شێوەی روونکرایەوە، ئەوکات ماڵە بەکرێدراوەکەی رادەست دەکرێت.

**چوارەم:** ژمارەی ئەو قیستانەی کە لە یاسا و رێنماییەکەدا هاتووە، وەک لانی سەرووی ژمارەی قیستەکانە و دائیرەی تایبەتمەند دەتوانێت ژمارەی قیستەکان کەمتر بکاتەوە بۆ ئەو قیستانەی کە خۆی دەیەوێت . بەڵام ناتوانێت لەو ژمارەی قیستانە زیاتری بکات کە دەقی لەسەرهاتووەو دیاریکراوە.

**پێنجەم:** وەک ئاماژەمان پێدا ئەسڵ لە دانی کرێی ماڵە بەکرێدراوەکە بریتییە لەوەی بە یەک گوژمە بێت، بەڵام گەرهاتوو کرێچی خۆی داوای کرد بۆی بکرێتە قیست ئەو کاتە دەسەلاتی تایبەتمەند پەنا دەبات بۆ بەقیستکردنەکە بەو جۆرەی لە پێشەوە روونکرایەوە ، لەم بارەشدا یاساکە دەسەلاتی مەزندەکردنی (سلطة تقديرية)ی پێداوە، بەو مانایەی دەسەلاتی کۆت و بەند نەکراوە بەوەی هەر دەبێت بڕی کرێییەکە بکات بە قیست، بەلکو دەتوانیت داواکاری بە قیستکردنەکە رەت بکاتەوە و پێداگری لەسەر ئەوە بکاتەوە کە دەبێت کرێیەکە بە یەک گوژمە بێت گەرهاتوو هۆکاری ئەوتۆی لەبەردەستدا بوو .

**شەشەم:** گەرهاتوو کرێچی دواکەوت لە دانەوەی یەکێک لە قیستەکان لە وادەی شایستەبوونی خۆیدا، ئەوا ئەو قیستەی دواکەوتووە پێبژاردنێکی دەخرێتە سەر کە هاوتا بێت لەگەڵ نرخی ئەو سوودی دواکەوتنەی بانکە حکومیەکان بە گوێرەی سروشتی بەکارهێنانی خانووبەرەکە وەری دەگرن و ئەگەر ئەمە دووبارە بوویەوە ئەوا دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت لە دوای هۆشداریدان بە کرێچی قیستەکان هەڵبوەشێنێتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە بری بەرامبەری بەکرێدانەکە و پێبژاردنێکی هاوتا لەگەل نرخی سوودی بانکە حکومیەکان بە یەک گوژمە لێی وەربگرێتەوە بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرز حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم..

**حەوتەم:** جگە لەو شێوازی وەرگرتنی کرێیەی کە لە پێشەوە روونکرایەوە ، رێگەپێدراو نیە کە دەسەلاتی تایبەتمەند بە شێوەیەکی دیکە کرێیی ماڵە نەگوازراوە بەکرێدراوەکە وەبگرێت وەک هەندێک دائیرە پەیرەوی دەکەن و کرێیەکە بە شێوەی مانگانە وەردەگرن، کە ئەمەش پێچەوانەی حوکمەکانی یاساکەیە و ئەو دائیرەی کە بەم شێوەیە کرێی موڵکی بەکرێدراوی وەربگرێت بەرپرسیارێتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ لە هەر لێکەوتەیەک کە لەو بەرەنجامەوە بکەوێتەوە.

(٤٧)

## دەربارەی بڕیاری فەسڵکردنی فەرمانبەر بە پێی حوکمی دادگا

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) لەیاساى بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، فەرمانبەر فەسڵ دەکرێت بۆ ماوەی مانەوەی لە زیندان گەرهاتوو سزا درا بە زیندانیکردن (سجن) یان بەندکردن (حبس) لە پای تاوانێک کە ئابڕووبەر نەبوو (غير مخلة بالشرف) ..

ئەم جۆرە فەسڵکردنە فەسڵکردنێکی وجوبیە و دەسەڵاتی کارگێڕیی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی مەزندەکردنی تیایدا نیە و هەروەها ڕەنگە بابەتی حوکمدانی فەرمانبەرەکەش هیچ پەیوەندی بە وەزیفەکەیەوە نەبێت. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێین ئەوەیە کە ئایا دەسەلاتی کارگێڕیی پێویست دەکات چاوەڕێی ئەوە بکات کە حوکمی ئیدانەکردنی فەرمانبەرەکە پلەی کۆتایی وەربگرێت ئەو کات بریاری فەسڵکردنەکەی بۆ دەربکات یان دەبێت راستەوخۆ لەگەل دەرچوونی حوکمەکە و زیندانیکردنی فەرمانبەرەکە پێویستە دەستبەجێ بریاری فەسڵکردنی فەرمانبەرەکە دەربکات؟

لە خوارەوە بە چەند خاڵێک ڕوونکردنەوەی لە بارەیەوە دەخەینەڕوو

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢٨٢) لە یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ سزا تاوانکارییەکان راستەوخۆ لەپاش دەرچوونی حوکمی دادگا جێبەجێ دەکرێن جگە لەو بەدەرکردنانەی کە لە ماددەکەدا هاتوون. بەو مانایەی کاتێک تۆمەتبارێک لەلایەن دادگاوە حوکم دەدرێت بە زیندانیکردنی کردن، ئەوا دەستبەجێ بریاری زیندانیکردنەکەی لەسەر پێرەو دەکرێت و دادگا چاوەڕێی ئەوە ناکرێت تا حوکمەکەی پلەی کۆتایی وەربگرێت . بەو مانایەی لەگەل دەرچوونی حوکم بە زیندانیکردن، راستەوخۆ سزاکە جێبەجێ دەکرێت و لەم کاتەشدا گەرهاتوو حوکمدراو فەرمانبەربوو ئەوا لە وەزیفە دادەبڕێت.

کەلەم کاتەشدا دەسەلاتی کارگێڕیی دەبێت تەکییفی دابڕانەکە بکات بەو شێوەیەی کە یاسادانەر ڕێکیخستووە.

**دووەم:** لە ماددەی (٨/حەوتەم/ب) ئاماژە پێکراوی لای سەرەوە ، یاسادانەر بڕیاری فەسڵکردنەکەی گرێنەداوە بەوەی کە دەبێت بڕیارەکەی دادگا پلەی کۆتایی وەربگرێت ئەو کات دەسەلاتە تایبەتمەندەکە دەبێت بڕیاری فەسڵکردنی فەرمانبەرە زیندانیکراوەکەی دەربکات. بۆیە لەم کاتەدا دەسەڵاتی کارگێریی ڕێگەپێدراو نییە کە ئیجتیهاد بکات و بڕیاری فەسڵکردنەکە دوا بخات بە پاساوی ئەوەی کە هێشتا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەرنەگرتووە. خۆگەربێتوو یاسادانەر مەبەستی بووایە بڕیاری فەسڵکردنەکە گرێ بدات بەوەی کە حوکمەکەی دادگا پلەی کۆتایی وەربگرێت، ئەوا بە دەق جەختی لەسەر دەکردەوە هەروەک یاسادانەری هەرێم لە ماددەی (سیازدە/پێنجەم/٢) لە یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان دەقی لەبارەوە هێناوە و ئاماژەی بەوە کردووە ئەو فەرمانبەرەی حوکمی تاوانبارکردنی بە تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست دەدرێت ئەوا بە گەیشتنی حوکمەکە بە پلەی بنبڕ دەستبەجێ بە دەرکراو (معزول) لە وەزیفەکەی دادەنرێت کە لێرەدا یاسادانەر بڕیاری عەزلکردنی فەرمانبەری گرێداوە بەوەی کە حوکمی ئیدانەکردنەکە دەبێت پلەی کۆتایی وەربگرێت، واتە پێش ئەوە ڕێگەپێدراو نییە دەسەلاتی تایبەتمەند بڕیاری عەزلکردنی فەرمانبەرەکە دەربکات .

**سێیەم:** بەگوێرەی نوسراوی ژمارە (ق/٨٠٢/٦٦/ گشتاندنەکان لە / ٣/ ٢٠١٩) ی وەزارەتی دارایی عێراق جەخت لەوە کراوەتەوە کە فەسڵکردنی فەرمانبەر بەهۆی دەرچوونی بڕیاری دادگا بە زیندانیکردنی پێویست بەوە ناکات لەلایەن دەسەلاتی تایبەتمەندەوە چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە بڕیارەکەی دادگا پلەی بنبڕ وەربگرێت ئەو کاتە بڕیاری فەسڵکردنەکە دەربکات، بەڵکو دەبێت بە گوێرەی یاسای بەرزەفتەکردن دەستبەجێ بڕیاری فەسڵکردنەکە دەربکات چونکە یاساکە هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەکردووە کە دەرکردنی بڕیارەکە ڕابوەستێت لەسەر ئەوەی بڕیارەکەی دادگا پلەی بنبڕ وەربگرێت. لەم بارەیەشەوە وەزارەتی

ناوبراو جەختی لەوە کردۆتەوە کە دەبێت بە گوێرەی یاساکە دەستبەجێ ڕێککاری پێویست ئەنجام بدرێت[٦٥] .

**چوارەم:** هەروەها دەربارەی ئەم بابەتەش ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە عێراق لە بڕیارێکیدا بە ژمارە (٢٠١٥/١٣٣ لە ٢٠١٥/١٢/٢٠) ئاماژەی بەوە کردووە گەرهاتوو فەرمانبەرێک لەپای حوکمی دادگا بە زیندانیکردنی ، بڕیاری فەسڵکردنی بۆ دەرکرا و دواتر حوکمەکەی دادگا لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە هەڵوەشێنرایەوە (نقض)کە بێگومان حوکمی هەڵوەشێنراوەش هیچ ئاسەوارێک ناخاتەوە و وەک ئەوە وایە کە هەر نەبووبێت، ئەوا لەم کاتەدا مووچەی ماوەی فەسڵکردنەکەی کە دەکاتە ماوەی زیندانیکردنەکە بۆ فەرمانبەرەکە خەرجدەکرێتەوە و ئەو ماوەیەشی بە خزمەتی وەزیفی بۆ ئەژمار دەکرێت[٦٦].

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە خرایەڕوو دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی تایبەتمەند پابەندە بەدەرکردنی بڕیاری فەسڵکردنی فەرمانبەر بۆ ماوەی مانەوەی لە زیندان گەرهاتوو حوکمدرا بە زیندانیکردن لە پای تاوانێک کە ئابڕووبەر نەبوو، پێویست بەوەناکات چاوەڕێی ئەوە بکات حوکمەکەی دادگا پلەی بنبڕ وەربگرێت.

---

[٦٥] منشور في الكتاب السنوي التاسع ٢٠١٩ ، الصادر من قبل وزارة المالية العراقية، ط١، بغداد، ص ٢٨٢ .

[٦٦] قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٥، المصدر السابق، ص ٢٥٨ .

## (٤٨)

## چۆڵکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بە فەرمانبەری خانەنشینکراو یان راژە گوازراوە

زۆر جار ئەوە بەدیکراوە کاتێک فەرمانبەرێک لە یەکێک لەیەکە نیشتەجێبوەکانی میریدایە ، لەپاش هەواڵەکرانی بۆ خانەنشینی یاخود گواستنەوەی راژەکەی، دەستبەرداری یەکەکە نابێت و چۆڵی ناکات، لەم کاتەشدا هەندێک فەرمانگە پەنا بۆ ئەوە دەبەن کە مامەڵەی خانەنشینی فەرمانبەرەکە رابگرن گەرهاتوو خانەنشینکرابوو تا وەک فشارێک بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی یەکەکەی پێ چۆڵ بکەن، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا ئەم جۆرە رێککارانە دروستن؟ گەر دروست نین دائیرەی تایبەتمەند پێویستە چ کارێک رێککارێک بگرێتە بەر؟

بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە، لە خوارەوە چەند سەرنجێک تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی بریاری ژمارە (٨٦٤)ی ساڵی ١٩٧٩ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە) ئەو فەرمانبەرەی کە لەسەر داوای خۆی راژەکەی دەگوازرێتەوە و لە یەکەی نیشتەجێبوونی میریدایە ئەوا پێویستە لە ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە (٣) مانگ یەکەکە چۆڵ بکات و گەرهاتوو گواستنەوەی راژەکەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی بوو ئەوا پێویستە لە ماوەی (٦) مانگدا چۆڵی بکات و رێگە پێدراویشە لەم بارەیاندا بە رەزامەندی دائیرەکەی بۆی درێژ بکرێتەوە بۆ (٣) مانگی دیکە ، بەڵام گەرهاتوو فەرمانبەرەکە خانەنشینکرابوو، ئەوا گەرهاتوو لەسەر داوای خۆی خانەنشین بووبوو دەبێت لە ماوەیەکدا کە زیاتر نەبێت لە (٣) مانگ یەکەکە چۆڵ بکات، بەڵام گەرهاتوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی خانەنشین بووبوو، ئەوا دەبێت لە ماوەیەکدا کە لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت یەکەکە چۆڵ بکات و رێگە پێدراویشە بەرەزامەندی دائیرەکەی بۆی درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەی (٣) مانگی دیکە . خۆ گەرهاتوو خانەنشین بوونەکە بە هۆکاری تەندروستیی بوو، فەرمانبەرەکە یان هاوسەرەکەی یان مناڵە ناکامەکانی هیچ خانوویەکیان نەبوو،

ئەوا لەم کاتەدا  لە ماوەی ساڵێکدا دەبێت چۆڵی بکات و ڕێگە پێدراویشە بۆ ماوەی (٦) مانگ بۆی درێژ بکرێتەوە بە ڕەزامەندی دائیرەکەی .
**دووەم:** بە گوێرەی بریاری ژمارە (١٠٠)ی ساڵی ١٩٨٧ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) گەرهاتوو فەرمانبەرەکە کە هەواڵەی خانەنشینی کرابوو یان راژەکەی گوازرابوویەوە لەو ماوانەی لە خالی یەکەمدا هات. خانوەکەی چۆڵ نەکرد، ئەوا لەلایەن دائیرەی تایبەتمەندەوە یەکەکەی پێ چۆڵ دەکرێت لە ماوەی (٦) مانگدا لەرۆژی پێراگەیاندنی بە چۆڵکردنەکە و کرێی ئەو ماوەیەی بۆ دەکرێت بەکرێی هاوتا (أجر مثل) و بە گوێرەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان کرێیەکەی لێی وەردەگیرێت.
**سێیەم:** بەگوێرەی بڕگەی دووەم لە بڕیاری ژمارە (١٠٠)ی ساڵی ١٩٨٧ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەو فەرمانگە حکومییانەی کە خاوەنی خانووە بە کرێدراوەکەن، هەڵدەستن بە ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرەکە بە چۆڵکردنی خانووەکە لە ماوەی (شەش) مانگەکەدا و لە هەمانکاتدا نوسراو ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی تایبەبتمەند (دائرة التنفيذ المختصة) دەکەن بە هەموو بەراییەکانەوە و لە نێویشیاندا ئاگاداکردنەوەکەی فەرمانبەرەکە بە چۆڵکردنی خانووەکە، بەمەبەستی چۆڵکردنی خانووەکە لە ماوەی شەش مانگەکە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنەوە بەدەر لەرێککارەکانی چۆڵکردن، کە بەبڕوای ئێمە ئەمەش بەدەرکردنێکی دیکەیە لەسەر رێسا گشتییەکان ویاسادانەر دەسەڵاتێکی بەدەرکراوی داوە بە فەرمانگە حکومییەکان و بەرێوبەرایەتی جێبەجێکردن و هێزێکی یاسایی داوە بە ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەر لەلایەن دائیرەکەیەوە بە چۆڵکردنی خانووەکە و لەبری ئەوەی پەنا بەرێت بۆ دادگای تایبەتمەند بەمەبەستی وەرگرتنی حوکمی چۆڵکردنی خانووەکە، راستەوخۆ ئەم دەسەلاتەی داوە بە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی تایبەتمەند بۆ ئەوەی بەو کارە هەستێ لە بری دادگا و خانووەکە چۆڵ بکات بە فەرمانبەرەکە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە خرایەڕوو، دەبێت فەرمانگەی تایبەتمەند بە وردی پیادەی ئەو ماوە و ڕێککارانە بکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی بتوانێت یەکە نیشتەجێبوونەکە بەو فەرمانبەرە خانەنشینکراوە یان ڕاژە گوازراوە چۆڵ بکات کە مل نادات بە چۆڵکردنی یەکە نیشتەجێبوونەکە و ڕێگەپێدراو نیە جگە لەم ڕێکارانە، هیچ ڕێککارێکی دیکە بگرێتە بەر بۆچۆلکردنی یەکەکە، وەک راییی نەکردنی مامەڵەی خانەنشینبوونی فەرمانبەرەکە تا وەک فشاری لە دژی بەکاری بهێنێ بۆ چۆڵکردنی یەکەکە.

(٤٩)

## مەرجەعی تانەدان لە خانەنشینکردنی
## فەرمانبەری عەزلکراو یان فەسڵکراو یان کۆتایی هێنراو بە راژە

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/ پێنجەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ عەزلکردنی فەرمانبەر یاخود فەسڵکردنی یان وازهێنانی لە وەزیفە لەبەر هۆکاری ناچاری جگە لە حاڵەتی دەستلەکارکێشانەوە بێ رەزامەندی دائیرە نابنە رێگر لە شایستەبوونی بەمافەکانی خانەنشینی، بێگومان ئەمەش بە رەچاوکردنی مەرجە گشتییەکانی خانەنشینبوون کە بریتییە لە هەبوونی (١٥) ساڵ خزمەتی خانەنشینی و تەواوکردنی تەمەنی (٤٥) ساڵی . لێرەدا و بەمەبەستی وەستانەوە لەسەر مەرجەعی تانەلێدان لە بەپایان گەیاندنی مامەڵەی خانەنشینی ئەم جۆرە کەسانە. لەسەر دوو تەوەرەی سەرەکی روونکردنەوە دەدەین :

**یەکەم: مەرجەعی تانەدان لە بەرێکردنی مامەڵەی خانەنشینی**

بە داخەوە هەندێکجار ئەوە بەدیکراوە ئەو کەسەی داواکاری خانەنشینبوونەکە پێشکەش دەکات (لەوانەی فەسڵکراون یان عەزلکراون یان کۆتایی هێنراوە بە راژەکەیان بەهۆی دابڕانیان لە وەزیفە لەبەر هۆکاری ناچاری) بەو فەرمانگەیەی کە تیایدا پێشتر وەزیفەی بینیوە و فەرمانبەر بووە، کەچی فەرمانگەکەی یان وەزارەتەکەی خۆیان دەگرنەوە (امتناع) لە بەرێکردنی داواکاری و مامەڵەی خانەنشینی کەسەکە بێ هیچ پاساوێکی یاسایی لە کاتێکدا ئەمان هیچ بریارێک لەم بارەیەوە دەرناکەن و تەنها داواکاری و بەراییەکان ئاراستەی وەزارەتی دارایی دەکەن، لەم کاتەدا ، دەبێت ئەو کەسەی کە فەرمانگە یان وەزارەتەکەی خۆی دەگریتەوە لەبەرێکردنی داواکاریەکەی ، لەرێگەی دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێمەوە تانە (طعن) لە خۆگرتنەوەی ئەو فەرمانگەیە یان وەزارەتە بدات و هەڵیوەشێنێتەوە و بەبریاری دەستەکە ناوبراو پابەند بکرێن بە بەرێکردنی مامەڵەکەی ، لێرەدا

**ناوەرۆکی بابەتی تانەلێدانەکە بریتییە لە بەرێنەکردنی مامەڵەکە نەک بابەتی شایستبوون و شایستە نەبوونی کەسەکە بە مافەکانی خانەنشینی. کە دادگای باڵای کارگێڕیی تایبەتمەندی تانەدان لە بەرێنەکردنی ئەم جۆرە مامەڵەی داوە بە دادگای قەزای فەرمانبەران (محكمة قضاء الموظفين).هەروەک لەلایەن خۆیەوە دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە بڕیاری ژمارە (١٤٨/بەرزەفتکاریی/ پێداچوونەوە /٢٠٠٨ لە ٢٠٠٨/٧/١٧) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ڕێکخستنی مامەڵەی خانەنشینی فەرمانبەر لە ئەرکەکانی سەرشانی دائیرەکەیەتی و هیچ پەیوەندییەکی نییە بەوەی کە ئایا شایستە خانەنشینی و مووچەی خانەنشینی دەبێت یان نا. چونکە ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی و ئاستی شایستەبوونی فەرمانبەر بەم بابەتەوە. لەچوارچێوەی تایبەتمەندێتی دەستەی گشتی خانەنشینیە[٦٧] .**

**دووەم: مەرجەعی تانەدان لە شایستەبوون بە مافەکانی خانەنشینی**

**لایەنی تایبەتمەند لە بریاردان بەوەی کەسەکە شایستەی مافەکانی خانەنشینی دەبێت یان نا. ئەوا بریتییە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی هەرێم. ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بە گوێرەی نوسراوی ژمارە (١٩٩٧٣ لە ٢٠١١/١٠/١٨) [٦٨]ی وەزارەتی دارایی وئابووری. لەڕێگەی وەزیری داراییەوە داواکارییەکانی شایستەبوون بەمافەکانی خانەنشینی ئەم جۆرە کەسانەی ئاراستە دەکرێت و. دواتر ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لەلایەن خۆی پاش وردبینیکردن تەواوی بەڵگەنامەکان. بریاردەدات بە خانەنشینی و دواتر ئاراستەی وەزارەتی تایبەتمەندی دەکات بۆ**

---

[٦٧] " **ان تنظيم المعاملة التقاعدية للموظف هي من مهام دائرته ولاعلاقة لها بمدى الاستحقاق واحتساب الراتب التقاعدي لكون احتساب الراتب التقاعدي ومدى استحقاق الموظف له من اختصاص هيئة التقاعد الوطنية"** . قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠٠٨، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠٠٩، ص ٤٥٠.

[٦٨] بۆ زانیاری زیاتر دەربارە ئەو نوسراوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەو سەرنجانەی لەبارەیەوە خستومانەتەروو، خوێنەری بەرێز دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دانراومان (دەربارەی وەزیفەی گشتی /کتێبی سێیەم لاپەرەی (٥٥-٥٧) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی ، ٢٠١٩ ).

دەرکردنی فەرمانبەری خانەنشینبوون یاخود لە بنەرەتەوە داوکارییەکە رەتدەکات بەوەی کەسەکە شایستەی مافەکانی خانەنشینی نابێت ، ئەم بریارەی دوایی ، واتە بریاری رەتکردنەوەی شایستەبوون بە مافەکانی خانەنشینی بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢٠) لە یاسای خانەشنینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە تایبەتمەندی لیژنەی وردبینی کێشەکانی خانەنشینانە و ئەم لیژنەیە تێی دەروانێت بریاری لە مەشروعیەتەکەی دەدات کە پێویستە کەسەکە لە ماوەی (٩٠) رۆژدا لە رۆژی پێراگەیاندن بە بریاری بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی هەرێم بە رەتکردنەوەی داواکارییەکەی یان زانینی بریارەکە لەبەردەم لیژنەی ناوبراو پەڵپ بگرێت، ودواتریش بریاری ئەم لیژنەیەش شیاوی پێداچوونەوە (تمییز) لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ماوەی (٦٠) رۆژدا لە رۆژی پێراگەیاندنی بە بریاری لیژنەکە.

بەم جۆرەش بۆمان دەردەکەوێت کە مەرجەعی تانەدان لە راییکردنی مامەڵەکە لەلایەن وەزارەت و فەرمانگەی تایبەتمەندەوە لە تایبەتمەندییەکانی دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێم و لەبەردەم ئەو دەستەیە تانە لێ دەکرێت لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە رۆژی پێراگەیاندن بە بریاری رەتکردنەوەکە گەرهاتوو لە ناو عێراق بوو هەروەها (٦٠) رۆژ گەرهاتوو لە دەرەوەی عێراق بوو بە گوێرەی ماددەی (پەنجاو نۆیەم/٣) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو، کە دواتر بریاری دەرچوو لەم دەستەیەش شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێمە بە گوێرەی ماددەی (بیستەم /دووەم) لە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و بەم جۆرەش تانەلێدانەکە لە چوارچێوەی تایبەتمەندێتی قەزای کارگێرپی هەرێمدایە (القضاء الاداری).

بەلام بابەتی بریاری دەرچوو لە بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی هەرێم بە شایستەبوون یان شایستەنەبوونی کەسەکە ئەوا لەبەردەم لیژنەی وردبینی کێشەکانی خانەنشینان تانە لێ دەدرێت و دواتر لەبەردەم دادگای پێداچوونەوە

تانه پێداچوونەوەی لێ دەدرێت بەو شێوەیەی باسکرا، واتە لەم بابەتەیاندا تایبەتمەندی بۆ قەزایی ئاساییە( القضاء العادی) وەک پێشتر روونمان کردەوە .

## (٥٠)

# سووككردنی سزای فەرمانبەر

بەپێی ئەحكامی ماددەی (١٥/یەكەم) لە یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەمواركراو، دەستەی بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی هەرێم دەسەڵاتی پەسەندكردن و هەڵوەشاندنەوە و سووككردنی بڕیاری سزادانی فەرمانبەری هەیە، بەم پێیەش یاسادانەر شانبەشانی دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سزادانەكە لە چوارچێوەی تایبەتمەندی بنەڕەتی داوای هەڵوەشاندنەوەی (دعوى الالغاء)، ئەوا بەدەر لەم تایبەتمەندییە بنەڕەتییە، دەستەكە دەسەڵاتی سووككردنی(تخفیض) ئەو سزایەی هەیە كەسەپێنراوە بەسەر فەرمانبەرەكەدا گەرهاتوو بۆی دەردەكەوێت كە سزاكە گونجاو نییە لەگەل قورسایی ئەو سەرپێچیەی كە فەرمانبەرەكە ئەنجامی داوە . بەو مانایەی دەستەی بەرزەفتەكردنی جگە لە چاودێریكردنی مەشروعیەت (رقابة المشروعیة) دەسەلاتی چاودێری كردنی پێكەوە گونجاوێتی (رقابة الملائمة)ی نێوان سەرپێچییەكە و جۆری سزاكەی هەیە بەو شێوەیەی كە سەرپێچیەكە و سزاكە پێكەوە گونجاوبن .

بێگومان هۆكاری پێدانی ئەم دەسەڵاتەش بە دەستەی بەرزەفتەكردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە بە دەقی یاسا و بەشێوەی دەستنیشانكراو (حصر) سەرپێچییەكانی تایبەت بە فەرمانبەرانی گشتی دەستنیشان نەكراوە وەك ئەوەی كە سزاكان بە دەق دەستنیشانكراون، بەو مانایەی كە سەرپێچییەكان ملكەچی بنەمای یاسایی (لاجریمة الا بنص) نین وەك ئەوەی سزا بەرزەفتكارییەكان ملكەچی بنەمای یاسایی (لا عقوبة الا بنص) ن، بەم جۆرەش، شێوەیەك لە دەسەڵاتی مەزندەكردن بۆ دەسەلاتە كارگێڕییەكە دروست دەبێت بۆ هەڵسەنگاندن و مەزندەكردنی ئەو سزایەی كە بریارە بیسەپێنێ بەسەر فەرمانبەرە سەرپێچیكارەكەدا بە هۆی ئەو سەرپێچییەی ئەنجامی داوە. بۆ ئەوەیشی كە رێگەبگیریت لە تەعەسوفكردنی دەسەلاتی كارگێریی تایبەتمەند لە

دیاریکردنی سزایەکی قورس کە گونجاو نەبێت لەگەڵ ئەو سەرپێچییەی فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە. یاسادانەر دەسەلاتی چاودێری کردنی ئەم بابەتەی داوە بە دەستەی بەرزەفتەکردن بۆ ئەوەی گەرهاتوو بۆی دەرکەوت ئەو سزایەی سەپێنراوە بەسەر فەرمانبەرەکەدا زۆر قورستترە لەو سەرپێچیەی ئەنجامی داوە. ئەوا دەتوانێت بڕیار بدات بە سووککردنی سزاکە بۆ ئەو ئاستەی دەستەکە بە گونجاوی دەزانێ.

لەکاتی پیادەکردنی ئەم دەسەڵاتەش لەلایەن دەستەی بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی هەرێمەوە. بێگومان لەسەرەتادا دەستەکە لەروانگەی چاودێریکردنی مەشروعیەتی بڕیاری سزادانەکەوە. دەکۆڵێتەوە لە بابەتی داواکە و گەر بۆی دەرکەوت بڕیاری سزادانەکە لە هەموو رووەکانیەوە دروستە و بەپێی یاسا ئەنجام دراوە. ئەوا لەم کاتەدا. هەنگاو دەنێت بۆ پیادەکردنی چاودێری کردنی پێکەوە گونجاوێتی نێوان سزاکە و سەرپێچییەکە و بڕیاری لە بارەوە دەدات. چونکە دروست نییە کە بڕیاری سزادانەکە لەرووی مەشروعیەتەوە لەکەدار بێت. بەلام دەستە بڕیاری سزادانەکە سووک بکات. بەو مانایەی کە دەبێت بڕیارەکە لەرووی مەشروعیەتەوە تەواو دروست بێت . ئەو کات پەنا دەبرێت بۆ چاودێریکردنی پێکەوە گونجاوێتیەکە. چونکە گەرهاتوو لەرووی مەشروعیەتەوە لەکەدار بوو ئەوا دەبێت بە هۆی هەبوونی لەکەی مەشروعیەتەکە بریاری سزادانەکە هەڵوەشێتەوە . نەک چاوپۆشیی لەم لەکەیە بکرێت و بڕیاربدرێت بەسووککردنی سزاکە.کە بێگومان لەم کاتەدا هەڵوەشاندنەوەی سزاکە لەبەرژەوەندی فەرمانبەرەکەیە وەک لە سووککردنی سزاکە .

## سەرچاوەكان

### يەكەم: كتێبە ياساييەكان


١ـ المحامي ابوبكر برهان حمة ، احكام الكفالة في القانون العراقي، ط١، منشورات مكتبة يادگار، السليمانية، ٢٠١٩.

٢ـ حيدر داود حمدالله الحسيني، شرح قانون بيع و ايجار أموال الدولة رقم (٢١) لسنة ٢٠١٣ المعدل، الطبعة الثانية، مكتبة القانون المقارن، بغداد، ٢٠١٩.

٣ـ القاضي الدكتور عثمان ياسين علي ، الدور الإستشاري لمجلس شورى اقليم كوردستان – العراق، ط١،مطبعة شهاب، منشورات دار موكريانى للطباعة والنشر، اربيل ٢٠١٨ .

٤ـ الدكتور عثمان سلمان غيلان العبودي، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١، ط١، بغداد،٢٠١٠.

٥ـ الدكتورعصمت عبدالمجيد بكر، شرح أحكام قانون التنفيذ، مكتبة السنهوري، بغداد، ٢٠١٩ .

٦- د. عبدالرسول الجصاني، فتاوى مجلس شورى الدولة ١٩٨٠ – ١٩٨٤، منشورات مركز البحوث القانونية، بغداد، ١٩٨٧ .

٧ـ الدكتور غازى فيصل مهدي، فتاوى و قرارات مجلس شورى اقليم كوردستان في الميزان، ط١، مكتبة القضاء والقانون، بغداد، ٢٠١٩ .

٨ـ الدكتور غازي فيصل مهدي، تعليقات على أحكام القضاء الاداري في العراق، ط١، مكتبة القانون والقضاء، بغداد، ٢٠١٣ .

٩- الدكتور غازي فيصل مهدي، شرح أحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١، منشورات صباح صادق جعفر الأنباري، بغداد،,٢٠٠٦

١٠- القاضي قاسم فخري الربيعي، مبادئ محكمة التمييز الإتحادية القسم المدني، ط١، مطبعة الكتاب، منشورات المكتبة القانونية ، بغداد، ٢٠٢١ .

١١ـ الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمى، أحكام الميراث والوصية، بدون اسم المطبعة و سنة الطبع.

١٢ـ هاتف كاظم جاسم الموسوي، حدود السلطة التقديرية للإدارة في المزايدات العامة، ط١، منشورات الحلبي، لبنان،٢٠٠٩.

١٣- الكتاب السنوي التاسع ٢٠١٩، وزارة المالية العراقية، ط١، بغداد، ٢٠٢٠.

**دووەم: پەرتوکە کوردیەکان**

١ـ دادوەر جەمال سەدرەدین، شرۆڤەی یاسای جێبەجێکردن ژمارە٤٥ ی ساڵی ١٩٨٠، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ(DHRD)، سلێمانی، ٢٠١٣ .

٢ـ شرۆڤەی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٩ ، دادنوس عەدنان مەلا سالح ، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی چاپی یەکەم، ٢٠٢١.

٣ـ عەبدولقادر ساڵح عەبدول، خانەنشینی و حوکمە گشتییەکانی خانەنشینبوون چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی ، ٢٠٢٠.

٤ـ عەبدولقادر ساڵح عەبدول، شرۆڤەی یاسای لەئەستۆکردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی یادگار، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠٢١.

٥- عەبدولقادر ساڵح عەبدول، شرۆڤەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ژمارە(٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧، چاپی یەکەم، چاپخانەی یادگار، لەبلاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار ، سلێمانی ، ٢٠١٩ .

**سێیەم: فەتوا و بڕیارە دادوەرییەکان:**

١- قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠٠٨، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠٠٩ .
٢- قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٠، ط١، مطبعه الوقف الحديثة، بغداد، ٢٠١١ .

٣- قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد ، ٢٠١٤ .
٤- قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٥، ط١، منشورات مجلس الدولة، ٢٠١٦ .
٥- قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٦، ط١، مطبعة العمال المركزية، منشورات مجلس الدولة، ٢٠١٧ .
٦- قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٨ .
٧- قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٨، ط١، مطبعة الوقف الحديثة، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٩ .
٨- قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٩، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠٢١ .
٩- المبادئ القانونية في قرارات و فتاوى مجلس شورى اقليم كوردستان – العراق لعام ٢٠١١، ط١، مطبعة الحاج هاشم، أربيل، ٢٠١٢ .
١٠- المبادئ القانونية في قرارات و فتاوى مجلس شورى اقليم كوردستان لعام ٢٠١٢، ط١، مطبعة حاج هاشم ، أربيل، ٢٠١٣.

## بەرهەمەکانی نووسەر لە بواری وەزیفەی گشتی دا

١- شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو

٢- شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو

٣- شرۆڤەی یاسای لەئەستۆکردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠,

٤- شرۆڤەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ .

٥- خانەنشینی و حوکمەگشتییەکانی خانەنشینبوون.

٦- شرۆڤەی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١.

٧- لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی

٨- یاسا گرنگەکانی وەزیفەی گشتی

٩- بڕیاری کارگێریی

١٠- رێگاکانی کۆتایی هاتنی پەیوەندی فەرمانبەرێتی

١١- یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو و یاسا هاوپێوەندەکانی لە هەرێم و بژاردەیەك لە بنەما یاساییەکانی قەزای کارگێڕیی.

١٢- دەربارەی وەزیفەی گشتی (کتێبی یەکەم)

١٣- دەربارەی وەزیفەی گشتی (کتێبی دووەم)

١٤- دەربارەی وەزیفەی گشتی (کتێبی سێهەم)

١٥- دەربارەی وەزیفەی گشتی (کتێبی چوارەم)

١٦- دەربارەی وەزیفەی گشتی (کتێبی پێنجەم)
١٧ـ دەقی بنەما یاساییەکان لەبڕیارە دادوەرییەکان و فەتواکانی ئەنجومەنی دەولەتی عێراقی و ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان (٢٠٠٤-٢٠١٨)
١٨- رێبەری فەرمانبەران بۆ تۆمارکردنی داوا کارگێڕییەکان
١٩- هاوڕێی فەرمانبەرانی یاسایی

**دووەم: دانراوە یاساییەکان بە زمانی عەرەبی**

٢٠- دعوى الإلغاء أمام هيئة انضباط موظفي الإقليم (قضاء الموظفين).
٢١- مختارات من المبادىء القانونية في قرارات محكمة الإدارية العليا و فتاوى مجلس شورى الدولة لسنوات ٢٠١٣، ٢٠١٤ ، ٢٠١٥. (جمع واعداد)
٢٢- القرارات الإدارية الضمنية و اهم تطبيقاتها في مجال الوظيفة العامة.
٢٣ـ القرارات الادارية السلبية في مجال الوظيفة العامة.
٢٤ـ القرارات الإدارية المعدومة
٢٥ـ قضايا المتقاعدين في ضوء القرارات الصادرة من محكمة تمييز اقليم كوردستان

**سێیەم: وەرگێڕدراوەکان**

٢٦- بنەما گشتییەکانی لە یاسای کارگێڕیی دا (کتێبی یەکەم)
٢٧- بنەما گشتییەکان لە یاسای کارگێڕیی دا (کتێبی دووەم)
٢٨- قەزای کارگێڕیی.